# پیرەدار

## تایبەتنامەیەك بۆ ڕێزلێنان لە قەڵەم و پێگەی شاعێری گەل، جەلال مەلەکشا

کۆمەڵێک نووسەر

پرۆژە و بڵاوکراوەی:
ناوەندی چوارباخ

# پیرەدار


بابەت: تایبەتنامەیەک بۆ ڕێزلێنان لە قەڵەم و پێگەی شاعێری گەل، جەلال مەلەکشا
نووسین و ئامادەکردن: کۆمەڵێک نووسەر
دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئومێد محەمەد
نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم: ٢٠٢٠
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
چاپ: چوارچرا

دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات دەتوانن تەنها بە
ئاماژەپێدان بە ناو ناوەندی چوارباخ چاپی بکەنەوە

# پیرەدار

## تایبەتنامەیەك بۆ ڕێزلێنان لە قەڵەم و پێگەی شاعێری گەل، جەلال مەلەکشا

کۆمەڵێک نووسەر



« تاقەوەسانی دڵ »

شیرینەکەم!

من فەرهاد نیم

نەخشت لە سەر بەرد هەڵکەنم.

شەتڵی عەشقی تۆم لە دەروونما چاندووە

وەرە جارێ،

سەرت بنە بە سینگمەوە

ترپەکانی دڵم هەموو

هەر ناوی تۆن

بە جێگەی بەرد

تۆم لە تاقەوەسانی دڵما نەخشاندووە!

٢٠/٥/٢٠٠٠

**شێعرێکی مامۆستا جەلال مەلەکشا،**
**بە دەستخەتی خۆی**

# پێڕست


پێشەکیی ناوەندی چوارباخ..................................................................................٧

پێشەکیی نووسەران.........................................................دکتۆر حوسێن خەلیقی.........٩

ژیاننامەی جەلال مەلەکشا........................................دیاکۆ ڕەحمانی...................١٣

مەلەکشا لە نێوان شێعر و سیاسەتدا (دیمانە)...............مادح ئەحمەدی...................٢٣

مەڵۆی شێعر.................................................................بێهروز کوردئەحمەدی.........٥٥

یادکردنەوەی شاعیری دارەپیرە.......................................ڕەحیم لوقمانی...................٦٣

ناسیۆنالیزمی ئەدەبی لە شێعری جەلال مەلەکشا.........بێهزاد خۆشحاڵی................٧٥

جەلال مەلەکشا؛ دوو جیهان و دوو زمان......................یوونس ڕەزایی...................٧٩

قەڵەمبازێک لە سیاهکەلەوە بۆ قەندیل!..........................کەماڵ حەسۆ.......................٩٥

جەلال، مێژووی ڕاستەقینەی کوردستان........................ئازاد ڕۆستەمی..................١٠٧

ڕانانێک لە شێعر و ئەندێشەی.........................................شەریف فەلاح...................١١٣

خودوێناکردن لە "مەسیح" دا.........................................جەبار عوسمان.................١٣٩

زامی قەڵەمی مەلەکشا بەدوای چارەنووسدا.................عومەر ئیمام....................١٥٧

خۆشەویستیی نیشتمان لە شیعری...................................ئاکۆ ئەلیاسی...................١٦٥

پێگەی ئەدەبی، سیاسی و کۆمەڵایەتیی...........................جەماڵ نەجاری.................١٩١

شاعێرێک کە قەت دوژمن نەیتوانی.................................جەماڵ فەتحی (کۆچەر)....١٩٩

جەلالی مەلەکشا، شاعیرێکی چەوساوەی نەحەساوە.....جەواد حەیدەری..............٢٠٥


مامۆستا جەلال مەلەکشا و باوەڕەکانی..........................هیوا ئەحمەدی.................٢١٣

مەلەکشا، باڵوێزی شێعری نەتەوەیی و.........................ئەڤیندار کوردستان..........٢٢٣

بۆجەلال مەلەکشا.........................................................جەلال هانیسی...................٢٣١

کاوە ڕابە!......................................................................ئاکۆ ئەلیاسی...................٢٣٥

داستانی دارە پیرە.......................................................... جەلال مەلەکشا...............٢٣٩



جەلال مەلەکشا: من دڵداری کوردستانم

## پێشەکیی ناوەندی چوارباخ

کۆچی دوایی جەلال مەلەکشا، شاعیری نیشتمانپەروەری کورد، ئەو ئەرکەی لەسەرشانی ناوەندەکەمان دروست کرد کە هەوڵ بدەین ڕێزێکی تایبەت لە ماندووبوون و پێگەی ئەو کەسایەتییە ئەدەبییەی نەتەوەکەمان بگرین. ناوەندی چوارباخ، وەکوو ناوەندێک کە بەرنامەی کاری خۆی لەسەر بنەما نەتەوەییەکان بنیات ناوە، لە یەکەمین ڕۆژەکانی کۆچی دوایی مامۆستا «جەلال مەلەکشا»وە بەرنامەی ئەوەی دانا بۆ چلەمین ڕۆژی کۆچی دوایی ئەو شاعیرە مەزنە بتوانێت کتێبێک لە چاپ بدات. بەو بۆنەوە دەستەیەکی بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئەرکە دەستنیشان کرد و دەستەکەش نامەی بۆ ژمارەیەک لە نووسەران و ئەدیبانی کوردستان نارد و تێیدا داوای کرد لە ماوەیەکی دیاریکراودا بەرهەمەکانیان بەمەبەستی کۆکردنەوە لە دووتوێی کتێبێک ڕەوانە بکەن.

بە خۆشییەوە لە ماوەیەکی زۆر کەمدا بەشێکی بەرچاو لەو نووسەر و ئەدیبانەی کە نامەیان بۆ نێردرابوو، وەڵامی ئەرێنییان دایەوە و توانرا ئەم کتێبە کە ئێستا لەبەردەستی ئێوە بەڕێز دایە، بێتە بەرهەم و وەک ڕێزێک لە مامۆستا جەلال مەلەکشا لە چلەی کۆچی دواییدا بخرێتە بەردیدەی خوێنەران.

هاوکات سپاسی کاک "محەمەد فەرهادزادە" دەکەین کە بۆ ڕازاندنەوەی بەرگ و بە نووسینی شیعرێکی مامۆستا جەلال بە ختی نەستەعلیق یارمەتیدەرمان بوو و بە دەنگ داواکارییەکەمانەوە هات، هیوادارین نموونەی زۆر بێت.

لێرەدا پێویستە وەکوو ناوەندی چوارباخ، سپاسی هەموو نووسەر و ئەدیبانە بکەین کە بە نووسینی وتار و بابەت لە بە ئەنجامگەیشتنی ئەم بەرهەمەدا یارمەتیدەرمان بوون. سپاسی بەڕێز کاک «کاروان مێراوی» دەکەین کە ئەرکی هەڵەبڕی و یەکدەستکردنی ڕێنووسی وتارەکانی لە ئەستۆ گرت.

پێویستە سوپاسێکی تایبەتی بەڕێز «شەریف فەلاح»یش بکەین کە بۆ جاری دووەم هەڵەبڕی وتارەکان و ڕێکخستنی بابەت و ڕاستکردنەوەی هەندێ زانیاری لە ئەستۆ گرت. لێرەش هیوادارین ئەمکارە ببێتە نەریتێک بۆ ئەوەی بتوانین لەمەودوا ڕێز لە کەسایەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردی بگرین.

ناوەندی چوارباخ – پاییزی ٢٧٢٠ی کوردی

## پێشەکیی نووسەران

جەلال کێ بوو؟ لە کام تۆرەمە و لە کام خاکدا چرۆی ژیانی پشکووت؟ ئەو لە کوردستانی ژێردەستی ستەم، لە وڵاتێکی دەسکرد بە ناوی ئێران، لە (مەڵووشان) و گوندێکی بچووکی چەمشارە دێرینەکەی هەڵۆخان، لەدایک بوو، چاوی کردەوە، ژیانی ئاوێتەی ژیانی چەوساوەکان بوو، دەورەی دەرەبەگایەتی و بە سوخرەگرتن، دەورەی چەوساوە و چەوسێنەر، ئەو بەبێ هەڵبژاردنی خۆی لە ڕەگەزی کورد بوو، کە هەناردیانە بەر خوێندن، تێگەیشت کە نابێت بە زمانی خۆی بخوێنێت، لەبەرئەوەی منداڵێکی هۆشیار بوو، هەستی بە زۆرملێ کرد، بەڵام چاری نەبوو و سواری کوتری خەیاڵ بوو، هەڵوەدای دۆزینەوەی ڕێگەچارەی جیاوازییە زەقە کۆمەڵایەتی و ئابووری و فەرهەنگییەکان بوو، چنگی لە مانیفێستی کۆمۆنیزم گیری کرد و بەرنامەی یەکسانیی مرۆڤی لەباوەش گرت.

بەڵام ئەم بارنامەیە تاکوو کردەوە و ئەویش لە وڵاتێکی نادیمۆکراتیک و بە کردار و کردەوە ستەمگەریدا مەودایەکی زۆری هەیە و لەمپەرەکان بۆ گەیشتن بە سەربەستی و سڕینەوەی بەربەستەکان زۆرن و بوونی بیرێکی لەو چەشنە، ئەویش لە ئێران و لەسەردەمی ستەمکاریی شای پەهلەویدا لەلای دەسەڵاتداران پاوان و تاوانێکی گەورە بوو، هەر بۆیە جەلال مەلەکشا لەو پێوەندییەدا تووشی چەرمەسەریی زۆر بوو.

بە سەرکەوتنی شۆڕشی خەڵکی ئێران، ترووسکەی هیوا لەلای جەلال بیرەکان گەشایەوە، بێ ئاگا لەوەی کە لەو ڕووداوەدا تەنیا جێگۆڕکێی دەسەڵات بوو، نەک چاکسازی لە بواری جۆراوجۆردا، هەربۆیە لەم قۆناخەشدا ئەم سەوداسەرەی ئازادی کەوتەوە گێژاوی گرتن و چەرمەسەرییەکی زۆر، دوای ڕزگاربوونی بەو هیوایە کە بتوانێت لەلای هاوبیرەکانی تری بگرسێتەوە، بەرەو بەشێکیتر لە نیشتمان ڕێگای گرتە بەر و لەوێش نەیتوانی و بۆی نەچەلی کە خۆی ڕابگرێت، گەڕایەوە و ئەمجاریش کەوتەوە گێژاوی مەرگ!

ئەو مایەوە لەگەڵ پێنووسەکەی سواری ئەسپی خەیاڵی سەربەستی و ئەویندارییی نیشتمان بوو، ڕووی لە چیای هەڵەمووتی لێک گرێدانی سنوورە دەستکردەکان کرد و ئارەزووی دەکرد کە ڕۆژێک دابێت لە سنەوە بانگ بکەن سنە ـ سلێمانی و بەمجۆرە جاڕی دا کوردستان یەک وڵاتە و ئەو ئەویندارى ڕێبوارانی ئەو ڕێگایەیە، هەر بۆیە بۆ شەهیدبوونیان شینی گێرا.

جەلالی نەمر، بە دەربڕینی هەستی پاڕاوی خۆی و دانان و

چنینی وشـەی جـوان، لاوەکانی فێر کرد چلۆن تێ بکۆشن بۆ ڕزگاری و ئازادی و سەربەستی و پچڕینی زەنجیری کۆیلەتی، ئەو پەیامی ئەوەی پێ بوو کە بۆ تێکخستەوەی سنووری ستەمکرد، لاوان دەبێت بست بە بستی چیای هەڵەمووتی زۆرداری بپێون تاکوو دایکی نیشتمان لە یەخسیری ڕزگار بکەن.

ئەو وتی چل ساڵە تەرمی خۆم لە سەرشانمە بۆ ئەوەی بستە خاکێک شک ببەم و بدۆزمەوە و تێیدا بیسرەوێنم، بەم ئاماژە وتی، تاکوو نیشتمان پێپەستی داگیرکەرانە، من و تۆ خاوەنی گەزێک خاکی خۆمان نین تاکوو تەرمی خۆمانی تێدا بنێژین.

بە مردنی ئەم ئەویندارەی نیشتمان و ڕێکردنی بۆ هێلانەی هەتاهەتایی و بە ئامادەبوونی ئاپووڕای ئەویندارانی ئازادی لە سنەی هەڵۆخان و مەستوورەی شاعێر، دەرکەوت کە جەلالی نەمر چەندە لەلای ئەو خەڵکە بەنرخە، دیتنی دیمەنی بەخاکسپاردنی جەلال مەلەکشا و خوێندنی سروودی نەتەوایەتی و تەڵقین بە زمانی شیرینی کوردی، وای لە من کرد کە ئارەزوو بکەم منیش وەکوو ئەو لە باوەشی گەرمی ئەمەگناسیی ئەو خەڵکە بەڕێزەدا بەرەو گوڕستان بەڕێ بکرێم.

سپاس بۆ خەڵکی سنە و ناوچەکانی دەوروبەری سنە و یادی جەلال و گشت شەهیدانی ڕێگای ئازادی بەخێر.

حسێن خەلیقی

سوید ٦/١١/٢٠٢٠

# ژیاننامەی جەلال مەلەکشا

دیاکۆ ڕەحمانی

جەلال مەلەکشا، شاعیر، چیرۆکنووس و وەرگێڕی بەتوانا ساڵی ١٣٣٠ی هەتاوی بەرانبەر بە ١٩٥١ی زایینی، لە گوندی مەڵووشان (مەڵەکشان)ی سەر بە شاری سنە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بنەماڵەیەکی جووتیار لەدایک بووە و باوکی خوێندەواری نەبووە، بەڵام مامی مامۆستا جەلال تا ڕادەیەک خوێندەواریی هەبووە و شارەزای ئەدەبیات و شێعری شاعیرانی کورد و فارس بووە، بۆیە مامۆستا جەلال هەر لە تەمەنی منداڵییەوە لە خزمەتی مامی لەگەڵ شێعر و ئەدەب ئاشنا بووە، خولیا و حەزی شێعر وای لێ دەکات کە وەکوو خۆی دەڵێت لە خزمەتی مامیدا فێری شێعر و ئەدەبی شاعیرانی کورد وەکوو مەولەویی کورد، نالی، هەروەها شاعیرانی فارس وەکوو حافز، سەعدی و مەولانا بووە .

مامۆستا جەلال تا پۆلی سێی سەرەتایی لە گوندی مەڵووشا خوێندوویە و دواتر لەگەڵ بنەماڵەکەی هاتوونەتە شاری سنە، پاش ئەوەی کە هاتوونەتە سنە هەر لەو تەمەنە کەمەدا تێکەڵی کۆڕە ئەدەبییەکانی شاری سنە بووە و چالاکیی لەو کۆڕە ئەدەبییانە وای لێ کردووە کە لە تەمەنێکی کەمدا وەکوو منداڵێکی بەتوانا و بەهرەمەند بکەوێتە بەر سەرنج، بەڵام تینوویەتیی ئەو شاعیرە دانامرکێت و بەرەو ئامانج هەر دەڕوات، لە تەمەنی ١٦ساڵیدا ڕووی کردووەتە شاری شیراز و هەر ئەوکات بووەتە ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری شاری شیراز، زۆری نەخایاند لە زۆربەی گۆڤارەکانی سەرانسەری ئێراندا نووسینەکانی جەلال مەلەکشا بڵاو بوونەوە.

جەلال مەلەکشا لە ئێراندا لە بواری شێعر و ئەدەبی فارسییەوە ناوبانگێکی زۆر باشی هەبوو، هەر بۆیە بەردەوام کاری لەگەڵ ئەو گۆڤارە ١٧ ساڵ دەخایەنێت و دوای ئەوەی ناوبانگی شێعر و ئەدەبی مەلەکشا زۆربەی شارەکانی ئێرانی گرتە بەر، دواتر ئەحمەد شاملوو داوای لە مامۆستا جەلال کردووە کە لە گۆڤاری «دونیای سوخەن» (جیهانی پەیڤ) بە سەرنووسەریی شاعێری بەناوبانگی فارس واتە ئەحمەدی شاملوو و لە شاری تاران، درێژە بە هونەرە پڕبایەخەکەی بدات.

ئەحمەد شاملوو بە نووسینەکانی جەلال مەلەکشا زۆر خۆشحاڵ دەبوو، بە شیوەیەک ئەگەر لە گۆڤارەکەی جاروبار نووسینی جەلال مەلەکشا نەبوایە، لە پێشەکیی نووسەر ناوی دەهێنا و دەیگوت مەخابن ئەمجارە گۆڤارەکەمان لە نووسینەکانی جەلال مەلەکشا بێبەهرەیە، مەلەکشا لە بواری وەرگێڕاندا دەستێکی باڵای هەبووە، شێعر و بەرهەمەکانی شاعێرانی ناسراو و پایەداری وەک شێرکۆ بێکەس، عەبدوڵڵا پەشێو و لەتیف هەڵمەتی وەرگێڕاوە و بە کۆمەڵگەی ئەدەب و زمانی فارسیی ئاشنا کردووە. مەلەکشا لە یەکەم کەسەکان و ئەو پێشەنگانەیە کە شێعری کوردیی بە کۆمەڵگەی ئەدەبی فارسی ناساندووە و بەو شێوەیە خزمەتی بە شێعر و ئەدەبی کوردی کردووە، لەو کاتەدا لە کۆڕە ئەدەبییەکان هەڵسەنگاندنی هەبووە و ئەحمەد شاملوو لە کۆڕێکدا باسی هەڵسەنگاندنی جەلال مەلەکشای کردووە و بە شاعێرێکی گەورە و کاریگەری داناوە.

هەمان ئەو ساڵانە جەلال مەلەکشا بەبێ ئەوەی کتێبێکی چاپکراوی هەبێت، بووەتە ئەندامی دەستەی نووسەرانی ئێران.

مەلەکشا تاکوو ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی (١٩٧٩ی زایینی) واتە لە سەردەمی ڕاپەڕینی گەلانی ئیران هەر بە زمان فارسی نووسیویە و لە هەمان ساڵدا بڕیاری داوە قەڵەم و ئەندێشە و باوەڕی بۆ گەشەی زمان و ئەدەبی نەتەوە و خەڵکەکەی خۆی بخاتە گەڕ و بە شێوەی جیدی دەستی بە نووسینی شێعر و چیرۆکی کوردی و وتاری ئەدەبی و کاری ڕۆژنامەنووسی کرد .

مامۆستا «جەلال مەلەکشا» دوای کۆچی دوایی مامۆستا هێمن بۆ ١٤ساڵ لە ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردیی (سەلاحەدین ئەیووبی) لە ورمێ بەرپرسی بەشی ئەدەبیی و وەڵامدانەوەی نامەی خوێنەرانی گۆڤاری «سروە» بووە. بوونی جەلال مەلەکشا، هاوشانی ئەحمەد قازی، مارف ئاغایی، سوارە فتووحی و دەیان نووسەر و ئەدەبیی دیکە لە گۆڤاری سروە، بناغەی قۆناغێکی گرنگی ڕۆژنامەنووسیی ئەدەبییان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دانا کە سروە بووە ڕووگە و ڕۆچنەیەکی گرنگ و قوتابخانەیەکی فێربوونی زمانی کوردی و خزمەتێکی زۆری بە گەشەی زمان و ئەدەبی کوردی کرد. مەلەکشای شێعر و نیشتمان، کە هەموو ژیانی خۆی تەرخان کرد بۆ نووسین و بەگژداچوونەوەی چەوساندنەوە و ستەمی داگیرکەرانی کوردستان، دێڕ بە دێڕی شێعر و چیرۆکی لە خزمەت ئەدەب و سەروەریی نەتەوەکەی و پەیامی بەرزی ئازادیدایە.

ژیانی جەلال مەلەکشا کە ئاوێتەی ڕەنج و ئازار و مەینەتی بووە، هەر لە سەرەتای نووسینییەوە بەهۆی بیروباوەڕی تووشی

گرتن و زیندان و ئەشکەنجە بووە و بەشێکی زۆری نووسین و بەتایبەتی شێعرە بەرگرییە بەهێزەکانی زادەی کونجی زیندانن.

مەلەکشا لەو دەگمەن شاعێرانەیە کە بەڕاستی شاعێرانە و ژیا و وەک ڕاستگۆترین شاعێر، هیچکاتێک لەگەڵ خۆی و هەست و نەتەوەکەی درۆی نەکردووە و بە وشە و دەربڕین و شێعر و هەڵوێست، هەتا کۆتایی بە ڕێبازی کوردانە و سەربەخۆیی نووسین و قەڵەم وەفادار مایەوە و وەک خۆی ئەیژێ (من پەیمانەکەم نەشکاند)، سەری بۆ هیچ داگیرکەر ستەم و تەنانەت ئایدۆلۆژیایەک نەوی نەکرد. هەرچەند بە جەستە لاواز بوو و پشتی لە هەموو ماڵی دنیا کرد و تەنیا نووسی و سەلماندی کە (ئاسمان قەڵەمڕەوی باڵندەیە) و ئەو تەنیا دڵداری کوردستان بوو و هەتا سەر وەک خۆی مایەوە و سەربەرز و ڕووسوور ژیا. ئەو جەستە لاوازە لە بەرانبەر دەیان بۆسە و کەلەپچە و ئازار و ئەشکەنجەدا کۆڵی نەدا و هەر بۆ لووتکە هەڵفڕی و تەنیا ئاسۆی ژیانی ڕزگاریی وەتەن و نووسین لەپێناو دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و ئازادی و سەربەستیی مرۆڤی کورد بوو.

تەمەنی مەلەکشای ئاشقی وەتەن، هەر بە نووسین و گۆڤارەکان تێپەڕ نەکراوە، هەست و سۆزی کوردستان وای لێ کردبوو کە ئەو پیاوە قەڵەمی بۆ بەرخودانی گەلەکەی بەکار بهێنێت، ناڕەزایەتیی خۆی دژبە ئەوانەی مافی کورد و کوردستان پێشێل دەکەن دەردەبڕی، جەلال لە شێعری (خوێن و کوێستان و تفەنگ) دا وەڵامی ئەو کەسانە دەداتەوە کە لۆمەی شێعرە بەرگرییەکانی دەکەن و دەڵێت:

**«ئەی من چ بکەم؟**
**نەخشەی گەورەی وڵاتەکەم تفەنگێکە و**
**بتانەوێ و نەتانەوێ**
**لەناو هەموو نووسراوەکانمدا**
**دیارە.**
یاله دێڕێکی دیکەدا دەڵێت:

**«پێتان دەڵێم شاعیرانی وڵاتەکەم،**
**پێتان دەڵێم سەری شێعری بێ چەک دەبڕن،**
**شێعری بێ خوێن زەرد و بێ هێز و لاوازە،**
**شێعرێک چیای تێدا نەبێ زگی ئەدڕن،**
**پێتان دەڵێم بۆیە شێعرم خوێناوییە و زەردە ڕەنگم،**
**من شاعیری نیشتمانی خوێن و کوێستان و تفەنگم».**

هەر بۆیە پێش ڕاپەڕینی گەلانی ئێران چەندین جار کەلەبچە لە دەستی دراوە و ڕادەستی بەندیخانەکان کراوە، دوای ڕاپەڕینیش هەر بەو شێوە بووە و سەرجەم ساڵەکانی بەندیخانە کە بۆ چەند جارێ گیراوە، دەگەنە نزیکەی ١٥ ساڵ کە ماوەیەکی زۆرە، بۆ خۆی دەڵێت چی دیواری بەندیخانەی ئێران هەیە یادگاریی منی پێوەیە و زۆرێک لە شێعرە ئاگرین و پڕ لە سۆزەکانی لە سووچی بەندیخانە گوتراون، دوای ڕاپەڕین دەستی کردووە بە کوردی نووسین و بۆ خۆی گوتوویە من لە هاوشێوەی شێعرەکانی عەبدوڵلا پەشێو شێعر دەنووسم و بۆ یەکەمجار شێعری عەبدوڵلا پەشێوی بەدڵ دەبێت، هەر وەکوو دیارە لە ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتی

کوردستان جەلال مەلەکشا خامە و قەڵەمی زۆر بەرچاو و دیارە و بە یەکێک لە لووتکەکانی شێعر و ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵات دێتە ئەژمار، پسپۆڕان و ڕەخنەکارانی ئەدەبی کوردی پێیان وایە دوای هێمن و هەژار، جەلال مەلەکشا لە شێواز و ڕێچکەی خۆیدا لە بواری شێعردا بێوێنەیە.

مەلەکشا لە ژیانیدا هەوراز و نشێوی زۆری بینیوە و جیا لەوەی سەرجەمی شێعر و چیرۆکی ئاوێنەی باڵانوێنی دەرد و ڕەنجی کۆمەڵگەی کوردستانە، دەتوانین بێژین جەلال بە مانای وشە شاعێر و نووسەری دەروەست و نیشتمانپەروەری سەردەمی خۆیە و ئەو ئازار و مەینەتییانەی کەلە ژیانیدا چەشتوویە لە دێڕ بە دێڕی شێعر و نووسینیدا ڕەنگیان داوەتەوە. شێعری مەلەکشا شێعرێکی پتەو، قورس و قایم و تژییە لە پەیام و هاواری ڕاپەڕنین و وشیاریی کۆمەڵایەتی. شاعێرێکی خەڵکی و خاکەڕایە و یەکێک لە سادە و چڕنووسانە کە وشە و پەیڤی لەسەر خوێنەر کاریگەریی زۆر دادەنێت، هاوکات لەگەڵ سادە و ڕەواننووسین، لایەنی هونەری و ستاتیکا و جوانیناسیش لە شێعری مەلەکشادا بەرجەستەیە و توخمە نوێخوازییەکانیش لە شێعریدا ڕەنگ دەدەنەوە.

لە ساڵی ١٩٩٩ هەتا ساڵی ٢٠٠٢ لە باشووری کوردستان و لە هەولێر ژیاوە و لەوێش سەرنووسەری گۆڤاری ئەدەبیی «پرشنگ» بووە کە پێنج ژمارەی لێ چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

ڕۆحی یاخی و نەسرەوتووی جەلال لە ئاست ستەم لە هیچ شوێنێک ئوقرە ناگرێت و ناتوانێ دوور لە کۆمەڵگە و خەڵکەکەی

بژیت، بۆیە جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە ڕۆژهەڵات و هەروەک جاران قورس و قایم و سەربەرزانە درێژە بە نووسین دەدات، هەرچەند دیسان خەم و خەفەت و بەربەست و نادادپەروەرییە کۆمەڵایەتییەکان ڕوو لە ژیانی دەکەن، بەڵام ئەو هەمیسان هەر وەک جاران بەرەو لووتکە هەڵدەکشێت و ڕاستەوڕێی خەباتی خۆی دەپێوی و ملکەجی یاسا دەسکردەکان نابێت و هەر بە قەد چیای شێعردا هەڵدەزنێت و وشە دەست و پێ زنجیکراوەکان ڕزگار دەکات و ملوانکەی شێعر دەکاتە گەردنی پەری شێعری خەونەکانی.

لە ناوەڕاستی دەیەی ٨٠ی هەتاوی جارێکی دیکە روو لە ورمێ دەکاتەوە و لە ئەنستیتۆی ئەندێشەی ئەحمەدی خانی درێژە بە چالاکیی فەرهەنگی دەدات و دەبێتە ڕێنوێن و مامۆستای کچان و کوڕانی ئەدەبیی نیشتمان، بەڵام دوای داخرانی ئەنستیتۆی ئەحمەدی خانی لەلایەن دەسەڵاتی ئێران و پێشگیری لە گۆڤار و چالاکییەکانیان دیسان ڕوو دەکاتەوە شارەکانی بناری ئاویەر (سنە) مەکۆی ئەشق و ئازادی. لە دەیەی ٨٠ی هەتاوی یەکەم کتێبی کە گوڵبژێرێک لە شێعرە کوردییەکانی بوون بەناوی (زڕەی زنجیری وشە دیلەکان) چاپ و بڵاو کردەوە و دواتر ساڵی ١٣٩٠ی هەتاوی کۆمەڵە چیرۆکی (کارەسات)ی بڵاو کردەوە و ساڵی ١٩٩٤ی هەتاویش کۆی بەرهەم شێعرە کوردی و فارسییەکانی بەناوی زڕەی زنجیری وشە دیلەکان (کوردی) و آوازهای فصل اضطراب (فارسی) چاپ و بڵاو کردەوە و هەتا ئێستا دوو جار چاپ کراوەتەوە. جەلال مەلەکشا جیا لە شێعر و چیرۆکی کوردی

و فارسی، هاوکات لە بواری ڕۆژنامەنووسیی ئەدەبیشدا خاوەن گەلێک وتار و وەرگێڕان و لێکۆڵینەوەی ئەدەبییە و لەگەڵ گۆڤار و ڕۆژنامە فارسی و کوردییەکان دەیان دیمانە و وتووێژی پێک هێناوە کە هێشتا چاپ و بڵاو نەکراونەتەوە و بەشێک لە بیرەوەرییەکانی خۆشی نووسیوەتەوە.

**شێعری جەلال وەکوو ئەدەبیاتی بەرخودان دێتە ئەژمار**

شێعر و نووسینی مەلەکشا سەبارەت بە چەوساندنەوە، زۆڵم و ئەو نادادپەروەرییانەیە کە سەپێندراوە بەسەر خەڵکەکەی، بەندیخانە، سێدارە، شەهید، خوێن، شاخ، کوێستان، تفەنگ، زریکە، هاوار، کەلەبچە و گورگ، ئەمانە هەموویان قۆڵپەی شێعری مامۆستا «جەلال مەلەکشا»ن .

«زڕەی زنجیری وشە دیلەکان، کارەسات، و کۆ بەرهەمی شێعرەکانی و چەند شێحرێکی ەبرزی وەک «دارە پیرە، هەتا لووتکە چەندی ماوە و خۆشەویستی» بەناوبانگترین شێعری مامۆستا «جەلال» بوون کە دەنگدانەوەیەکی باشیان لەنێو خەڵکدا هەبووە، جەلال مەلەکشا، شێعری کردبوو بە سەنگەری نیشتمان و وشەی کردبوو بە چەک بۆ دژایەتیی دوژمنان و بە حەق نەتەوەکەی خۆشیان دەویست و بۆ مەرگی داخدارن.

شێعرەکانی ناوبراو بە زمانەکانی فارسی، عەرەبی، ئینگلیزی، لیبیایی و سوئیدی» وەرگێڕدراونەتەوە.

مەلەکشا یەکێک خۆشەویستترین شاعیرانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتە کە لەلای هەموو چین و توێژێک بەردەنگی هەبووە و شێعر و نووسینی لە دڵیان نیشتووە. ساڵی ١٣٩٣ی هەتاوی

(٢٠١٤ی زایینی) خەڵاتی (دار بەرووی زێرین)ی ناوەندی فەرهەنگی هونەریی ڤەژینی لە شاری «مەریوان» پێی بەخشراوە و ساڵانە لەلایەن کۆڕی ئەدیبانی شاری «سنە» بۆ ماندووبوون و خزمەتی زۆری ناوبراو بە ئەدەب و شیعری گەلەکەیم ڕێزی لێ دەگیردرا و لە چەندین شاری دیکە و لەلایەن چەند ڕێکخراوێکی فەرهەنگیی خوێندکارانی کوردیشەوە ڕێزی لێ گیرا.

سەرەنجام شاعێری ڕۆحی بریندارى نەتەوەی کورد، شاعێری زڕەی زنجیری وشە دیلەکان و شاعێری خوێن و کوێستان و تفەنگ، پاش ٦٩ ساڵ تەمەنی سەربەرزانە ئێوارەی ڕۆژی شەممە ١٩٩٩/٨/١٠ی هەتاوی (١٠/٣١/ ٢٠٢٠ی زایینی) لە تەمەنی ٦٩ ساڵیدا لە شاری سنە بەهۆی جەڵتەی دڵەوە کۆچی دوایی کرد و دڵە ئاشق و ساکارەکەی لە لێدان کەوت. تەرمەکەی ڕۆژی دواتر لەنێو ئاپۆڕای خەڵکی ئەمەگناسی سنە و دەوروبەری و بە گوتنەوەی سروودی ئەی ڕەقیب و سرودی نیشتمانیی (ئەی شاعێری تێکۆشەر / چقڵی چاوی داگیرکەر) بە جامانەی پێشمەرگە و کوردانە داپۆشراو و لەسەر شان و پیلی ئەویندارانی لە زێدەکەی خۆی مەڵووشان (مەلەکشان) بەشکۆی نیشتمانییەوە بە خاکی وەتەن سپێردرا.

# «جەلال مەلەکشا» لە نێوان شێعر و سیاسەتدا (دیمانە)

سازدانی: مادح ئەحمەدی

ئاماژە: جەلال مەلەکشا، شاعێر و نووسەری بەناوبانگ بۆ خوێنەری کورد و لایەنگرانی ئەدەب، ناوێکی ئاشنا و سیمایەکی ناسراوە. ناوبراو بۆ خۆی لە بواری فەرهەنگ و ئەدەبیاتی کوردیدا خاوەن ئەزموون، ڕۆڵ و مێژوویەکی تایبەتە. لە ماوەی تەمەنی خۆیدا ئەگەرچی سەرەڕای ئەوەی کە لەگەڵ سە دان کەندوکۆسپ بەرەڕوو بۆتەوە و هەزاران تاڵی و سوێری چەندین ساڵ زیندان و دەربەدەری و ئاوارەیی چێشتووە، بەڵام دیسان بە شانازییەوە کۆڵی نەدا و تا دوا ساتەکانی تەمەنی سەرقاڵی کار و خزمەت بە کولتوور و ئەدەبیاتی کوردی بوو. جەلال مەلەکشا یەکێک لەو شاعێرانە بوو کە لە سەردەمی خۆیدا بەوەئەستۆ گرتنی بەشی ئەدەبی گۆڤاری»سروە» و دەیان چالاکی‌تر توانی رچەشکێنی بکات و یەکێک بێت لە پێشەنگانی بزاڤی نوێی شێعر و ئەدەبی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. مەلەکشا ئەگەرچی خاوەن بەرهەم و کارێکی زۆرە، بەڵام تاکوو ئێستا لە کۆی بەرهەمە شێعری، چیرۆک و وەرگێڕانەکانی بە دوو زمانی فارسی و کوردی تەنیا دوو کتێبی بەناوەکانی «زرەی زەنجیری وشە دیلەکان» و «کارەسات» بڵاو کراونەتەوە. هاوکات دوو جاری دیکە کۆی بەرهەم شێعرە کوردی و فارسییەکانی لە ساڵانی ٩٤ و ٩٦ی هەتاوی پێکەوە و لە یەک بەرگدا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڵاو کراونەتەوە.

بۆ باس و دوان لەبارەی کەسایەتی، بەرهەم و کار و چالاکییەکانی جەلال مەلەکشا پێویستی بە دەرفەت و لێکۆڵینەوەیەکی تایبەت هەیە. ئەوەی لێرەدا خراوەتە ڕوو دیمانەیەکە لەگەڵ بەڕێزیان کە سەرەتای دەیەی ٩٠ی هەتاو بە ئەنجام گەیشتووە.

**مادح ئەحمەدی: کاک جەلال سەرەتا بۆ کردنەوەی باسەکە چ پێناسەیەکتان بۆ شێعر هەیە؟**

**جەلال مەلەکشا:** لە واقیعدا هەر شاعێرێک، یان هەر کەسێک تەریف و پێناسەیەکی تایبەتی بۆ شێعر هەیە. بەڕای منیش شێعر زمانی عەشقە، شێعر شۆڕشی هەستە لە کیشوەری خەیاڵدا, بەهەرحاڵ هەرگیز تا ئێستا پێناسەیەکی دروست و واقیعی لە شێعر نەکراوە. ئەوانەش کە گوتراوە و ئەڵێن هەر بەو جۆرەی کە وتم بڕوایەکی شاعێرانەیە.

**مادح ئەحمەدی: مامۆستا، بە وتەی مەولانا «شێعر کوڵەی خوێنێکە، کەلە ناخی دڵی شاعێرەوە هەڵدەقوڵێت» جەنابت بۆ خۆت شێعر کەی لەگەڵت فۆرمی خۆی وەردەگرێت و سەر هەڵئەدا؟**

**جەلال مەلەکشا:** هەرگیز من بۆ لای شێعر ناچم. شێعرە کە لە کات و ساتێکی دیارینەکراودا تەنگم پێ هەڵدەچنێ. کات و ساتێکی دیاری نییە، هەندێ جار لە نیوەی شەودا لە خەو رامدەچەڵەکێنێ، هەندێ جار لە بازاڕی قەرەباڵغ بەرۆکم دەگرێ، لە مەیخانە، چایخانە و لە شەقام و کۆڵان پشتی مێزی کار، کات و شوێنی دیاری نییە. شێعر بەبێ بیانوو نایە، ئەنگیزەی گەرەکە، دیتنی دیمەنێک، هێلانەی زەردەواڵەی وشەکان دەورووژێنێ و زەردەواڵەی وشە لەناو مێشکا دێن و دەچن، هەتا پوورە دەبەستن و بێچارەم دەکەن، ئارام و قەرارم لێ دەبڕێ و وەک ژنێکی ژانگرتوو، کاکە شێعر شۆڕشی هەستە، بەڵام دەبێ هۆیەک هەستت راپەڕێنێت. من شاعێرێکی هێدی نیم و شێعرەکانم تووڕەن، وشەکانیشم نەرمونیان نین. بڕوام بە هونەر و بەتایبەتی شێعری بەرخودان (مقاومەت) زۆرە. هەڵبەتە وا نەبێت جوانی کارم تێناکا، لە هەموو

دیارده جوانەکان چێژ وەردەگرم. زۆربەی شێعرەکانم لە خوێن و تفەنگ و حیماسە دەدوێـن. شەهید بوونی شۆڕشگێڕێکی ئازادیخواز، دڵۆپە ئەسرینی دایکی شەهید هەوێنی شێعری منە. کاتێ بۆ لووتکەی بەرزی چیایەکی کوردستان دەڕوانم ئیلهامی لێ وەردەگـرم. کاتێ ترپەترپی دڵی کوردستان لەژێر پۆستاڵی داگیرکەردا دەبیستم، شێعر لە دەروونما پەنگ دەخواتەوە. ئاخر با بڵێم من نەختێک چەپم. کەوایە رەنگە جۆرێکیتر دنیا ببینم و تەفسیری بکەم. هەموو ئەم شتانە لە پێکهاتنی شێعردا هۆکارن. خۆ شێعر «جـادوو و جەنبەل»* نییە. لە ئاسمانیشەوە نایە. مەلایەکە نایەێهێنێ. شێعر بەرهەمی مێشکی شاعێرە. ئەندێشە و بیر و بۆچوون و زیهنیاتی شاعێر هەرچی بێ، شێعر لەوێوە سەرچاوە دەگرێت. من کوردێکی ناسیۆنالیست و کەمێکیش چەپم. بێگومان شێعرەکانیشم دەبێ تابیعی بیروڕام بن.

**مادح ئەحمەدی: هۆکاری ئەوەی کە بڕوایەکی زۆرتـان بە شێعر، یان ئەدەبی بەرخودان هەیە چییە؟**

**جەلال مەلەکشا:** بەداخەوە لە کوردستاندا هەندێک سەریان هەڵداوە، بەتایبەت لاوەکان، بەڕاستی من پێم وایە خوێندنەوەی باشیان نییە و ئەدەبیاتی کلاسیکیان نەخوێندۆتەوە. لەگەڵ ئەدەبیاتدا ئاشناییان نییە. هـەر بـەو بۆنـەوە چۆن بەڕاستی ناتوانن شێعری واقعی بخولقێنن، دێن و هەندێ وشە بەدوای یەکدا ریز دەکەن و ناوی دەنێنە شێعر! و جگە لەمەش گیرۆدەی هێرشی فەرهەنگی بوون. ئەم هێرشە فەرهەنگییە وەهم نییە. بەڕاستی ئێستا ڕۆژهەڵاتی ناڤین کەوتۆتە بەر هێرشی فەرهەنگییەوە. بەڕاستی دامودەزگا

ئیمپریالیزمییەکان بۆ خنکاندنی هاوار و شۆڕشی زەحمەتکێشانی ڕۆژهەڵات هەموو کارێک بە ئەنجام دەگەیەنن. شەپۆل ڕێ دەخەن. من چەندین جار گوتوومە، بۆ وێنە: بنیاتی راکفلر لە ئەمریکا، بەشێکی هەیە بەناوی بنیاتی فەرهەنگی راکفلر ٢٦ ـ٢٧ ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاڤۆکی جۆراوجۆری هونەری ئەدەبی بڵاو دەکاتەوە کە تەنیا کاریان شەپۆلی ئەدەبی و هونەری سازییە، بۆیە بۆ چەواشەکردنی هونەرمەندان، ڕووناکبیران و خاوەن قەڵەم و ئەندێشەی جیهانی سێیەم. ڕێبازی ئەوانە ڕێبازی «هونەر بۆ هونەرە« و مەبەست و ئامانجیشیان دژایەتی لەگەڵ ریالیزمی شۆڕشگێڕانەیە کە ئەوڕۆ لەنێو گەلە بەشخوراو و شۆڕشگێڕەکاندا وەکوو چەکی خەباتە.

گەنجانی ئێمەش لەڕووی کەمتەرخەمی و ئاگادارنەبوونەوە تووشی ئەو پەتا و کێشانە بوون. بۆ وێنە: شتێکی وەک پۆست مودێڕنیزم، ئێستا لە ڕۆژاوادا پۆست مۆدێڕنیزم شتێکە دەزانن چییە، بەڵام لێرە نازانن چییە. لێرە زۆربەی ئەو گەنجانەی کە باس لە پۆست مۆدێڕنیزم دەکەن، بێن بە من بڵێن کە پۆست مۆدێڕنیزم بە چ مانایەکە؟!

دەڵێن شێعر دەبێ پۆست مۆدێڕنیزم بێت. دەیهێنن چەند وشەیەک بەدوای یەکدا ریز دەکەن و نەتەنیا خەڵک لێ تێ ناگات، خۆشیان لێ حاڵی نابن و ناوی دەنێنە شێعر. جا شاعێر، یان نووسەرێک شتێک دەنووسێت کە هاوڕێیە ڕۆشنبیرەکەی خۆی لێ تێ ناگات، ئیتر ئەو شتە بۆ چییە؟ هونەرمەند بۆچی دەنووسێت؟.. هونەرمەند بۆ خەڵک دەنووسێت. هونەرمەند بۆ کۆمەڵ دەنووسێت. نووسەر بۆ کۆمەڵگە دەنووسێت. مەگەر ناڵێن: «هونەر ئاوێنەیەکی باڵانوێنی نوێنی کۆمەڵگەیە«، «هونەرمەند ڕۆڵەی زەمانی خۆیەتی«.

ئەمانە دەڵێن بۆ داهاتوان دەنووسین! ئاخر بەرەکانی داهاتوو چ نیازێکیان بە ئێوە هەیە؟ داهاتوان هونەرمەند و نووسەری تایبەتیی خۆیان دەبێت. رازی مانەوەی شاعێر و نووسەری گەورە لە چیدایە؟ سەدان ساڵیتر «چارلز دیکنز» زیندوو دەمێنێتەوە. بۆچی فێردەوسی زیندوو دەمێنێتەوە؟ حافیز و سەعدی زیندوو دەمێننەوە؟ لە دنیای رۆژاوادا «رومن رۆلان» زیندوو دەمێنێتەوە. من هەر ئێستاش بەرهەمەکەی چارلز دیکنز دەخوێنمەوە، بەتەواوی شەقامەکانی لەندەن وەکوو ئاوێنە لەبەرچاوم دایە. پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی خەڵک دەبینم.. پەیوەندییە مرۆییەکان هەست پێ دەکەم. هەرووەها کاتێ «ژان کریستۆف» دەخوێنمەوە پەی دەبەمە پەیوەندییەکانی خەڵک، پەیوەندیی کۆمەڵایەتی، رامیاری، ئابووری و... هەمووی باس دەکات.

تۆ کە بۆ داهاتوو دەنووسیت.!! بڕوانە ئیمە ئەڵێین یەکدانە شێعر، دەڵێین دەبێ چی و چی بێ، نا کاکە شێعر دەتوانێت تەنانەت رۆڵی مێژوو بەڕێوە ببات. بۆ وێنە: ئێمە شێعرێکمان کردۆتە بەڵگە و دەڵێین ئەو شێعرە هی سەردەمێکە کە عەرەبەکان هێرشیان کردۆتە سەر کوردستان، «هۆرمۆزگان رمان/ ئاتران کوژان/ وێشان شاردوە گەورەی گەورەکان». شاعێر بوو ئەمەی گوتووە، شاعێر باسی سەردەمی خۆی کردووە. ئاوێنەی سەردەمی خۆی بووە. ئەو شێعرەی گوتووە، ئێستا من دوای هەزار ساڵ دەزانم لەو کاتەدا چی بووە. گەر ئەویش بهاتبا بۆ داهاتوانی گوتبا ئێستا من نەمدەزانی لەو سەردەمەدا چی بووە و چی قەوماوە. ئەوەیە دەڵێم ئەدەبی بەرخودان، ئەدەبی کۆمەڵایەتی بوونێکی ڕەسەن و بنەمایەکی ریشەداری هەیە.

یان بۆ وێنە: هەندێ کەس دەڵێن کوردستان، شۆڕش و تەواو بوو. ئەوا لە کوردستانی باشوور کاک مەسعوود بوو بە سەرۆکی هەرێم و مام جەلال بوو بە سەرکۆماری عێراق و ئیتر هەموو شتێک تەواو بوو. نا تەواو نەبووە، هێشتا کوردستان وا لە گەمارۆی چوار گورگدا. هێشتا گۆڕی بەکۆمەڵ دەدۆزنەوە، هێشتا فرمێسک لە گردی سەیواندا وشک نەبۆتەوە، هێشتا قەبرستانەکانی «لەعنەت ئاوا»ی لای قوروە نەدراونەتەوە کە بزانین چەندانە قەبری تێدایە، هێشتا شەهیدەکانی «بەهەشتی زەهرا» ناهاتوونەتەوە، کەلە سێدارە دراون و ئیعدام کراون. کێشەکە لێرە دایە و تەواو نەبووە.

**مادح ئەحمەدی: شاعێری شۆڕشگێڕ کێیە؟**

**جەلال مەلەکشا:** شاعێری شۆڕشگێڕ ئەو کەسەیە قەڵەمەکەی بەردەوام دژی دوژمن و نەیاری نیستمانەکەی لە خەباتدا بێت. سەر بۆ زۆڵم و ستەم شۆڕ نەکاتەوە. پێویست بەوە ناکات شاعێر تفەنگ هەڵبگرێت. تفەنگی ئەو قەڵەمەکەیە. شاعێری شۆڕشگێڕ، کەسێکە لە شێعرەکانیدا ئۆستوورە و هێما و رەمزی خەباتی گەلەکەی گەلاڵە بکات. خورپە و ترپەترپی دڵی چیا ببیستێ و لە وشە فیشەک دروست بکا و بە سینگی دوژمنیەوە بنێت. شاعێری شۆڕشگێڕ دەبێ زمانی میللەتەکەی بزانێ، لەگەڵ هەست و خواستی میللەتەکەیدا ئاشنا بێت. دەروونناسێکی لیهاتوو بێت و بزانێ هەستی خەڵک لە چ پلەیەکدایە. دەبێ شێعرێ بڵێ ببێ بە وێردی زمانی خەڵک، شێعرێ بڵێ خەباتکاران بیکەن بە سروود. شاعێری شۆڕشگێڕ زمانی دێو و درنج نازانێ. ئەو هەر بە زمانی گەلەکەی دەپەیڤێ.

**مادح ئەحمەدی: ئەی ئێمەی کورد لەم قۆناغەدا پێویستمان بەو جۆرە شاعێرانە هەیە؟**

**جەلال مەلەکشا:** مەگەر کوردستان لە چ قۆناغێکی مێژوویی و هەلومەرجێکی سیاسی دایە کە ئێوە پرسیار دەکەن ئاخۆ لەم قۆناغەدا نیازمان بە شاعێری شۆڕشگێڕ هەیە؟ مەگەر خەبات و شۆڕش لە کوردستاندا تەواو بووە؟ زەبروزەنگی داگیرکەران تەواو بووە، مەگەر دوژمنانمان پاشەکشەیان کردووە و دەستیان لە سەرمان هەڵگرتووە؟

بەداخەوە لە کوردستانی باشوور (تاڕادەیەکیش لە کوردستانی خۆرهەلات) لەگەڵ شاعێرانێک ڕووبەڕوو دەبین کە هەزاران ساڵی نووری لە خەڵک و ئامانجە پیرۆزەکانی خەڵک دوورن. بە زمانێ دەدوێن کە بۆ خۆشیان هیچی لێ حاڵی نابن. لاساییکردنەوەی «بێتام» لە ڕۆژاوا، ئەویش لاساییکردنەوەی ئەو شەپۆلە چەواشانەی کە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی سەری هەڵدا و زۆر زوو خودی داهێنەرەکانی پشتیان تێ کرد. ئێستا ئەمانە خەریکن لێرە، لە کوردستانی گەمارۆدروادا زیندووی دەکەنەوە. ئاخر ڕۆژاوا کێشەی خەباتی چەکدارانەی تێدا نییە. خۆ لە ڕۆژاوای لە دیمۆکراسی هەڵمساو، خەمی نان نییە، ئەنفال و تەعریب نییە، کوشتاری بەکۆمەڵ نییە، لە ڕۆژئاوا گوندەکان ناسووتێنن و خاپوور ناکرێن. لە ڕۆژاوا هەڵەبجەیەک شەهید ناکەن. ئیعدامی بەکۆمەڵ نییە، گۆڕستانی (لەعنەت ئاوای) تێدا نییە. بۆیە کە هونەر لە ڕۆژئاوادا بەرەو «تجدید» و ئینتزاع دەڕوات. هێشتا لە زۆر بەشی کوردستانی مەزندا چەک و پێشمەرگە و حیماسە لەلای خەڵک پیرۆزن. هیشتا کاتێک خەڵک قرمژنی گوللەی پێشمەرگە دەبیسێ خورپەی دڵی زیاد دەکات. کە

واته ئەم جۆرە لاساییکردنەوە لە شیعری رۆژاوا بە بڕوای من مانایەکی جگە پشت لە خەڵککردن نییە. هونەر و ئەدەبیات ئاوێنەی کۆمەڵە. با بزانین لەنێو شاکارە ئەدەبییەکاندا کامەیان تاکوو ئێستا ماونەتەوە؟ بێگومان ئەو کارەی کە دەرد و رەنج و خواست و ئاوات و خەم و شادی ئینسانی رۆژگاری خۆیان تۆمار کردووە. من ئەم تۆڕەهاتە بە شیعر نازانم. جگەلە وڕینە، شتێکی دیکە نین. نیچە گوتەنی لە« هەندێ خەم و هەندێ شەهوەت» بەو لاوە چیتر نییە. وڕینەی ئەو زەلامە بێ دەردانەیە کە خۆیان لەژێر باری «تەعەهود» و دەروەستی و هەڵوێست دەرباز دەکەن، ئەم جۆرە شیعرانە!! کاڵایەکی لووسکەن کە تەنیا جێگەیان پشت جامخانەیە.

من مەبەستم لە شیعری شۆڕشگێڕانە، شیعری شیعاری و دروشماوی نییە. من لە رابردوودا لە بارودۆخی سەرەتای شۆڕشی کوردستانی خۆرهەڵاتدا، زۆربەی شیعرەکانم شیعاری (دروشم) بوون. رووت و پەتی، بەبێ بەکارهێنانی وێنە و رەمز و ئیستعارە و ئەو جۆرە شتانە لەگەڵ خەڵکدا قسەم دەکرد. ئاگایانەیش ئەو جۆرە شیعرانەم دەگوت. هەلومەرج ئەوەی هەڵدەگرت. دوایی کاتێک کەوتمە پاڵاوتنی شیعرەکانم هەموو ئەو شیعرانەم لە دەفتەرەکانمدا دەرهێنا و ئارشیڤم کردن بۆ مێژووی شاعیری خۆم. شیعر تایبەتمەندیی خۆی هەیە. با ئەوەش بڵێم بە بڕوای من شیعری سیاسی لەگەڵ شیعری شۆڕشگێڕانە جیاوازە. شیعری سیاسی وەک سیاسەتڤانە و شیعری شۆڕشگێڕانە وەک پێشمەرگە و پارتیزانە، لە نێوان ئەم دوانەشدا فەرق زۆرە، شیعری سیاسی وەکوو خودی سیاسەت هەندێ مەکر و دەغەڵی تێایە، شیعری سیاسی نوقرچگرتنە و شیعری شۆڕش شۆڕشگێڕانە قەڵەم لەچاو دوژمنکردنە.

**مادح ئەحمەدی: مەبەستتان لەوەی کە شاعێری شۆڕشگێڕ زمانی دێو و درنج نازانێت چییە؟**

**جەلال مەلەکشا:** مەبەستم هەر ئەوەیە، زمانی دێو و درنج ئەوەیە کە کابرا دەڵێت: ....گا.... یا...ما.... .ئەمە شیعر نییە، ئەمە زمانی دێو و درنجە.

**مادح ئەحمەدی: زۆر وشەمان هەیە گەر لێیان ورد بینەوە دەبینین ریشەیەکی کۆنیان هەیە و لەناو خەڵکدا باون، بەکارهێنانی ئەو دەستەواژە و وشەگەلە لە شێعری شاعێراندا چۆن دەبینیت؟**

**جەلال مەلەکشا:** باسێک هەیە لە ئەدەبیاتدا بەناو بزووتنەوەی وشەکان. هەندێ لە شاعێران لەسەر ئەو باوەڕەن کە ئەو وشانەی وا حاڵەتێکی ناتەواویان لە خۆیان گرتووە و کەڵکیان لێوەر ناگرن، دەبێت زیندوو بکرێنەوە. هەڵبەت ئەوە رای ئەوانە. منیش لەگەڵ ئەمەدا هەم. هەندێ وشەش هەن کە، گەر جێگەی واقیعی خۆیان بگرنەوە دەتوانن لێ سوود وەربگرن، بەڵام بڕێ وشەش هەن، ئیتر وا نییە. بۆ وێنە: وشەیەکمان هەیە لە کوردیدا بە واتای ئینتزارە، وەک «تەڕنە». من تەڕنەی تۆم. ئەمە جوان نییە. کەوایە وشەمان هەیە کە دەبێت زیندوو بکرێتەوە و هەندێ وشەشمان هەیە کە گرنگ نییە.

**مادح ئەحمەدی: مامۆستا رەنگە لە شێعری جەنابتانا زۆر تایبەتمەندیی بەرچاو هەبن و بە ئاماژە بە شێوە فەن و رۆڵی ئێوە لەم بوارەدا، زۆر لایەنیتر ببن کە نەتوانین بیاندۆزینەوە، یان کەمتر کەسانێک بتوانن بڕۆنە ناخیان و بیانناسن. سەبارەت بە تایبەتمەندییەکانی شێعری خۆت بۆمان باس بکە، یان باشتر بڵێین چ پێناسەیەکت لە شێعری خۆت هەیە؟**

**جەلال مەلەکشا**: من نازانم لێرەدا دەقیقەن مەبەستتان چییە؟ ئەوە دەبێت خەڵک و رخنەگر بەناو شێعرەکانی مندا بگەڕێت و لایەنە جیاجیاکان و رەهەندە جۆربەجۆرەکانی شێعری من بخاتە بەر رخنە و لێکۆڵینەوە. من نازانم چ شتێکی تایبەتی لەناو شێعرەکانمدا هەیە کە لەناو شێعری کەسێکی‌تردا نەبێت. بەڕاستی بۆ خۆم دیار نییە ئەو شتانە، بەڵام ئەوەی کە هەیە شێعری من جیا لە خەڵک نییە، جیا لە رەنج و ئازاری خەڵک نییە، جیا لە کۆمەڵگە نییە. جیا لە دەردە کۆمەڵایەتییەکان نییە. ئیتر تایبەتمەندییەکی‌تر جیا لەم بابەتانە لەناو شێعری مندا نییە. رەنگە رەخنەگر شتانێکی‌تر بدۆزێتەوە کە من هەتا ئێستا پەیم پێ نەبردبێت.

**مادح ئەحمەدی: بۆ خۆت بیرت نەکردۆتەوە لەو جیاوازییانە؟**

**جەلال مەلەکشا**: دیارە زمانی هەر شاعێرێک لەگەڵ شاعێرێکی‌تردا جیاوازیی هەیە و هەروەها بۆچوون و روانینی هەر شاعێرێک بۆ بابەتەکان لەگەڵ بۆچوون و شێوە روانینی شاعێرێکی دیکە جیاوازی هەیە.

ئێستا ئەگەر من شێوەی روانینم بۆ کێشەکان جۆرێکی‌تر بێت کە شاعێرێکی تر وا نەبێت. هەر بەو جۆرە کە ئاماژەم پێکرد دەبێت ئێوە بزانن.

**مادح ئەحمەدی: بیستوومانە زۆرێک لە شێعرەکانت، وەرگێڕاونەتە سەر زمانی فەرەنسی ، ئاخۆ بێجگەلە فەرەنسی بە زمانێکی‌تر وەرگێڕاون؟**

**جەلال مەلەکشا**: سالانێکی زوو من چەند شێعرێکم نارد بۆ مامۆستا «عەبدوڵڵا پەشێو» و لە رێگەی نامەوە لەگەڵ یەک پەیوەندیمان هەبوو. واتە ئەوکاتەی کەلە مۆسکۆ و لیبی بوو

شێعرم بۆ دەنارد. ئەوکاتە کاک عەبدوڵڵا پەشێو چەند شێعرێکی منی وەرگێڕابووەوە سەر زمانی رووسی. دواتریش لە فەرەنسا چەند شێعرێکی دیکەمیان وەرگێڕابوو بۆ سەرزمانی فەرەنسی، هەرووەها خانمێک هەیە، لە پەیوەندی لەگەڵ زمان و ئەدەبی کوردیدا کار دەکات نازانم ناوێ خانمی «جۆیس بلۆ»ە، ئەو تاکوو ئێستا چەند کتێبیکی سەبارەت بە فەرهەنگ و ئەدەبیاتی کوردی بڵاو کردۆتەوە. جارێک نامەیەکی بۆ ناردم کە داوای بیۆگرافی لێ کردبووم، هەروەها چەند شێعرێکی خۆم کە وەری بگێطێتەوە و وەکوو کۆمەڵە شێعرێک لە چاپی بدات، کە پێم وابێ ئەو کارەشی کردبوو، چۆن دواتر لە نامەیەکی تردا بۆمی نووسیبوو کە شێعرەکانتم وەرگێڕاوەتەوە و بڕیار بوو بینێرێت بۆم، بەڵام بەداخەوە نەگەیشتۆتە دەستم. هەروەها شێعرم بە ئینگلیزی و عەرەبی و یەک دوو زمانێکیتر وەرگێڕاوەتەوە و لە چاپ دراون. بەتایبەت لەو چەند ساڵەی کەلە هەولێر بووم شێعر و چیرۆکی زۆرم بە زمانی عەرەبی تەرجمە و بڵاو کراونەتەوە.

**مادح ئەحمەدی: جگەلەمانە بیستوومانە تا ڕادەیەکیش دژ بە وەرگێڕانی شێعرن، ئەکرێت لەم بارەوە بۆمان باس بکەن و هۆکارەکانی بڵێن؟**

**جەلال مەلەکشا:** دژ بە وەرگێڕانی شێعر نیم، بەڵام من لەو بڕوایەدام کە هەمیشە وەرگێڕان، یان تەرجەمە لەتمە دەدات لە دەقی بابەتەکە. نەفەرێک قسەیەکی باش دەکات، ئەڵێت: «وەرگێڕان وەکوو ئەوەیە کە بولبولێک لەبەر گۆشتەکەی بکوژیت». بەڕاستی شێعری واقیعی بۆ سەر زمانێکیتر وەرناگیرڕدرێتەوە، هەر زمانێک تایبەتمەندیی خۆی هەیە. بۆ وێنە: زمانی کوردی هەندێ

وشە و دەستەواژەی تایبەتی هەیە کە وەرناگێڕدرێتەوە بۆ سەر زمانێکیتر و ئەگەریش وەربگێڕدرێتەوە سەر زمانێکی تر، زۆر ناحەز دەبێت. هەروەها زمانی فارسی، زمانی عەرەبی و زمانی ئینگلیزی و ... ئەو شتانە تۆ چییان لێ دەکەیت. بۆ وێنە: تۆ لە زمانی فارسیدا بڵێ «کزەی جەرگم» کزەی جەرگم وەربگێڕیتەوە سەر زمانی فارسی، ئاخۆ ئەو جوانییەی خۆی لەدەست نادات؟

هەروەها شتانێکیتر کە گەر وەریان بگێڕینەوە سەر زمانێکیتر ئەو جوانییەیان نامێنێت، چیرۆک و و رۆمان لەگەڵ شێعر جیاوازییان هەیە. چۆن شێعر پەیوەندیی لەگەڵ وشەگەلێکی جوان و ناسکدا هەیە، بەڕای من وەرگێڕانی شێعر بۆ سەر زمانێکیتر دژوارە. ئەمە یەکێک لە هۆکارەکانیەتی، دووەم ئەوەیە کە هەندێ لەو وەرگێڕانانەی کە لە بواری شێعردا هەن بۆ وێنە: شێعرێک بە زمانی ئینگلیزی گوتراوە، کابرایەکی فەرەنسی دێت ئەو شێعرە بۆ سەر زمانی فەرەنسی وەردەگێڕدرێتەوە، کابرایەکی فارسیش دێت هەر ئەو شێعرە دەکات بە فارسی و کابرایەکی کوردیش دێت ئەو شێعرە وەردەگێڕێتەوە بۆ سەر زمانی کوردی. ئاخۆ ئەم شێعرە کاتێ دەبێت بە کوردی، گەر شاعێرە ئینگلیزییەکە خۆی بیخوێنێتەوە، دەزانێت شێعری خۆیە؟ پێم وابێ قەت ئەو شێعرە ناناسێتەوە، بەڵام رۆمان و چیرۆک وا نییە. لەبەر ئەوەیە کە من لەمبارەوە دژایەتییەکم هەبێت.

سەڕای ئەوەی کە تاڕادەیەک لەگەڵ وەرگێڕاندا دژایەتیم هەیە، من زۆر کاری وەرگێڕانم بووە لە بواری وەرگێڕانی شێعردا، بەڵام لەو باوەڕە دام کە دەبێ لە زمانی سەرەکییەوە کاری وەرگێڕان بکەین. من رەنگە یەکەم کەس بم لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا، کە شێعری شاعێرانی کوردم بە فارسەکان ناساند

و یەکەمین کەسێک بووم کە شێعری کوردیم وەرگێڕاوەتەوە سەر زمانی فارسی. کەسێکی وەک شاملوو هەوڵی دەدا شێعری کوردی وەربگێڕدرێنەوە سەر زمانی فارسی؛ شێعری شێرکۆ بیکەس، ئەو شێعرانەی لە کتێبی «جمعه»دا بە چاپ گەیاند. لە واقیعدا ئەوکاتە بوو کە بەتایبەتی شاملوو لەگەڵ شێرکۆ بێکەسدا و بەگشتی لەگەڵ شێعری کوردیدا ئاشنا بوو.

ئەو وەرگێڕەم بە دڵە لەناو جەستەی نووسەرەکەدا بتوێتەوە. لەگەڵ ڕۆحێکدا جووت بێت. بزانێت نووسەرەکە بەکام ژان و ئازارەوە تلاوەتەوە و هەر وشەیەک لە قووڵایی کام حەز و تاسە و خەم و شادییەوە هەڵقوڵیوە. هەر بەو جۆرەی ئاماژەم پێ کرد، دەڵێن وەرگێڕان وەک ئەوە وایە «بولبولێک بۆ گۆشتەکەی سەر ببڕی». بەڵام من دڵنیام وەرگێڕی واش هەیە سواری باڵی بولبولەکە دەبێ و لە گەڵیدا هەڵدەفڕێ. من «عەزیز گەردی»م نەدیوە و نایشی ناسم. بەڵام «داغستانی من» لەوپەڕی بەهرە و پسپۆڕی و زمانپاراویەوە تەرجمە کراوە. تەنانەت لە تەرجمە فارسییەکەشی سەرکەوتووترە. هەروەها خوالێخۆشبوو، مامۆستا «شوکر مستەفا» وەرگێڕێکی لێهاتوو و شارەزا بوو. کوردی دەنووسی، زمان زۆر گرنگە بەداخەوە لە کوردستانی باشوور، هەرچەند خوێندن و نووسینی کوردی مێژووەکەی چەندان بەرانبەر لەچاو کوردستانی ڕۆژهەڵات زیاترە، بەڵام لەباری شێوازی نووسینەوە دواکەوتووە. قسەی شێعر ناکەم، ئەدەبیاتی پەخشان (نەسر) دەڵێم. ئەدەبیاتەکە وەک وەرگێڕانی عەرەبی وایە. هەندێکیان بە عەرەبی بیر دەکەنەوە و بە کوردی دەینووسن! مەلا» عەبدوڵڵا حەسەن زادە»شم زۆر بە دڵە، زمانپاراو و کوردیزانێکی پسپۆڕە و وەرگێڕاوەکانی لەوپەڕی جوانیدان.

**مادح ئەحمەدی: باسی شاملووتان هێنایە پێشەوە. بە ئاماژە بەوەی کەلە بواری ئەدەبی فارسیشدا کەسێکی سەرکەوتوو بوون و لەگەڵ کەسانێکی وەک: شاملوو، ئەخەوان سالێس، سیاوەشی کەسرایی و... هتد پەیوەندیتان هەبووە، چ کاریگەرییەک لە ئەدەبی فارسی بەسەر شێعرەکانتەوە هەیە؟**

**جەلال مەلەکشا:** من پێش ئەوەی کە بە زمانی کوردی شێعر بڵێم، لە بواری ئەدەبی فارسیدا سەرقاڵی چالاکی بووم. لە سالآنی ١٣٤٦ و ٤٧وە من دەستم بە نووسینی فارسی کرد و زۆر زوو توانیم لە ئەنجومەن و کۆڕە ئەدەبییەکانی ئەدەبیاتی فارسی، هەروەها لە رۆژنامە فارسییەکاندا جێگەی خۆم بکەمەوە.

لە بیرم دێت کە یەکەمین بەرهەمم ( شێعرێک بوو) لە ساڵی ١٣٤٨ لە گۆڤارێکدا کە بە زمانی فارسی دەردەچوو، لە چاپ درا. ئیتر لەوە و بەملا بەردەوام شێعرەکانم چاپ دەکران و بڵاو دەبوونەوە، بەتایبەت شێعرم کاتێک نەختێک بەرەوپێش جووڵایەوە، ئەوکاتە بوو کە لەگەڵ شاملوو ( لە گۆڤاری «خووشە«دا بەرپرسی لاپەڕەی ئەدەبییەکانی بوو) ئاشنا بووم.

هەر لەو کاتەوە لەگەڵ شاملوودا پەیوەندییم هەبوو و شاملووم دەناسی و چەند جاریکیش کە دەچوومە تاران لەگەڵ یەک دانیشتنمان هەبوو و هاتوچۆی یەکترمان دەکرد و پیاوەتی هەبوو لە هەمبەر مندا. هەروەها لە نزیکەوە لەگەڵ «سیاوەشی کەسرایی»یدا ئاشنایەتیم هەبوو، لەگەڵ ئەخەوان سالسدا ئاشناییم هەبوو و لەگەڵ چەند شاعیرێکی بەناوبانگی دیکەی فارسیدا پەیوەندییم هەبوو، بەتایبەت سیاوەشی کەسرایی. با بیرەوەرییەکتان بۆ بگێڕمەوە: لە ساڵی ١٩٧٥ی زایینی، واتە ساڵی ١٣٥٤ی هەتاوی، ئەوکاتەی کە شۆڕشی عێراق هەرەسی هێنابوو.

کوردەکان هاتبوونە ئێران، شۆڕش سەرکوت کرابوو، پێشمەرگە و بنەماڵەی پێشمەرگەکان هەموو ئاوارە بوون. «لەتیف هەڵمەت» کتێبێکی لە چاپ دابوو، بەناو «گەردەلوولی سپی»، لەو کتێبەدا شێعرێک بوو بە ناوی «بتانەوێ و نەتانەوێ نالی بۆ حەبیبە دێتەوە«. من ئەو شێعرەم کە شێعرێکی درێژیش بوو وەرگێڕایە بۆ سەر زمانی فارسی. بۆ چەندین جار لە هەر کۆڕ و دانیشتنێکدا سیاوەشی کەسرایی داوای دەکرد کە من ئەو شێعرە بخوێنمەوە و هەر جارێک کە من ئەو شێعرەم دەخوێندەوە، سیاوەشی کەسرایی دەستی دەکرد بە گریان.

جا ئەوەی پرسیارت کرد کە ئاخۆ لە ئەدەبیاتی فارس کاریگەریم وەرگرتووە؟ بەڵێ، سێبەری ئەدەبیاتی فارسی بێگومان بە سەر شێعرەکانمەوە هەیە، چونکە گەر ئێمە سەرنج بدەین دەبینین کە شێعری کوردی شاعێرانی باشووری کوردستان سێبەری شێعری عەرەبیی بەسەرەوەیە و شێعری ئەوانەی کەلە رۆژهەڵاتی کوردستاندا شێعر دەڵێن، بەتایبەتی ئەوانەی کەلە بواری شێعری فارسیدا کاریان کردووە، بە جۆرێک کاریگەرییان لە ئەدەبی فارسی وەرگرتووە.

من لە ئەدەبیاتی فارسیدا سەرکەوتنێکی زۆر باشم بوو. تا ساڵی ١٣٥٧ من بە تەواوی لەسەر شێعر و چیرۆکی فارسی کارم دەکرد. ئەوەندە شێعرم لە بڵاوکراوە و رۆژنامەکاندا بڵاو بوونەوە، کاتێکە بۆ بە ئەندام بوون لە «کانوونی نووسەرانی ئێران»دا پێشنیار کرام (کە بە پێشنیاری ئەوکاتەی بەڕێز «فەرەیدوون تونکابۆنی» بوو) بە ئاماژە بەوەی کە مەرجی ئەندام وەرگرتن لەو کانوونەدا، لە چاپدانی دوو کتێب بوو، بەڵام من هەر بەو

بۆنەوە کە شێعری زۆرم لە بڵاڤۆکەکاندا لە چاپ دابوو، وەرگیرام و بووم بە ئەندامی کانوونی نووسەرانی ئیران. لێرەوە دیارە کە کاریگەریم وەرگرتووە.

**مادح ئەحمەدی: ئەی سەردەمی گۆڤاری «سروە« و پەیوەندیتان لەگەڵ مامۆستا «هەژار» و مامۆستا «هێمن» و «سوارە» و... چۆن و کەی بوو؟**

**جەلال مەلەکشا:** من بۆ ماوەی پازدە ساڵ بە دڵ و بە گیان لە گۆڤاری »سروە»دا کارم کرد. لە یەکەمین ژمارەدا مامۆستا هێمن بۆ هاوکاری لە سروە، بانگهێشتی کردم، من رۆیشتمە ورمێ و لەگەڵ مامۆستا» هێمن» دانیشتین و باسمان کرد. ئەوکاتە تازە لە زیندان ئازاد کرابووم. لە هەمبەر سروە و ئەو دیاردە تازەدا زۆر رەشبین بووم. پێم وابوو کە مامۆستا هێمنیشیان هەڵخەڵەتاندووە. ئەوکاتەش بە خۆیم گوت. مامۆستا هێمن لەمبارەوە باسی زۆری بۆ کردم و یەکێک لە قسە خۆشەکانی ئەوە بوو کە گوتی تۆ دەڵێی ئاوایە. دە باشە با وابێ، پیاوی سیاسی و ئازاد دەبێت لە ئامرازی دوژمن کەڵک وەربگرێت. با ئیمە لە بڵێندگۆی خودی دوژمن بە قازانجی کورد کەڵک وەربگرین. بەهەرحاڵ ئەوکاتە نەچوومە گۆڤاری سروە و مامۆستا هێمن ماڵاوایی لە ژیان کرد و دوو ساڵ دوای ئەوە دیسان بۆ گۆڤاری سروە بانگهێشتیان کردم. ئەمجارە ئیتر چووم و هەر بەتەواوی بووم بە ئەندامی دەستەی نووسەرانی «سروە» و بەرپرسی یەکەی لە چاپدانی کتێب و دوای ماوەیەکی تر بووم بە بەرپرسی لاپەڕە ئەدەبییەکانی «سروە».پازدە ساڵ لە «سروە»دا کارم کرد، پازدە ساڵ بە دڵ و بەگیان کارم کرد، واتە بەشێکی زۆر لە رۆژگاری جەوانیم سەرفی «سروە» کرد.

ئەوەیش بڵێم ئێستا بە خۆشییەوە زۆرێک لەو دۆستانە زیندوون و قسەکانیشم دەخوێننەوە، تەواوی ئەرک و کارەکانی سروە بە سەرشانی سێ کەسەوە بوو؛ مارف ئاغایی، ئەحمەدی قازی و من (جەلالی مەلەکشا). ئەم سێ کەسە لەو کاتەدا گۆڤاری «سروە»مان دەرکرد و کەسانێکیتر کە هەبوون لە پەراوێزیەوە بوون و گەر کەسێکیش جگە لەمە بڵێت بێ ئینسافی کردووە.

پازدە ساڵ بە دڵ و گیان کارمان کرد. تەنانەت وای لێهاتبوو کە من دەکەوتمە زیندان، گۆڤاری «سروە»یان دەهێنایە زیندان بۆم و لەوێ (زیندان) کارەکانیم بە ئەنجام دەگەیاند و بەڕێمان دەکرد بۆ چاپ. ئەوە کاک ئەحمەدی قازی زیندووە و بە تەواوی ئاگاداری بابەتەکەیە. لە واقیعدا لە بواری ئەدەبییەوە من بەرپرسی بەشی ئەدەبیی گۆڤاری سروە بووم.

**مادح ئەحمەدی: ئەی»هەژار» و»سوارە» چی؟**

**جەلال مەلەکشا:** مامۆستا هەژار زۆر سەردانی ئێمەی دەکرد لە گۆڤاری»سروە». لەڕاستیدا ئەو خوالێخۆشبووە هەرچی دەهات سەردانی ورمێ بکات، ئێمەشی بەسەر دەکردەوە. ئەو نزیکایەتییەکی زۆری لەگەڵ بنەماڵەی بارزانیدا هەبوو و بەردەوام دەهاتە راژان (شارە دێیەکی سەر بە شاری ورمێ) و هەمیشەش بێگومان سەردانی «سروە»ی دەکرد و»سروە»ی وەکوو برازاگێکی بێ باوکی خۆی دەبینی و دەبوایە بێگومان سەردانێکی بکردایە، لە خزمەتیدا قازانجمان وەردەگرت. من بەش بە حاڵی خۆم ئێستاش سپاسی دەکەم و شتی زۆری لێ فێر بووم و لە کۆڕ و دانیشتنەکانیدا بەشدار بووم.

جگەلە مامۆستا «هێمن» و»هەژار»، لەناو شاعیراندا لەگەڵ»سوارە»ی بەڕێزیشدا ئاشنایەتیم هەبوو. «سوارەی ئیلخانیزادە» ئەو سەردەمەی کەلە تاران بووم لە رادیۆ بەرنامەی «تاپۆ و بوومەلێڵ»ی بەڕێوە دەبرد، لەگەڵی ئاشنا بووم. لە واقیعدا ئەوکاتە بوو کە بە شێوەیەکی جیدی دەستی کردبوو بە بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی خۆی لە رادیۆدا. ئەو ماوەیەی بە دەرفەتێکی باش دەزانی. من زۆر شێعری «سوارە»م لەو کاتەدا لە زمانی خۆیەوە بیستووە و دەیخوێندەوە بۆم. بەداخەوە من زۆر شێعرم لێ بیستووە کە لەناو دیوانەکەیدا نییە.

لەگەڵ خوالێخۆشبوو «مارف ئاغایی»دا، تەواوی شارەکانی کوردستان بە دوای بەرهەمەکانی سوارەدا گەڕاین بۆ ئەوەی کۆیان بکەینەوە و لە کتێبکدا چاپی بکەین، بەڵام زۆرمان دەس نەکەوت، جگە لەو هێندەی کەلە کتێبەکەیدا (خەوەبەردەینە) لە چاپ دراوە.

**مادح ئەحمەدی: با بگەڕینەوە بۆ ئەوەی کە ئاماژەتان کرد لە زینداندا بوون و دیارە زیندانی زۆرتان کێشاوە. سەبارەت بەوەی کە لە زینداندا بوون و ئەو بەرهەمانەی کەلە کونجی زینداندا ئافراندووتانە بۆمان باس بکەن، یان لە واقیعدا چ روانگەیەکتان لە هەمبەر بەرهەمی ئەو شاعێر و نووسەرانە هەیە کەلە گۆشەی زینداندا خوڵقاندوویانە؟**

**جەلال مەلەکشا:** من پێم وایە زۆربەی شاکارە ئەدەبییەکانی جیهان لە زینداندا هاتوونەتە بەرهەم. زۆر شاعێر و نووسەری گەورەمان بووە کەلە زینداندا دیسان چرۆیان کردۆتەوە. دیارە بە ئاماژە بەوەی کە ئازار و ئەشکەنجەی زۆرم چێشتووە، زۆربەی ئەو زیندانانەش کە تێم پەڕاندووە لە پێوەندی لەگەڵ کێشەی

سیاسی کوردەواریدا بووە. هەڵبەت جگە لەمەش زیندانم کێشاوە، زۆربەی شێعرکانم بەرهەمی گۆشەی زیندانن.

بەڕاستی ئەو شێعرانەی کە دەردی تێدایە، هاواری تێدایە، ڕەنجی تێدایە و زووش دەبێتە وێردی زمانی خەڵک، هی گۆشەی زیندانەکانە. وەک فارس دەڵێت: «سخنی که از دل برآید، لاجرم بر دل نشیند».

**مادح ئەحمەدی: بە ئاماژە بەوەی کە، شێعر دەبێت هەڵگری سێ تایبەتمەندی بێت؛ مۆسیقا، سادەیی و لەباری ماناوە بۆ خەڵک بێت، ئاخۆ شێعری شاعێرانی ئەمڕۆ لەم پێناوەدا توانیویانە سەرکەوتوو بن و کاریگەریی خۆیان بسەلمێنن؟**

**جەلال مەلەکشا:** نەوەڵا، سەرکەوتوو نەبوون! من هەمیشە شکایەتم ئەوەیە، کە دەڵێم بەداخەوە ئێستا لە کوردستان (بەتایبەتی ڕۆژهەڵات)، جگەلە چەند شاعێرێک کە ژمارەیان لە قامکی دەست تێپەڕ نابێت، شاعێری باشمان نییە. شێعر دەبێ لەگەڵ پەخشاندا جیاواز بێت. چی ئەم جیاوازییە دەخوڵقێنێت، قورسایی، مۆسیقا، لەباری دەروونی، ئیقاع، ئیقاعی دەروونی. ئەگەریش لە ئەوزانی عەرووزی کەڵک وەرناگیردرێت، دەبێ وشەکان وەزنێکی دەروونییان هەبێت.

من ناڵێم تۆ بێ لەڕووی ئەوازنی عەرووزی شێعر بڵێ، من دەڵێم ئەو شێعرەی کە تۆ گوتووتە دەبێت لەگەڵ پەخشاندا جیاوازییەکی بچووکی بێت. ئێستا بەچی ئەو جیاوازییە دەخوڵقێنێت، بە ئیقاعی دەروونیی وشەکان، بە مۆسیقای دەروونیی وشەکان، بە قورسایی و...هتد.

بڕوانە! ڕەنگە ئێستا کابرا نوێترین مەزموون بتوانێت لە چوارچێوەی غەزەلێکدا بێنێت، چ ئیرادێکی هەیە.

**مادح ئەحمەدی: تا ئێرە کە باسمان کرد وادیارە زۆربەی شێعرەکانی جەنابت لە خانەی شێعری بەرخودان و سیاسیدا دەگونجێن، ئەی سروشت و جوانی، ئەی ژن و ژیان، ئەی عەشق و خۆشەویستی چی؟**

**جەلال مەلەکشا:** وەڵڵاهی زۆر کەس ئەو تۆمەتەم لێ دەدەن، ئەڵێن تۆ هەر دڵت نییە. منیش شێعرێکم هەیە دەڵێم: « شێعرەکانم/ بوون بە گوڵ و/ کەنیشکەکانی ئەم شارە چەپک، چەپک کردیان بە هەدیەی دڵداری/ بەڵام هەرگیز کچێک نەهات بڵێت: جەلال ئەی خۆت بۆ هێندە خەمباری».

کاکە منیش دڵم هەیە، دڵیشم تەڕە. عاشقی چاوی جوانم. عاشقی باڵای بەرزم، عاشقی زوڵفی لوولم، عاشقی باڵای عەرعەرم، واش نییە، شێعری عاشقانەشم هەیە، بەڵام دیارە شێعرە عاشقانەکانم زۆر بڵاو نەکردۆتەوە.

بڕۆ لە خێزام بپرسە بزانە شێعرە عاشقانەکانم چۆنە؟. بەهەرحاڵ عەشق تەنیا بە بوونی ژنەوە نەبەستراوەتەوە. لە پاڵی ئەو عەشقەدا کە بە ئامانجەکەم هەمە، عاشقی جوانیم، عاشقی سروشتی جوانم، عاشقی چاوی کەژاڵم و لەم بارەشەوە شێعرم زۆرە، بەڵام دیارە ناگەن بە شێعرە سیاسی و کۆمەڵاتییەکانم. ئەوەندە زۆر نین. با پێشت بڵێم لە بواری فارسییا زۆرتر لەو شێعرانەم هەیە. لە کوردیدا کەمترە. ڕەنگە هۆیەکەشی ئەوە بێت کە کێشە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵی کوردەواری ئەو شێعرانەی هەڵنەدەگرت. کورد ئەوەندە دەرد و ڕەنجی هەیە. کورد زیاتر لە فارس دەرد و ڕەنجی هەیە. کەوایە مرۆڤی کورد کەمتر لە فارس بە دوای عەشق و ژن و چاودا دەگەڕێت.

**مادح ئەحمەدی: جەنابت شێعری کوردی لەم سەدرەمەدا، لە ئاستی جیهاندا چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟ ئاخۆ دەتوانێ لە بەرانبەر شێعری جیهاندا قسەیەکی بۆ وتن هەبێت؟**

**جەلال مەلەکشا:** وەڵڵاهی شێعری کوردی زۆر لە شێعری جیهانی دواتر نییە. کورد زۆر دێر دەستی پێ کردووە، ئێستا ڕەنگە بەرهەمی ئەدەبی مەکتووب (نووسراو)ی کوردی لەباری مێژوویییەوە زیاتر لە ۱۳۰- ۱۲۰ ساڵی کۆنتر بێت، بەڵام سەرەڕای ئەمە، بە لەبەرچاو گرتنی ئەو ماوە کەمە کورد زۆر سەرکەوتوو بووە و بە شێوەیەکی تایبەت لە بواری شێعردا زۆر چۆتە پێشەوە. هەروەها دیارە لە زۆر بواریشدا بەڕاستی دواکەوتووین؛ مێژوو نووسین، فەلسەفە، بابەتە زانستییەکان و... هتد. لەم بوارانەدا دواکەوتووین، بەڵام لە بواری شێعردا زۆر سەرکەوتووین و چەند شاعێرێکشمان هەیە لە ئاستی جیهاندا ناوبانگیان دەرکردووە و باسیان لەبارەوە دەکەن؛ کەسانیکی وەک شێرکۆ بێکەس، عەبدوڵڵا پەشێو و... دیارە وەختێکە بەم شێوە لە ئارادا بن شێعرەکانیا شێعرێکی جیهانییە. سەڕای ئەمەش نابێت خۆمان بە زل بزانین. چونکە هێشتا زۆرمان ماوە بگەینە ئەو ئاستە، تەنانەت بە شێوەیەکی گشتی زۆرمان ماوە بگەینە ئاستی ئەدەبیاتی وڵاتانی دراوسێمان.

**مادح ئەحمەدی: وتارێکتان لەمەڕ شێعر نوێی کوردی «در مسیر پست مدرنیزم»، بە زمانی فارسی لە یەکێک لە بڵاوکراوەکاندا بڵاوتان کردەوە و دوای بڵاوبوونەوەی ئەو وتارە قسە و باسێکی زۆر سەریهەڵدا، تکایە لەمبارەوە را و بۆچوونی خۆتان دەرببڕن؟**

**جەلال مەلەکشا:** پێم وایە ئەو هەرا و جەنجاڵە دوای بڵاوکردنەوەی کۆمەڵیک لە شێعرەکانم (زرەی زەنجیری وشە دیلەکان) بەرپا

بوو. دیاره من له شێعرەکانمدا ناسیۆنالیزم زۆر تۆخه و زۆریش قووڵه و ئەمەش بەڕای تاقمێک جوان نییه و تەنانەت دژ بەمەن. کەسێک بەناوی «نادری» بۆ یەکەمجار لەمبارەوه شتی نووسیبوو و هێرشی کردبووه سەرم و هەندێ قسەی کردبوو، که به راستی دەکرێ بڵێین بێ ئەخلاقیشی کردبوو. گوتبووی جەلال مەلەکشا شاعێری ئێمه نییه و له زینداندا شکا و ڕووخا و بەرەو لای ڕێژیم چوو. جا من نازانم کەی شاعێری ئەوان بووم که ئێستا شاعێری ئەوان نیم و نازانم ڕووخانی من له زینداندا کەی بووه و ئەم ئاغایه له کوێدا من دەناسێت؟ سەرسوورڕهێنەرترین قسەی ئەوه بوو که گوتبووی جەلال مەلەکشا ئێستا لەژێر سێبەری ڕێژیمدا به خۆشی و کامەرانی دەژیت. ئەوانەی کەله ڕۆژهەڵاتی کوردستان و (بەتایبەت شاری سنه) لەگەڵ ژیانی مندا ئاشنایاتییان هەیه، دەزانن چەنده له کامەرانی و له خۆشیدا دەژیم و چەنده لەباری ئابوورییەوه بارودۆخم باشه!!! به دوای نووسینی ئەم کابرایه، یەکێکیتر به ناوی»مام ئاکۆ» هێرشی کرده سەرم. دیاره لەڕووی نووسین و شێوەکارییەوه هەر ڕۆژ هێرش دەکاته سەر کەسێک. بۆ وێنه: هێرشی هێناوەته سەر من (جەلال مەلەکشا)، «چاوەی شیخ‌الاسلامی»، «ئیبراهیمی عەلیزاده»، «مەلا عەبدۆڵڵای حەسەنزاده»، «مستەفا هیجری» ، «حوسێن یەزدانپەنا»و.... لێرەوه ئیدی دیاره ئەم کابرایه لەلایەن دەزگا ئاسایشییەکانەوه ڕاسپێردراوه، که هەر ڕۆژ کەسایەتیی هەندێ کەس دەباته ژێر پرسیارەوه.

«مام ئاکۆ» شتێکی نووسیبوو و به توندی هێرشی کردبوو که جەلالی مەلەکشا، وا...وا... خەریکه بابەتگەلێکی ناسیۆنالیستی پەره

پێ دەدات. بەدوای ئەمەشدا حیزبی «کۆمۆنیستی کاریگەری» هاتبووە مەیدان کە، بە توندی کتێبەکەی مەحکووم کردبوو و بابەتگەلی ناسیۆنالیزمی لە کتێبەدا مەحکووم ڕاگەیاندبوو. هەروەها ئەوەش بڵێم کە بەدوای ئەوەی کە ئەو بەرادەرانە لەسەر من نووسیان، چەند بابەتێکی‌تر لە ماڵپەڕەکاندا بڵاو کرایەوە کە لایەنگری لە من کرابوو. زۆر کەس لە ئەڵمانیا، سوید، باشووری کوردستان و نۆروێژ و... بە نووسینی وتار و دەربڕینی هەڵوێستی جیاواز لایەنگریان لێ کردبووم. ڕەنگە وتارەکان لەم بابەتەوە ژمارەیان گەیشتبێتن بە ٣٠- ٤٠ دانە کە چەند دانەیان دژ بە من بوون و زۆربەشیان لە پشتیوانی مندا بوون. هەرچەند دۆستان زۆر لەمبارەوە داکۆکیان دەکرد کە وەڵامیان بدەمەوە و بابەتێک بنووسم، بەڵام من هەر نەهاتمە جواو و وڵامیانم نەدایەوە. چون بەڕاستی ئەوانەم بە پیاو نەزانیوە و ناشیان زانم تاکوو وەڵامیان بەدەمەوە و باسیان لەگەڵ بکەم.

من پێم وایە گەر وەڵامیان بدەمەوە و باسیان لەسەر بکەم، ناوبانگ دەردەکەن، کەوایە باشترە کە من هەر بێدەنگ بم. یا بە وتەی فارسەکان «جواب ابلهان خاموشی است».

**مادح ئەحمەدی: دیارە جنابتان ڕۆڵێکی بەرچاوتان لە ئەدەبیاتی کوردی و بەتایبەت لە بواری شێعر و چیرۆکدا هەیە ئەوەش ئاگادارن چەند ساڵێکە پردی پەیوەندیی نێوان دوو قۆڵی هونەری ئەدەبی ئەمدیو و ئەودیو (ڕۆژهەڵات و باشوور) درووست بووە. بەڵام لەم نێوانەدا ئێوەمان قەت نەدیوە و تەنانەت یادێکیشتان لێ نەکراوە، لە کاتێکدا یەکێک لە پێشەنگانی ئەدەبیاتی نوێی کوردی و ئاڵاهەڵگری بزاڤی ئەدەب و فەرهەنگی کوردستان (بەتایبەت ڕۆژهەڵات) ن، هۆیەکەی چییە؟**

**جەلال مەلەكشا:** ئەوەی کە من لە بواری ئەدەبیاتی کوردیدا ڕۆڵێکم بووە، یان کاریگەرییەکم دانابێت، لەمبارەوە هیچ ئیدعایەکم نییە و بانگەشەی ئەوش ناکەم. ماوەی چەند ساڵێکە، کەسانێک سەریان هەڵداوە و بەنێوی نوێنەری فەرهەنگ و ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرەو ئەملاو ئەولا سەفەر دەکەن. بەتایبەت بۆ باشووری کوردستان و وەک نوێنەری شاعێران و نووسەرانی ئەمدیو لەوێ قسە دەکەن و دەخۆن و دەخەون و... دیارە خۆ ئێمە نابەن بۆ ئەو جۆرە شوێنانە، ئەوانە هەندێ کەسن کە خانزادە و خوانپەروەرن، من پێم وایە هەندێکیشیان ڕاستەوخۆ ڕۆڵی سیخوڕ دەگێڕن و دوای ئەوەی کە دەگەڕێنەوە ڕاپۆرتەکانیان ئاراستەی دامودزگا پێوەندیدارەکان دەکەن و زۆربەشیان بە هیچ نازانم. تەنانەت بە قەڵەم بەدەستیش. هەڵبەت هەندێکیان »جاش قەڵەمن«. دیارە جاش قەڵەمەکان هەموو دەیانناسن و لە تەواوی سەفەرەکانیشدا ئامادەن.

ڕەنگە گەر من لەمبارەوە ئەوەند زۆر بدوێم، هەندێ کەس پێیان وابێت کە من بۆ بەشی خۆم دەگریم. بەڵێ، من بۆ بەشی خۆم دەگریم، چونکە من خۆم لەوان بەشیاوتر دەزانم و وەک شاعێر و نووسەرێک زۆر زۆر لەوان بەشەرەفترم، زۆر شاعێرترم، زۆر قەڵەم خاوێنترم و زۆر بۆ کوردستان و شۆڕشی کورد دڵسۆزترم و بەو بۆنەوە کە جاش قەڵەم و سیخوڕ نیم لە هیچکام لەو سەفەر و کۆڕانەدا بانگهێشتیان نەکردووم. تەنیا جارێک لە پرۆسەی هەفتەی فەرهەنگی »سنە لە سلێمانی«دا بوو کە هونەرمەندان و نووسەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیانیان بانگهێشت کردبوو، ناوێکیش لە من هاتبوو. ئاخری هەموویان ڕۆیشتن تەنیا خەتی سووریان بەسەر ناوی مندا هێنا. کاتێک پرسیارم کرد لە بەرپرسی دایەرەی ئیرشادی

ئیسلامی پارێزگای کوردستان (لە شاری سنە)، گوتی: کاکە لە بالاوە (سەرەوە) ڕاگەیەندراوە کە جەنابت نابێت بچیت. دیارە بۆ ئەو سەفەرانە من نانێرن. شێعری من ڕەنگە لە شێعرە بڤەکان بێت و زەرەری هەبێ بۆیان. دیارە کەسانێک لەو شاند و وەفدانەدا بوونیان هەیە کە دامودزگاکان لە خۆیان ڕازی دەکەن. بەهەرحاڵ، ئەوە چ شاعێر و نووسەرێکە کە وەکوو نوێنەری شێعری ڕۆژهەڵات لە سلێمانی و لە سەرچنار دادەنیشن و دوای خوێندنەوەی شێعر «لەتیف هەڵمەت» پێیان دەڵێن کاکە؛ ئێوە کە شاعێری ڕۆژهەڵاتی کوردستانن فەرموون شێعری خۆتان بخوێننەوە. کابرایەک بە نوێنەرایەتیی لەمانەوە شێعرێک دەخوێنێتەوە، ئینجا یەکێک لە ئامادەبوانی کۆڕەکە دەگەڕێتەوە دەڵێت: «کاکە بریا گوت بخواردبایەت و ئەو شێعرەت نەخوێندبایەتەوە«.

ئەم وتە ڕاستە و هیچ موبالغەیەکی تێدا نییە، ئەوە «عومەری فارۆقی» بۆ خۆی لەو کۆڕەدا بوو و من ئەمەشم کاتی خۆی بە زمانی «عومەری فارۆقی»یەوە لە گۆڤاری»سروە«دا بڵاو کردەوە. ئەوە نوێنەرەکانمانن کە، کابرا دەڵێت بریا گوت بخواردبایەت و ئەو کارەت نەکردبایەت.

جگە لەمە کاتێ لەولاوە بانگهێشت دەکرێن، ئەوانەی وا لێرەدا هەموو شتێک لەژێر دەستیاندایە لە شاعێر و نووسەرە تواناکان بانگهێشت ناکەن و ئەندامانی لایەن و گرووپ و باندی خۆیان دەبەن و لەم بوارەشەوە زۆرتر پێم وابێ ئەولا تاوانبارە. وا نەبێ ئەوان نازانن.

من کاتێک لە هەولێر بووم، جارێک هەر لەمبارەوە لەگەڵ شەهید «فەرنسۆ حەریری»باسم کرد. شەهید فەرەنسۆ گوتی:

کاک جەلال تۆ پێت وایە ئێمە ئەمانە ناناسین و نازانین هەندێ لەمانە بە شێوەی مۆرەفەق دەستیان لەناو خوێنی کورد دایە و خودنڤیسەکانیان بە خوێنی شەهیدەکانمان پڕ بووە. گوتم دە باشە دەیانناسن ئیتر بۆ بانگهێشتیان دەکەن. گوتی: ئاخر ئەمە سیاسەتە!! سیاسەتیش ئەوەندە باوک و دایکی نییە، هەرچی بێت ئەمانە وەک «پردی پەیوەندی»!!! ئەمدیو و ئەودیون. بەڵێ ئەمە وەڵامەکەیان بوو (پردی پەیوەندی). تاکەی ئەم پردە، پەیوەندییە؟ وەڵڵاهی ئەم پردە قوڕ دەکات بەسەر فەرهەنگ و ئەدەبیاتی هەر دوو لادا.

**مادح ئەحمەدی: ئەی ئەو چەند ساڵەی کەلە کوردستانی باشوور بوویت چیت دەکرد؟ بیستوومانە هەم لە گۆڤارکانی ئەوێ کارت کردووە و هەم بۆ خۆت سەرنووسەری گۆڤارێکی ئەدەبی هونەری بە ناوی «پرشنگ» بوویت. پرشنگ چۆن لەدایک بوو و چۆن دەرکەکەی داخرا و تەمەنی کۆتایی پێهات؟**

**جەلال مەلەکشا:** کاتێکە بەپێی هۆکارگەلێکی تایبەتی خۆی چووم بۆ کوردستانی باشوور، بە پێچەوانەی ئەو شتەی کە خۆم بیرم لێ دەکردەوە پێشوازییەکی زۆرم لێکرا. هەرگیز پێم وانەبوو کەسێکی گەورە وەک شەهید فەرەنسۆ حەریری بێتە پێشوازی منەوە. قەت پێم وانەبوو کاک «نێچیرڤان بارزانی» بێتە هانای منەوە. من ئێستاش سپاسی ئەو بەرادەرانە دەکەم. کاتێ چوومە ئەوێ حیزبە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان زۆر کۆشایان کە من بەرەو لای خۆیان راکێشن، تەنانەت سکرتاریای حیزبەکان، واتە دەفتەری سیاسیی حیزبەکان هەفتانە بانگهێشتیان دەکردم و بەرنامەیان دادەنا و هەوڵیشیان ئەوە بوو بچمە ناو حیزبەکەیان، بەڵام لە ئاکامدا من ئەو پێشنیارانەم رەت کردەوە و هاتم لە هەولێر نیشتەجێ

بووم و دوای ماوەیەک کاک فەرەنسۆ حەریری پەیوەندیگەلێکی بۆم رێخست و کاک نێچیرڤان بارزانی وەکوو کارمەندێکی پارتی مەعاشێکی مانگانەی بۆ من دیاری کرد. من زۆر رێزم بۆی هەیە، هەتا ماوم سپاسی بنەماڵەی بارزانی دەکەم. جگەلەمەش لە رۆژنامە و گۆڤارەکاندا سەرقاڵی کارکردن بووم، لە رۆژنامەی» برایەتی« دامەزرام، لە گۆڤاری «رامان» دامەزرام و لە زۆربەی گۆڤار و رۆژنامەکانی تردا بابەتم لە چاپ دەدا و پەیوەندییەکی پتەویشم لەگەڵ شاعێر و نووسەرە گەورەکانی باشوری کوردستاندا هەبوو. وەک: خوالێخۆشبوو مەرحومی شوکر مستەفا، شەهید مەهدی خۆشناو، کەریم دەشتی، مامۆستا شێرکۆ بێکەس، سەعددۆڵڵا پەرۆش، مەحموود زامدار، هاشم سەراج و... تەنانەت لە چەند سەفەرێکدا کە بۆ بەغدا هەمبوو لەگەڵ بنەماڵەی بەڕێزی «مەلا عەبدولکەریمی مودەریس»دا ئاشنا بووم. لەگەڵ مامۆستای گەورە، شێخ عەبدولکەریمی مودەریس چاوپێکەوتن و وتوێژم هەبووە. دوو سێ شەو میوانی کاک محەمەدی مەلاکەریم بووم.

به هەرحاڵ، لە هەولێریش دوای ماوەیەک بڕیارمان دا گۆڤارێک بڵاو بکەینەوە، کاک» حوسێن یەزدانپەنا« وەکوو خاوەن ئیمتیازی ئیمکاناتی دابین کرد. بەڕاستی من بۆ خۆم بەتەنیا وەکوو خۆمان دەڵێین بەتەنیا باڵی، دەستم پێ کرد و توانیم ٥_ ٦ ژمارە بچمە پێشەوە و ئیتر دوای ئەوە. دەڵێم بەداخەوە بەرەو رۆژهەڵاتی کوردستان گەڕامەوە. هۆی گەڕانەوەکەشم بەرەو رۆژهەڵات نەخۆشی بوو. من نەخۆشیی دڵم هەبوو و نەمدەتوانی لەوێ بەتەنیایی بژیم و ژیان بەرمە سەر، ئەوە بوو کە ئەو ژیانە ئاسوودەم بەجێ هێشت و گەڕاومەوە بۆ ناو ئاگرەکە.

**مادح ئەحمەدی: لەبارەی شاعێران و نووسەررانی باشووری کوردستانەوە قسەمان بۆ بکە، چۆنن، چین، لە چ ئاستێکدان؟ یان بەگشتی چۆنیان دەبینیت؟**

**جەلال مەلەکشا:** وەڵڵاهی بەگشتی ئەدەبیات لە باشووری کوردستان بەردەوام لە گەشەکردندایە و زۆریش گەشەی سەندووە. بەتایبەت لە ماوەی ئەم زیاتر لە دوو دەیەی رابردوودا کە کورد دەسەڵاتی گرت بەدەستەوە و ئەو هەموو گۆڤار و بڵاوکراوە و رۆژنامە کە دەردەچن دیارە شێعر و چیرۆکیش لە لایاندا لە چاپ دەدرێن، هەروەها کتێب چاپ دەبێت «سانسۆر نییە» هەموو کەسێک هەرچی دڵی دەخوازێت دەتوانێت لە چاپی بدات. هەرچەند خاڵی نیگەتیڤی تێدایە، بەڵام لایەنە پۆزەتیڤەکانی زۆرترە. بەو بۆنەیەوە دیارە ئەدەبیاتیش گەشە و بەرزبوونەوەی باشی هەبووە. لە بواری شێعردا لە ئاستێکی باڵا دان، هەرچەندە شەپۆلی پۆست مۆدێرنیزم بەوێش گەیشتووە و وەکوو خۆرە خەریکە لەناوەوە پەیکەرەی ئەدەبیاتیان هلۆڵ دەکات. پرۆسەگەلێک سەریان هەڵداوە و لەم پێناوەدا کەسانێک بانگەشەی رۆشنبیری دەکەن و پێیان وایە سەردەمی شێعری بەرخودان تەواو بووە، پێیان وایە ئیدی پێشمەرگە و شۆڕش بایەخی نەماوە و دەبێت بە جۆرێکیتر بدوێن، بە جۆرێکیتر قسە بکەین و بە جۆرێکیتریش بنووسین. بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەمانە، ئەدەبیاتی راستەقینە بە رێگەی خۆیدا دەچێت بەردەوام لە گەشە سەندندایە.

**مادح ئەحمەدی: مامۆستا پێمان خۆشە بە ئاماژە بەو بارودۆخەی کە کورد لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا تێپەڕاندووە، هەڵسەنگاندنێکت هەبێ لە نێوان چوارپارچەی کوردستاندا و کاری فەرهەنگی و چۆن دەچێتە پێشەوە و چ گرێ و کۆسپێک لەمبارەوە هەیە و لە قۆناغێکی سەرتردا گەر سەیری کوردەکانی هەندەران بکەین کارەکانی ئەوان چۆن دەبینیت؟**

**جەلال مەلەکشا:** دیارە ئەو ماوەیەی کە دەسەڵات لە باشووری کوردستان بە دەستی کوردەوە بووە، سەرەڕای ئەوەی کە کەموکوڕی و کێشە زۆر بوو، هەرچەند گەمارۆی ئابووری زۆر بوو، بەڵام چونکە کورد بەسەر ناوچە و کۆمەڵگەی خۆیدا دەسەڵاتی هەبووە، لەباری ئابووریشەوە پەرەی سەندووە و دیارە پەرەسەندن لە بواری ئابوورییەوە یارمەتی بواری فەرهەنگیش ئەدات. ئێستا باشووری کوردستان مەکۆیەکە بۆ کوردەکانی پارچەکانی تری کوردستان، تورکیا، سووریا و ئێران. من کاتێک لە هەولێر بووم لەگەڵ زۆر کەس ئاشنا بووم لە باکوور، رۆژئاوا و رۆژهەڵاتی کوردستانەوە دەهاتن، تەنانەت لە کۆمارەکانی شورەوەی پێشووەوە دەهاتن و بە حەسرەت و خۆشییەوە سەیری ئەو بارودۆخەیان دەکرد. هەرواکە گوتم باشووری کوردستان، مەکۆیە و بۆ وێنە یان ئەگەر لە رۆژهەڵاتی کوردستان بواری گەشە و نەشەی بابەتە فەرهەنگی و ئەدەبییەکان نەبێت، ئەو مەکۆیە لە باشووری کوردستان ئامادەیە کار لەو پێناوەدا بکات. گۆڤار و رۆژنامەی جۆراجۆر هەیە کە دەرگای هەموویان ئاوەڵایە بۆ وەرگرتنی بەرهەمی قەڵەم بەدەستانی چوارپارچەی کوردستان و بە خۆشییەوە ئەو کارەش دەکرێت. بەهەرحاڵ ئەمە لەلایەک، لەلایەکی ترەوە شۆڕش و زەبروزەنگی رێژیمەکان لەسەر کورد، راودوونان، بە زۆر کۆچپێکردن، تاراوگە و راکردن، بەرەو وڵاتانی بیانی چوون و پەنابردن بۆ وڵاتە ئەورووپاییەکان لە بوونی خۆیدا شتێکی پۆزەتیڤ بووە، واتە زۆر یارمەرتیی بردنەسەری مەعریفە و ئاستی خوێندنەوە و ئاگاداربوونەوە و شارستانیەتی کوردی داوە.

ئەدەبیات و فەرهەنگی کورد دیارە (هەڵبەت ئەمە تەنیا تایبەت بە کوردستان نییە) هەرکەس لە شوێنی ژیانی خۆی جیا ببێتەوە و دوور بکەوێتەوە هەندێ تایبەتمەندی لە دەست دەدات. واتە بەو شێوەی کەلە جێگەی تایبەتی خۆیدا بەرز دەبێتەوە، ناتوانێت لە شوێنێکی‌تر بەو شێوە بڕواتە پێشەوە.

جۆرە ئەدەبیاتێک هەیە، ئەدەبیاتی «هیجرەت» یان غوربەتی پێ دەڵێن کاتێ تۆ سەرنجی دەدەیت، دەبینی زۆربەیان دوورن، فەرهەنگەکەی خەریکە دوور دەکەوێتەوە، دەبێتە جۆرە فەرهەنگێکی «التقایی»، پڕە لە دەرد و ئاوارەبوون، بەڵام ئەو جۆرە شتانە شێوەیەک لە جیاوازیی فەرهەنگیشی تێدا بەدی دەکرێت. بەهەرحاڵ ئەم بارودۆخەی ئێستای باشووری کوردستان بۆتە هۆی گەشەپێدان و بەرزکردنەوەی فەرهەنگی هەموو پارچەکانی دیکەی کوردستان و بێگومان باشتریش دەبێت.

**مادح ئەحمەدی: وەک دوایین پرسیار ڕوانگەی تۆوە ئەرکی ڕووناکبیر لە هەمبەر دەسەڵات چییە؟**

**جەلال مەلەکشا:** ڕووناکبیر لە بەرانبەر هیچ حکومەتێکدا بێدەنگ نامێنێت. هەڵوێستی تایبەت بەخۆی هەیە، واتە هەمیشە و بە بەردەوام ڕووناکبیر لە هەمبەر هەر حکوومەت و دەسەڵاتێکدا ڕۆڵێکی ڕەخنەگرانەی هەیە. بێدەنگیی ڕووناکبیر، واتە تەسلیم و خۆبەدەستەوەدان. حکوومەت و دەسەڵاتیش فەرقی هەیە، ڕەنگە حکوومەتێکی دیکتاتۆر و زاڵم و ستەمکار و دژی خەڵک بێ، ڕووناکبیر لە بەرامبەر وەها حکوومەتێکدا ڕۆڵێکی دیاریکراوی هەیە، لێرەدا ئەرکی ڕووناکبیر ڕابوون و ڕاسان و بەربەرەکانییە

و لەڕاستیدا خەبات و بەرخودانە. ئەرکی ئەسڵیی رووناکبیر جەنگی قەڵەمە. لە واقیعدا رووناکبیر لە هەمبەر وەها سیستەمێکدا لە دوو مەتەرێزدا رادەوەستێ، سەنگەری قەڵەم و سەنگەری «....» ئیتر ئەو رووناکبیرەکەیە کە بڕیار دەدا و سەنگەرەکەی هەڵدەبژێرێ، بەڵام بەهەرحاڵ راوەستان و بەرخودانی قەڵەمی لە هەنگاوە سەرەتاییەکانییە.

**مادح ئەحمەدی: ئەی ئەگەر حکوومەتەکەی دیمۆکراتیک بێت چی؟**

**جەلال مەلەکشا:** بەهەرحاڵ هەروا کە عەرزم کردی رووناکبیر لە هەر کۆمەڵگەیەکدا نەخش و رۆڵی رەخنەگری هەیە. هیچ کۆمەڵگەیەکیش تەواو و بێ عەیب و نەقس نییە و دیارە هیچ حکوومەتێکیش حکوومەتێکی بەتەواوی خەڵکی نییە و هەموو سیاسەتەکانی لە راست و لە خزمەتی خەڵکدا نییە، کە واتە، جەماوەری خەڵک بەتەواوی هەموو سیاسەتەکانی ئەو حکوومەتەیان پەسند نییە، لێرەدا دیسان ئەرکی رووناکبیرە کە بە زمان و بە قەڵەم ناڕاستییەکان راست دەکاتەوە و سیاسەتە چەوتەکان بخاتە بەرچاوی خەڵکی.

* جادو و جەنبەل: سیحر و سیحربازی

**سەرچاوە:** ڕابوون، بەرگی دووەمی پرۆژەی لێکۆڵینەوەی ئەدەبیی دەلاقە
ئامادەکردنی: شەریف فەلاح

# مەڵۆی شێعر

بێهرووز کوردئەحمەدی

جەلال مەلەکشا، لەدایکبووی گوندی «مەڵووشان»ە کە لە پشتی کێوی بەناوبانگی «ئاویەر»ی شاری سنە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەڵکەوتووە.

ناوی گوندەکەی جەلال مەلەکشا بە فارسی کراوە بە «ملکشان»، کاتی خۆی کە لەگەڵ جەلال قسەمان دەکرد، ئەو تیئۆری و دیرۆکی خۆی لەسەر ناوی مەڵووشان هەبوو، ئەگەر باشم لەبیر مابێت، بۆ وێنە باسی «مەڵۆ»ی دەکرد، واتە ئەو کۆگا گیایەی کە دەبڕدرێتەوە و لە یەک دەبەسترێت و پاشان بە کۆڵ و لەسەر شان دەبرێت بۆ ئەو شوێنەی کە مەڵۆکانی لێ دادەنرێت (کەلام، گیشە و خەرمان) دەیگوت لە ئەسڵدا خەڵک پێیان وتووە مەڵۆ لە شان یان مەڵۆ کێشان، کە بەرەبەرە لە دەم و زار خۆشتر و ڕەوانتر و کورتتر کراوەتەوە و ناوی مەڵووشانی لەسەر دانراوە.

من و جەلال هاوتەمەنین و لە یەک ساڵدا لەدایک بووین، پێش شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی بەرانبەر لەگەڵ ١٩٧٨ی زایینی، ئێمە پێوەندیی باش و هەمیشەییمان پێکەوە هەبوو، دوو هاوڕێی تریشمان بوون بە ناوەکانی شارۆخ هەورامی و مەسعوود زەندی، هەردووکیان شاعێر بوون، شارۆخ بە کوردی شێعری دەنووسی و فرە جوانیشی دەنووسی، کوڕێکی یەکجار بەبەهرە و هەستناسک بوو، من ئەودەم و ئێستاش پێم وابووە کە شارۆخ هەورامی ئەگەر بەلاڕێدا نەچووبایە، دەبوو بە یەکێک لە شاعێرەکانی سەردەم کە شانی لە شان سوارە ئێلخانیزادە بدا، بەداخەوە کە سەرەڕای ئەو هەموو هەست و سۆز و بەهرەیە، دوای شۆڕشی گەلانی ئێران کڕ مایەوە و چونکە لە سەرەتاشەوە

لایەنگری ئەحمەد موفتی‌زادە بوو، لەبار چوو و خۆی نەگرتەوە، لەم کۆتاییانەدا زانیم کە کۆچی دوایی کردووە و لە دنیا نەماوە، ڕۆحی شاد بێت.

مەسعوودی زەندی، هەر بە فارسی شێعری دەنووسی، لەژێر کاریگەریی بێ ئەملا و ئەولای «مهدی اخوان ثالث»دا بوو، لە زۆر کۆڕی ئەدەبی و شێعریدا کە بەیەکەوە بەشدارییمان دەکرد هەم شێعرەکانی «اخوان»ی بە جوانی دەخوێندەوە و هەمیش شێعرەکانی خۆی، بەتایبەتی کە مەی و حەرامە شەربەتانیشی دەخـواردەوە وەکـوو خەڵکی باشوور گوتەنی ڕۆحـی بە بەرا ئەکرد، بە خۆشییەوە مەسعوود لە ژیاندایە، داخەکەم کە هەواڵی نازانم، بەڵام لە هەر جێگایەک هەیە هیوای خۆشی و تەندروستیی بۆ دەخوازم.

پێم وابێت جەلال مەلەکشا بە زانایی و ژیرییەوە پاشناوی مەلەکشای بۆ خۆی هەڵبژارد کە هەم بە وتن ڕەوان بوو و هەم بە وتەی خۆیشی دوو دانە شای تێدا بوو، مەلەک و شا، کە هەردووکیان سیمبۆلی دەسەڵات بوون و سامانن، ئیتر باسی ئەوەش بوەستێت کە بە گاڵتە دەیگوت بۆچە کفرە «جلال الدین ملکشاهی»یەکی تر زیندوو بێتەوە؟!» دیارە ئاماژەی ئەو بە «سلطان جلال الدین ملکشای سلجوقی» بوو کە کاتی خۆی چەند سەد ساڵ لەمەوبەر شای وڵاتی ئێران بوو.

هەر وەکوو خۆی زۆر جار باسی دەکرد، جەلال پێچەوانەی هەر دووک پاشناوەکەی بوو، نە مەلەک بوو نە شا، مرۆڤێکی هونەرمەندی بێ سامان بە دڵێکی گەورە و هەستێکی دەوڵەمەند و هیوایەکی بەرین و بیرەوەرییەکی نازەنین بوو، ئەو دەستکورتیی

خۆی بە سامانی گەوهەربەندی شێعر و وشە و واژەی جادوویی ئەوین و حەماسە دەگۆڕییەوە و خۆی بە دەوڵەمەندترین دەهاتە پێش چاو و باوەڕبەخۆبوونی پتر و زیاتر دەکرد.

جەلال ئەودەمە و لەسەروبەندی شۆڕشی گەلانی ئێران هەر بە فارسی شێعری دەنووسی، زیاتر پێی خۆش بوو بەتەنیا بێت و زۆر تێکەڵ نەدەبوو، دوای شۆڕش و بووژانەوەی هەستی کوردایەتی، ئەویش بووژایەوە و خۆی لە زینی پشتی ئەسپی کوردینووسین قایم کرد و گا بە یۆرغە و جاریش بە چوارە خەریکی شێعر هۆنینەوە بوو.

زۆر جار لەگەڵ جەلال باسمان دەکرد، باسیش فرەتر سیاسی و دەربڕینی بیروڕای جیاواز بوو، هەرکامەمان لەسەر ڕێچکەیەک بووین، بەڵام لە ئاکامدا دەگەیشتینەوە یەک و بە کۆڵانی خەرابات و کۆڵانی خەبات و حەشارگەی پێشمەرگە و گەیشتن بە لووتکەی ڕزگاریدا تێدەپەڕین.

بۆ جەلال مەلەکشا، وەک لە شێعرەکانیدا دیارە، مرۆڤبوون و کوردبوون بێی بیسمیلای و ڕزگاریی نیشتمانەکەی هێی حەمدولیللای بوو! لە شێعرێکیدا کە لێرەدا نەهاتەوە بیرم هەتا بینووسم، ئاوات دەخوازێت کە ئاخۆ ببێ ئەو ڕۆژ بێت ترۆمۆبیلەکانی هەڵگری مسافری سنە، ڕۆژێک بێ هاوار بکەن: سلێمانی، سلێمانی!

ئەو دەمی ئێمە لە سنە دەژیاین، لە شەقامی شەشی بەهمەن ترۆمۆبیلی بێنزی ١٨٠ مسافریان بۆ کرماشان دەبرد و دەهێناوە، بێنزەکان بە ڕیز ڕادەوەستان و دەڵاڵەکان هاواریان دەکرد: کرماشان، کرماشان! ئاماژە و ئاواتی جەلال لەو شێعرەیدا ئەوە

بوو کە ڕۆژێک دابێت سنووری نێوان بەشەکانی کوردستان نەمێنێت و تاکسی و پاسەکان هەر بەو ئاسانییە خەڵک بۆ سلێمانی بەرن، دیارە ئاواتی جەلال تاکوو ڕادەیەک هاتە دی، بەڵام ئەوە نەبوو و نییە کە ئەو و زۆری وەکوو ئەو ئاواتیان بۆ دەخواست و خەویان پێوە دەبینی!

جەلال بەو هەستە ناسکە ئاگراوییەی خۆی چەند جارێکیش هاتوچووی باشووری کردووە، بەڵام وەکوو دەگێڕنەوە لەباتی ڕێز و قەدرگرتن، تووشی کێشە و بێڕێزیش بووە، جەلالی شاعێر لەگەڵ کوێرەوەری و نەهامەتی هەمیشە لە گێرە و کێشەدا بووە، ئەوانی وەکوو دێوەزمە و غوولی بیاوان هاتووەتە پێش چاو و هەموو کات لە شەڕیاندا بووە، ئەم لە کەمینی ئەواندا و ئەوانیش لە شوێن ئازاردانی ئەم، پێشتر وتم کە جەلال بە فارسی دەستی بە نووسین کرد، بەڵام دواتر کە زۆربەی شێعرەکانی بە کوردی دەنووسی، ناوە بە ناوە شێعری فارسیشی بڵاو دەکردەوە، جەلال هەوڵی ئەوەی بوو کە هەمیشە بەرەو سەر بچێ، بە داردا هەڵگەڕێت تاکوو دەگاتە لووتکە، بەرەو هەوراز دەچوو، حەزی لە دۆڵ و نزمایەتی نەبوو.

لە شێعرێکی فارسیدا دەڵێت:

**«هوای دریا شنیده‌ام**
**و ندای چالاب مجابم نمی‌کند**
**شعر ادامه‌ی حیات است،**
**دیوارها کوتاهند**
**و گام‌های من بلند**

**پرچین را حریقی می‌سوزاند**
**رفتن برای رسیدن است**
**معراج پرنده دام نیست**
**پریدن است....»**

واتە:
**«هەوای دەریام بیستوووە من**
**ئیتر بە لوورەی چاڵاو**
**ڕازی نابم**
**دیوار نەوین،**
**بەڵام هەنگاوی من بڵندن**
**هەر پەرژینێک**
**بە برووسکەیەک دەسووتێت**
**ڕۆیشتن بۆ گەیشتنە**
**هەڵکشانی باڵندە**
**بەرەو داو نییە**
**بۆ فڕینە.....»**

نەوین: نزمن، بەرز نین
بڵیندن: بەرزن

جەلال لە شیعردا زیاتر لەژێر شوێن و کاریگەریی شێرکۆ بێکەس بووە، هەموو ئەو ناکامی و بێهیواییە کە لە ژیانیدا هەستی پێ دەکردن، بە شێوەیەک لە شیعرەکانیدا ڕەنگ دەدەنەوە، جاری واش تین و تەوژمی ئەو بێهیوایی و بەیاییە (بێتاقەتی) و

نەخشاندنیان لە چوارچێوەی شێعردا وای کردووە کە شێعری واش بنووسێت کە خاوەنی ئەو پتەوی و ڕەوانبوون و بەهێزە نین کە لە زۆربەی شێعرەکانیدا قسەی یەکەم دەکەن.

جەلال مەلەکشا، ئازاری بەدەست زۆر شتەوە چێشت، زوڵم و ستەمی ڕێژیمی سێدارەی ئیسلامیی ئێران لە خۆی و خەڵکەکەی زەختێکی لەرادەبەدەری لەسەر دڵ و مێشک و هەناوی ئەو مرۆڤە دڵپاکە دانا، بەڵام تەنانەت سێزدە / چواردە ساڵ بەندیخانەی ڕێژیمی ڕەشی ئیسلامیی ئێران نەیتوانی ئەو پەیکەرە چل / پەنجا کیلۆییە بشکێنێت و بە چۆکدا بێنێت، بەبێ سڵکردنەوە و ساردبوونەوە و بە ئازایەتییەو هاواری کردووە و بێزاریی خۆی بەرانبەر بە دوژمنانی کوردستان دەربڕیوە.

خەڵکی شاری سنە بە مردنی جەلال مەلەکشا تەرمی پاکی ئەویان بەرەو «مەڵووشان» برد و لەناو هاواری خۆشەویستی و دروشمی ئازایەتیدا بە خاکیی کوردستانیان ئەسپارد.

لێرەدا پێم خۆشە ئاماژە بە دیاردەیەک بکەم کە لە ناشتنی «جەلال»دا هاتە بەرچاو، ئەویش تەڵقینادانی جەلال بە کوردی بوو کە لەوانەیە بۆ زۆر کەس هەم جێگای شانازی و هەم تاسەی ئازادی بێت، بەڵام بۆ «جەلال»ێک کە بایی پووڵە ڕەشێک باوەڕی بە دین و مەزهەب نەبوو، تەڵقین دادانی هەر گاڵتەیە، چە بە عەرەبی بێت چە بە کوردی، جەلال هەمیشە تینوو و تامەزرۆی بستێک خاک و هێلانەیەک بوو کە خۆی واتە نەتەوەکەی خاوەنی بێت و بە ئازادی تێدا بحەسێتەوە، لە بیرمە ڕۆژێک هەر لەگەڵ خۆی باسی سروودێکی نەجمەی «غوڵامی»مان دەکرد کە دەڵێت:

**«چەک هەڵگری خاکێکم**
**دوژمن لە سەری زاڵە**
**من بوومەتە بێگانە**
**بێگانە خاوەن ماڵە....»**

شێعری ئەم سرووده کاک «عەتا فەرەجی» نووسیویەتی.
جەلال شێعری بۆ ئەو خاکە وتووە کە ئێستاش هەر دوژمن لەسەری زاڵە، پێم وا نییە جەلال ئاواتی خواستبێت پاش مەرگی لە ناشتنیدا تەڵقینی بەو وشە و وتانە دابدرێت کە چەکی دەستی زیندانەوانەکەی ئەو و گەلەکەیەتی، جا بە هەر زمانێک بێت!
یادی جەلال مەلەکشا و ناوی ناوداری ئەو هەرگیزا و هەرگیز لە یادان ناچێت و لە بیری هەمووماندا دەمێنێت.

گڵکۆی جەلال لە مەڵووشان، کۆگای گوڵ و کانگای مەڵۆ مەڵۆ ڕێحانە و چنوور و جێگای چەپکە، چەپکە وشە و واژەی شێعری ئەوین و سەربەستییە.
ڕۆحی پاکی شاد و ئازاد بێت!

# یادکردنەوەی
# شاعیری دارەپیرە

**ڕەحیم لوقمانی**

ساڵی ١٩٨٠، ڕۆژێک لە پارکی سەقز کاک عومەری فارووقی نووسەر و لێکۆڵەری شارەکە لەگەڵ بەڕێز جەلال مەلەکشا ئاشنای کردم. ئەو ڕۆژە یەکەمین دیدار و ئاشنایەتیمان بوو، باسی ئەوەی کرد کە تا ئێستا بە فارسی شێعری نووسیوە و لە گۆڤارە فارسییەکاندا بڵاو کراوەنەتەوە. وتی: ئیتر دەمەوێ بە کوردی بنووسم. لەو ڕۆژە بەملاوە ئێمە بەردەوام پێوەندیمان گەرم و گەرمتر بوو. بەتایبەت دوای ئەوەی من لە گۆڤاری سروە هاتمەوە سەقز، پێوەندی و دیدارمان زۆرتر بوو. لە دانیشتن و شێعرخوێندنەوەی دووبەدوودا لە ماڵی خۆمان، باسی زۆرێک لە شێعرەکانی دەکرد. ساڵی ٢٠٠٠ کە من ماڵم هاتە سنە، هاتوچۆ و دیدارمان زۆرتر بوون.

پێش لەوەی دیوانی زڕەی «زنجیری وشەی دیلەکان»ی چاپ بکرێن من ئاگاداری ڕازی زۆربەی شێعرەکانی بووم و وەک خوێنەرێکی بەردەوام و هۆگرێکی شێعری کاک جەلال، لەگەڵ جیهانی فکر و ڕامانی وشەکانی ئاشنا بووم. لە دیوانی «زڕەی زنجیری وشە دیلەکان»دا، کۆمەڵێک دەستەواژە و هێما لە زۆربەی شێعرەکاندا، وەک دیاردەی ناو کۆمەڵگە و ژیانی خودی شاعیر، سەرنجی خوێنەر بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن. لەو دەستەواژانە وەک: دۆزەخ، جەهەندەم، شەوەزەنگ، گورگ، چەقەڵ، مار و دووپشک، زەلکاو، ئازار، شەختە، خەمڕێژ، تفەنگ، دەسڕێژ، مەرگەسات، خوێن، سیخوڕ، چقڵ، ئاستەنگ، کەلەپچە، بزمارڕێژ، تەم، مژ، ئەنگوستەچاو، یاخی و.... کەسی بێگانە و نەشارەزا بە ژیان و نیشتمانی شاعیر، ئەوەندەی بەسە کە لە

دەلاقەی ئەم وشانەوە بڕوانێتە دنیای شێعرەکان، تا سەربوردە و ژیانی شاعیر و هاووڵاتیانی بناسێت و بزانێت. چونکە ئەم دەستەواژانە بە ڕاشکاوی نیشاندەری ڕوخسار و ناخی نیشتمان و هاوزمانانی شاعیرن. شاعیر بە جۆرێک تێکەڵی ئازار و ژانی ژیانی کۆمەڵگەکەی بووە، کاتێک باسی ژیان و ئازارەکانی خۆی دەکات، لەڕاستیدا کارەسات و نەهامەتییەکانی خەڵکی وڵاتەکەیمان نیشان دەدات، چونکە خۆشەویستیی نیشتمان و ئازارەکانی، تانوپۆی چنراوی خەیاڵی شاعیرن. شاعیری دەروەست هەرگیز بەدوور نەبووە لە خەم و خۆشی و خەون و خولیا و ئازارەکانی نەتەوەکەی. شاعیر کە بەوپەڕی دڵناسکییەوە بۆ گوڵێکی تەرزەلێدراو خەم دایدەگرێ و بە چاوی شێعرەوە بۆی دەگری و دەچێ بە گژ هەوری ڕەشاودا، کاتێک دەبینێ گوڵ و جوانی بە هەودای خوێن تەقەڵ دراون، چۆن دەتوانێ بێدەنگ بژی و خۆی لەو ڕاستییە تاڵانە گێل بکات! شاعیری مرۆڤایەتی و ئازادی، تەنانەت لەم دۆزەخی ژیانەدا، هەرگیز بە درۆ نەهاتووە فەزایەکی دوور لە واقیع و ڕۆمانتیکی ئورووپایی! ساز بکات و تەنیا بە قاچ و قول و ماچی خۆشەویستەکەیدا هەڵبدا و شانازی بەوە بکات کە شێعری سیاسی نانووسێت! یان خۆی بە مودێڕنترین کەس بناسێنێت! شاعیر ئەوەندە تێکەڵی سۆز و خۆشەویستی نیشتمانەکەی بووە، هەرچەند بەهەشتی نیشتمانیان کردووە بە دۆزەخ، بەڵام ئەو بە هیچ شێوەیەک ناتوانێ لێی جیا ببێتەوە، یان لێی دوور بکەوێتەوە و ژیانێکیتر بۆ خۆی مسۆگەر بکات. لە شێعری دۆزەخدا دەڵێت:

**لە ناو گڵپەی پڕ لە ئازاری ئەم دۆزەخەدا**
**دەسووتێم و هەڵدەقرچێم**
**ڕۆژێ هەزار کەڕەت دەمرم**
**بەڵام هەرگیز ناتوانم نا،**
**بەجێی بێڵم**
**ئەو بەهەشتە شاد و سەربەستە بۆ ئێوە و ...**
**بەکامتان بێ...**
**من تەنیا هەر لەم دۆزەخە**
**هەست بە بوونی خۆم دەکەم و ئارام دەگرم!**

خاڵی گرنگی شیعری کاک جەلال ئەمەیە، کە بە جۆرێک بە جەستە و ڕۆح لەگەڵ دیاردەکانی وڵات و خەڵکەکەیدا تێکەڵ بووە، کاتێک دەیەوێ باسی کێشە و ئازار و خەمە خەستەکانی نیشتمان بکات، بە جۆرێک لە ئازار و تەنیایی و زامەکانی ڕۆح و جەستەی خۆیەوە دەدوێ، کە خوێنەر تووشی دوودڵی دەکات، داخۆ ئەمە باسی نیشتمانە یان ژیانی خودی شاعیر!

**شڵێوەی ئەکرد،**
**بەفر و باران، تۆف و کڕێوە،**
**ڕێگەی ماڵیان لێ ون کردم**
**لەناو گێژی بۆرانێکی سیاساڵا چەواشە بووم،**
**تۆفان پاڵی پێوە ئەنام**
**خۆم نازانم بۆ کوێ ئەچووم ...**

**بە وشەی تیشک قسەم لەگەڵ شەوا ئەکرد**
**دژی زریان و شەختە بووم...**
(دیوان، خەون ئەبینم یان بێدارم)

لە ڕاستیدا ئەم ڕێبوارە پڕ ئازارە کە لە گێژاوی سیاساڵدا چەواشە کراوە و ڕێگای بێ هەتەر دەپێوێ، خودی شاعیر نییە، بەڵکوو کاروانی بێ کۆتایی نەتەوەیەک و مێژوویەکی دێرینی پڕ لە ئاستەنگە کە وا سەدان کەڕەت گۆڕەپانیان لێ کردووەتە جەهەندەم و وڵاتیان تێدا هەڵقرچاندووە، سەرەڕای ئەمەش دیسان هەر ڕێدەکا و ڕێ دەپێوێت.

**ڕێبوارێکم بە قەد مێژوو**
**وەرز وساڵ و سەدەم دیوە،**
**بەقەد مێژوو، چقڵی ڕێگام لەنێو سینگ و دڵ چەقیوە**
**بەقەد مێژوو، دێوەزمەی بەسامی ڕێگا**
**لە ئاسمانی چاوەکانمدا، ئەستێرەی گەشی چنیوە**
**من ڕێبواری مێژووی تاڵی دڵی خۆمم،**
**هەر ئەڕۆم و هەر ئەڕۆم و هەر جێماوم...**

وەک لە زۆربەی شێعرەکاندا دەردەکەوێ، سەرچاوەی شێعری کاک جەلال دوو بنەمای خۆشەویستی بووە. یەکەم خۆشەویستی نیشتمان، دووەم، ئازیزەکەی. دیاردەکانی هەر دوو خۆشەویستی بە جۆرێک لە شێعرەکانیدا پێکەوە تەنراون کە جیاکردنەوەی خودی شاعیر هەندێ جار دژوارە، بەڵام لە خاڵی

کۆتاییدا بە زمانێکی شاعیرانە کەسایەتیی خۆی نیشان دەدات. ئەگەرچی لە هەندێ لەو شێعرانەدا کە باسی خۆشەویستیی خۆی تێدایە، زۆر جار کۆتایی بە نائومێدی و لەدەستچوونی ژیان دەشکێتەوە، وەک «ئاخاوتن لە ئەوین». بەڵام لەو شێعرانەی کە باسی خۆشەویستیی نیشتمان، یان بەرەنگاری نەتەوەیی تێدایە، خاڵی کۆتایی بە هیوا و گەشبینییەوە دێتە ئەنجام، وەک «داستانی دارەپیرە و ئێعدامی».

زمانی شێعری کاک جەلال، سادە و خۆمانە و لەدڵ نزیکن. ئەم ساکارییە زمانی هاوبەشی کۆمەڵگەی بەردەنگی شاعیرە. دەرکەیەکی ئاوەڵایە کە هەموو کەس بە ئاسانی بتوانن لەوێوە بچنە ناو دنیای خەیاڵ و خەون و هاواری چەند ساڵەی شاعیر، کە هەموو دەغدەغەکانی ژیانی ئەوانیش لەخۆ دەگرێت. خەڵکی کۆمەڵگەی شاعیر زۆربەی ئەم شێعرانە بە خولیا و هاواری ژیانی خۆشیانی دەزانن، هەر بۆیە خاوەنی ئەم شێعرانە پێگەیەکی باش و کەموێنەی لە ناو هاوزمانانیدا بووە.

زمانی سادە و خۆمانیی شێعری کاک جەلال لە چەند لایەنەوە جێگای سەرنجە:

یەکەم نیشاندەری شەفافبوونی شاعیرە کە لە هیچ بابەتێکدا دەمامکی بەڕوودا نەگرتووە و هەرچی نووسیوە ئاوێنەی کەسایەتیی دەروون و ڕواڵەتی خودی شاعیر بووە. دووەم ئەم زمانی گوتارە هەمان زمانی خەم و سۆز و عاتیفە و زمانی هاوار و خەمەکانی کۆمەڵگەی شاعیرە کە خۆیشی یەک لە ئەندامانی هەمان کۆمەڵگەیە. من لە هیچ شێعرێکیدا نەمدیوە زمانێکی ساختە و چەواشە بەکار بهێنێت، یان لێڵاوێکی تەنک وەک دەریا نیشان

بدات و فیزی فەیلەسووفانەی پێوە بکات و بڵێ خەڵک لە شێعری من ناگەن!

سێیەم، زمانی گێڕانەوە لە هەندێ شێعرەکاندا تا ڕادەیەک نزیک زمانی چیرۆک بوونەتەوە. دەستپێک و ڕەوتی گێڕانەوە، زەمینەی چیرۆکێک ساز دەکەن، خاڵی لووتکە و کۆتاییش بە هەمان شێوە، بەڵام خاڵی کۆتایی هەمیشە بە پەیامێکی تەکاندەر و ڕاچڵەکێنەری ئینسانی دەگاتە ئەنجام. نموونەکان: چاوی گورگ، بۆ کچێکی قەرەج، کارەسات، ڕووداوێک، پڵنگ و مانگ، ڕاز، داستانی دارەپیرە. دەتوانم بڵێم شاعیر بە ئەنقەست ئەم زمانە ڕاستەوخۆی وەک پردەبازێک بەکار هێناوە تا هەموو خوێنەرێکی ئاسایی، بە ئاسانی بتوانن تێکەڵی ڕاز و نهێنییەکانی شێعرەکانی ببن.

بە پێویستی دەزانم ئاماژە بە خاڵێکی دیاری دیکەش بکەم، کە ناکرێ چاوپۆشی لێ بکرێت. لە هەندێ شێعردا پەیام و ڕاگەیاندن گرنگی و قورسایی تایبەتی بووە و ویستوویەتی زمانی ئاسایی و سادەتر بەکار بهێنێت؛ بە هەمان شێوە لایەنی زمانی شاعیرانەی دابەزیوە و شێعر بووەتە گوتارێکی ئاسایی کە تەنیا لە خزمەتی پەیامدا بووە. لێرەدا نامەوێ هەڵسەنگاندن بۆ شێعرەکان بکەم، چونکە ئەوە بابەتێکی ئەدەبییە و لەگەڵ بەسەرکردنەوەی شێعری کاک جەلال و یادکردنەوەی هاوڕێی کۆچکردووم ناگونجێت. نموونەیەکی دیاری ئەو بۆچوونەم کە ئاماژەم پێدا، شێعری «گازندە»یە. ساڵی ١٣٧٢ ی هەتاوی (١٩٩٣ ز) ئەو شێعرەی تازە نووسیبوو، دوو سێ ڕۆژ لە سەقز پێکەوە بووین و زۆر شێعرمان بۆ یەکتر خوێندەوە و من تۆمارم کردوون. وەک خۆی

باسی بۆ کردم، چەند کەسێک لە دوورەوە بە توندی ڕەخنەیان لێ گرتبوو، ئەویش بە جۆری ڕەخنەکەیان زۆر بێزار و ناڕەحەت ببوو. ئەو شێعرەی لە وەڵامی ڕەخنەکەی ئەواندا نووسیبوو، لە شێعرەکەشدا تووڕەیی و بێزاربوونی خۆی نەشاردووەتەوە. ئەم شێعرە زیاتر زمانی تووڕەبوون و داخڕژاندنە، تا وەک زمانی شێعرەکانی دیکەی:

**ئێوە چین من بتاندوێنم؟**
**هێندە چووکەن،**
**تەنانەت بە مێروولەشتان ناشوبهێنم**
**من شاعیری دڵی خۆمم**
**چیتان دەوێ بەرماوخۆران؟**
**بۆ چەقۆتان هەڵگرتووە،**
**سینگی شێعرەکانم بدڕن ؟**
**ئاگادار بن لەم بێشەدا شێر خەوتووە!**
**کەم وەک داڵاش**
**بەسەر جەستەی ماندووی خەمڕێژمدا بفڕن**
**ئێوە چین من بتاندوێنم...**
(گازندە ٢، زڕەی زنجیری وشە دیلەکان)

بە گشتی دەتوانم بڵێم کە زمان و سۆزی شاعیرانە لە دیوانی «زڕەی زنجیری وشە دیلەکان»دا زۆرتر لە خزمەتی نەتەوە و نیشتمان و شێعری بەرەنگاریدا گەڵاڵە کراوە. زمانی حەماسە

و قارەمانەتی، ڕاوەستان لە بەرانبەر کارەساتەکاندا، وێناکردنی مەرگی شەهیدان، جیهانبینی نەتەوەیی، بێزاری و تووڕەبوون لەباری قورسی ژیان، هاواری ڕزگاری لە بەند و دیواری زیندان، بێزاربوون لە قاقڕستان و شۆفارانی گەل و ... هەموو ئەمانە زیاتر لە چوارچێوەی ئەدەبی بەرەنگاریدا دێنە ئەژمار، کە شێعری کاک جەلال لەم بابەتەوە دیارترین نموونەی شێعری بەرەنگاری ئەم سەردەمەی ڕۆژهەڵاتە.

زستانی ساڵی ١٣٧٠(١٩٩١) کاک جەلال لە زیندانی (ورمێ)وە نامەیەکی بۆ من نووسیبوو، کە لەم وەزعە زۆر بێزارم، بەڵکوو لای ئەدیبانی سەقز و دۆستانی یەکێتیی نووسەران کارێکی بۆ بکرێت. چونکە ئەو ساڵانە یەکێتیی نووسەرانی سلێمانی لە سەقز نیشتەجێ بوون. من نامەکەم نیشانی یەک دوو کەس لە دۆستان دا، کە بەڵکوو بتوانین لە ڕێگەی یەکێتی نووسەرانەوە کارێکی بۆ بکەین. لەو سەروبەندەدا بەهیە خانمی خێزانی زەنگی بۆ ماڵی ئێمە لێ دا و گوتی: ئەگەر جەلالتان خۆش دەوێ، جارێ لێی گەڕێن تا بەڵکوو لەو بەڵایە ڕزگاری بێت... سەرەڕای هەموو کێشەیەک، بەڕاستی خەڵکی کوردستان، ئەوەی شێعری ئەویان دیبێت، بەگشتی هەموو دۆستان کاک جەلالمان خۆش دەویست. ئەم چەند ساڵەش کە لە سنەم، لە نزیکەوە دیدار و ئاگاداریمان زۆرتر بوو. هەرچی دەچووم بۆ ماڵیان هەمیشە کەسانی ئاشنا و نائاشنا میوانی بوون. جاروباریش لە تۆڕی کۆمەڵایەتیدا دەمبینی کەسانێک کە هەر شێعری ئەویان نەخوێندبووەوە، یان هەر کوردی خوێندنەوەیان بە پێویست نەزانیبوو! بەڵام کە پێویستیان

به ناو و پێگەیەکی کۆمەڵایەتی باش بووبێت، بۆ وەرگرتنی ڕای خەڵک و خۆدەرخستن بە چاکە، دەهاتن دیداری کاک جەلالیان دەکرد و دواتر دەیان وێنەیان لەگەڵ دەگرت! بەڵێ کاک جەلالی شاعیرمان لەوپەڕی سەختی ژیاندا بوو، بەڵام لە زۆرکەسانی دارا و دەسەڵاتدار، گەلێک دەوڵەمەندتر و خۆشناوتر بوو. یادی بەخێر، هەمیشە ئەم ڕاستییەم بە خۆی دەگوت: کاک جەلال گیان، ئێمەی دۆستان و هەموو خەڵکی کوردستان تۆمان بە گیان و دڵ خۆش دەوێ، ڕەنگە تەنیا یەک کەس هەبێ تۆی خۆش نەوێ، بە داخەوە ئەویش خۆتی!

من لە وەڵامی نامەکەی ساڵی ١٣٧٠دا شێعرێکم بۆ نووسیبوو، ئیتر نازانم گەیشتە دەستی لە زیندان یان نا، بەڵا دواتر بۆم خوێندەوە. لێرەدا ئەو شێعرە پێشکەشی ڕەوانی پاکی کاک جەلال و هۆگرانی شێعرەکانی دەکەم. ڕەوان شاد، ڕێگای بەردەوام، دەنگی شێعری بەرزتر و یادی هەرمان بێت.

## بێزار

**دێوسامی شەو**
**بەسەر مانگ و ئەستێرەدا هەنگاو دەنێ**
**تاریکستان،**
**بە زەردوویی ڕوخساری خۆر پێدەکەنێ**
**جەمسەری ڕێ لەناو گەرووی ئەژدەهایە**
**چاوی دەریا،**

مەیدانی تۆڕەوانییە و مەرگی ماسی
ئۆقرەم، دەریایەکە هەڵچوو
لرفەی رووباری دەمارم
چیای دڵم رادەژێنێ
لەسەر لووتکەی شیعرمەوە
تووڕە بوونی گڕکانێکە
دڕک و داڵی وشکە یاسای
چەقی رێمان دەسووتێنێ
ئەی هاوڕێکەم!
هەتاو و ئەستێرە و رێبوار
لە کۆنە دێوی خێوی شەو
لە چاوە گورگی دەوری ڕێ
بێزار بێزار
وەکوو ئاگر لە ئاگردان
هەڵۆی وشە،
لە هێلانەی دڵی شاعیر
پەپوولەی سۆز،
لە گەرووی خنکاوی تەنبوور
ئەی هاوڕێکەم!
لە ئاستی تۆ و
قاقای شەو و دەریای نوستوو
زرێبار و وان و ورمێ

**تووڕە و بە کوڵ**

**ڕووبار ڕووبار**

**لە دەروونی منا ئەژین**

**لە چاوانی منا ئەگرین**

۷۰/۱۱/۲۳ سەقز

ڕەحیم لوقمانی ـ سنە ـ ۱۲ سەرماوەزی ۲۷۲۰

# ناسیۆنالیزمی ئەدەبی لە شیعری جەلال مەلەکشا

بێهزاد خۆشحالی

ئەوەی لێرەدا ئێمە لەژێر ناوی ناسیۆنالیزمی ئەدەبی دەیناسێنین، بزووتنەوەیەکی فکرییە، کە پێشاندەری گرووپێکی بەرفراوانە لە وەڵامە ڕەخنەگرانە دەروەستەکان لە چواچێوەی ئەدەبیاتدا بۆ کێشەی نەتەوەیی. نەتەوەگەرایی ئەدەبی، لەبەرچاوگرتنی بەستێن و جوانیناسیی تایبەتی بەرهەمەکانە لە چوارچێوەی ئەدەبیاتدا بە تەوەری نەتەوەییەوە. ئەم بزووتنەوە هۆگری و دەروەستی ئەوەیە، مێژوی نەتەوەیی زیندوو بکاتەوە، پێکهاتە، چەوساندنەوە، دوژمن، خواست و داخوازییەکانی نەتەوەیەک بە دەربڕینی داهێنەرانەوە هەوڵ دەدات ناوەڕۆکێکی زەینی و بابەتی لای ئەو خەڵکانە دروست بکات، کە ناوی نەتەوەیان لەسەر دانراوە. هەروەها ناسیۆنالیزمی ئەدەبی دەتوانێت ئێنتمای بۆ بزووتنەوەیەکی توندڕەوانەش هەبێ و ببێتە هۆی ئەوەی لە سیاسەت و دەسەڵاتیشدا ڕەنگدانەوەی هەبێت. بە واتایەکی دیکە ناسیۆنالیزمی ئەدەبی، پرۆسەی قووڵی وەبەرهێنان بۆ بەردەوامیی خەڵک، هاوبەندی پێکەوەیی لە چوارچێوەی نەتەوە، خەباتی نەتەوەیی و خواستە نەتەوەییەکانە بە سوودوەرگرتن لە ئەدەبیات. ڕوون و ئاشکرایە کە ناسیۆنالیزم بە ڕۆیشتنە نێو ئەدەبیاتەوە، ئاستی بەرز دەبێتەوە بە شتێکی زیاتر لە بەستراوەبوونێکی سادەی سۆزداری، لەبەر ئەوەی سەرزەمین و کیانێک لە سیستەمێکی بەردەوام و چالاکدا لەڕێگای ئەدەبیاتەوە بە یەکتر دەبەستێتەوە، کولتورێکی جیاواز پێناسە دەکات و بە جێگیرکردنی لە زەین و زمانی نەتەوەدا، تۆڕێک لە مرۆڤەکان خاوەن ئایدیای دەگمەنی نەتەوەیی دەئافرێنێت. هەروەها ناسیۆنالیزمی ئەدەبی گشتگیر و بەرفراوانە و بەهۆی خێرایی لە بڵاوبوونەوەی بە شێوەی ئاسۆیی، بە ئاسانی توانایی

ڕێکخستنی گرووپەکانی خەڵکی بەرەو ئامانجە سیاسییەکان هەیە و وزەیەکی گەورە بۆ زاڵبوون بەسەر ناهەمواریی نەتەوەیی بە ئامانجی پێکهێنانی پێکهاتەیەکی یەکپارچەی نەتەوەیی دروست بکات.

جەلالیش وەکوو زۆربەی کوردەکان بە ڕوانگەی چەپەوە دەست پێ دەکات و سەرەتا ڕێگاچارەی ڕزگاریی مرۆڤ لە چەوساندنەوە و ئازاری نەتەوەیی بە چارەسەری ئایدیۆلۆژیا، داوا دەکات و دەیەوێت چارەسەری بکات. ئەمەش لەو قوناغەدا گوتاری زاڵی ئەویشە و بە زمانی فارسی شێعر دەهۆنێتەوە. بە شێوەیەک باوەڕی بە جیهان نیشتمانی هەیە و ئازاری هاوبەشی مرۆڤەکان دەکاتە ئامانجی خۆی. بەپێی سروشت و ئەو ژینگەیەی تێدا دەژی، کەسێکی سیاسیشە. لە سیاسەت دەگاتە بۆنبەست و چ پێش شۆڕشی ئێران و چ دوای ئەویش، تاوانی چەپبوونی بە بەندکردن و زیندانی دەدات. دوای ئەو بۆنبەستە، دەبێتە ئەندامی گۆڤاری سروە و لەژێر کاریگەری هێمندا، ژینگەی زەینی خۆی بە شێعر  و ئەدەبیاتی کوردی دەگۆڕێ و ژێر و ڕووی دەکات. لێرەدا مەبەستی ئێمە ئەوە نییە، کە پێش لەمە بیری لە کورد نەکردووەتەوە، یان شێعری لەو بارەیەوە نەهۆنیوەتەوە، بەڵکوو زەینی زاڵ و باڵادەستی ئەو، بەستراوەتەوە بە کێشەی کوردەوە. بە هەمان شێوە کە شێعر لەبارەی ڕەنجەوە دەهۆنێتەوە، بەهەمان شێوەش ڕوانگەیەکی چەپی لەبارەی کێشەی کوردەوە هەیە، زۆرتر باسی ئازار دەکات، باسی چەوساندنەوە دەکات، شێعر بۆ  نادادپەروەری و دادپەروەری دەهۆنێتەوە، بەڵام ئێستا ئیدی ڕەنج و چەوساندنەوە و نادادپەروەری  لە وشەکانیدا سیلەی

لە کوردەکان گرتووە و لە کلاورۆژنەی کوردبوونەوە سەیری جیهان دەکات. ئەو لە دەستی خۆی نارەحەتە و بەهۆی هەژاری و نەخۆشییەوە ئازار دەچێژێت، ئەمەش هەندێ کات هەتا سنوری بێهیوابوون دەیبات. ئەمجارە ئیدی لەگەڵ زەحمەتکێشانی جیهاندا نییە، بەڵکوو لەگەڵ خەڵکەی خۆی دەبێتە یەک خود. هێدی هێدی جوگرافیای زەینی ئەو، بە کوردستانێکی گەورە نزیک دەبێتەوە، هێما نەتەوەییەکان لە هزریدا ڕۆحیان بە بەردا دەکرێت و لەمە بەدواوە، جیهانی کوردی لە شێعرەکانی ئەودا بەدەر دەکەون. بە زمانێکی سادە، بە وشەگەلێکی جەماوەری، هەڵبەتە زۆربەی کات بە توانج و بەپێی بارودۆخی سیاسی زاڵ، شێعر دەهۆنێتەوە. ئێستا ئەو دەروەستبوون لە ئاست نەتەوە و سەرزەمینی لە شێعرەکانیدا دامەزراوەیی کردووە، ڕەخنە دەگرێت، گاڵتە بە پێکهاتەکان دەکات، لۆمەی دوژمن دەکات، سەرکۆنەی داگیر دەکات، بە خەبات و خۆڕاگریدا هەڵدەڵێت و لە هەندێ شێعری، بە دەربڕینێکی داهێنەرانە، بە دروستکردنی وێنەیەکی داهێنەرانە سنوورەکان دەسڕێتەوە. هەوڵی ئەو بۆ وەبەرهێنان لەسەر خەڵک، بۆ دروستکردنی هاوبەندی، دەگاتە ئەنجام و وشەکانی شێعری لە زەین و زمانی خەڵکدا جێگیر دەبێت. هەرچەندە ئێمە ناتوانین ئەزموون و ئازاری جەلال بەتەواوی بناسین، بەڵام بێگومان ئەم ئازارە، کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر دادەنێت کە بۆ ئەو بووەتە خێرێکی گەورە لە ڕەنگدانەوەی ئازارەکانی نەتەوەیەکدا.

# «نەشتەر لەسەر بارستای شەو دادەنێم»
## جەلال مەلەکشا؛ دوو جیهان و دوو زمان

یوونس ڕەزایی

**«وەرز، وەرزی زەردی پاییزە**
**ئاسمان، دڵتەنگ و بێدەنگ و زەوی سارد و خەفەتهێنە**
**هەر دەڵێی تۆوی مەرگ وەر بووە بەسەر**
**عومری سەوزی جەنگەلی پیردا**
**هەر وەکوو ئەسرین، لە گوێنی ئەو کەسەی ژیوان لە کاتی تاڵی گیانەڵڵا.**
**دادەچۆڕێتن لە چاوی جەنگەڵا**
**ئەسرینی زەرد و سووری بێدەنگی گەڵا.**
**وا هەتاو بێ هێز، هەر بە چەشنی دوا بزەی سەردار**
**ئەو دەمەی تێک دەشکێ کات و سەردەمی شێوان،**
**دوای برین و خوێن و**
**تێکشکانی لەشکری دەیخاتە سەر لێوان و...**

هەندێ دەستەواژە و زاراوە هەن کە بەردەوام دووپات دەبنەوە و جاری وایە بەهۆی دووپاتبوونەوەوی لەڕادەبەدەری مەبەستمەند و بێمەبەستیان، یا لە واتای سەرەکیی خۆیان دوور دەکەونەوە، یان ئەوەی واتایەکیان بۆ دادەتاشرێ کە لە جەوهەری سەرەکیی دەستەواژە یان زاراوەکە دوورە. نەسڵی پێشوو، بەرەی بەر لە ئێستا، ئەدەبی بەرەنگاری و زۆر بابەتی دیکە، نزیکەی دوو دەیەیە لە لایەن کەسانی جوداواز و بە توانا و تێگەیشتنی جوداوازەوە دووپات بوونەتەوە. نەسڵی بەر لە ئێمە و بەرەی بەر لە ئێستا، بە تێگەیشتنی من لە زۆربەی ئەو نووسراوانەی دیتوومن واتایەکی جگە لەو ئاماژەیەیان نییە؛ کۆمەڵێک نووسەر و شاعیر هەبوون، کە ئێمە لە ئەدەبیاتدا چ پێوەندیمان بە نووسین و شێوازی بیر و ڕوانگەی ئەوانەوە نییە و بەو شێوەیە ئێمە نەسڵی نوێ و بەرەی تازەین و ئەوانیش ئەگەر سووکەڵە کاریێکیان کردبێ ئەوە ئێمە

ئاگادارییەکی وامان لێی نییە. بۆ واتای ئەدەبی بەرەنگاریش کە زۆر دووپات بووەتەوە، دیسان مەبەستێکی زۆر و کەم نزیک لەو واتایەی پێشوو لە گۆڕێ دایە. واتە ئەدەبیاتێک کە لە قۆناخێکی تایبەتدا، بەهۆی بارودۆخێکی سیاسی تایبەتەوە سەری هەڵدا و ئێستا کارکردی خۆی لە دەست داوە و چۆتە ناو لاپەڕەکانی مێژووەوە. زۆرتریش واتاکەی بەرەو ئەو بەستێنە بردراوە کە ئەدەبیاتێکە لە دەقەکانیدا، نووسەران بە نووسین بەرەنگاری نەیارانی گەلی خۆیان دەبنەوە و پشتگیری لایەنەکانی پێوەندیدار بەو کێشەیەوە دەکەن. لێرەشدا من هەر دوو بۆچوونەکەم پێ ناتەواوە. واتە نە ماوەی ئەو جۆرە لە نووسین بەسەر چووە و نە ئەدەبی بەرەنگاریش تەنیا لەو چوارچێوەیەدا بەرتەسک دەبێتەوە.

لە لایەکی دیکەشەوە پێم وا نییە کەسانی بەتەمەن پیرتر و بە نووسین بەئەزموونتر لە ئێمە، کە ئێستاش خەریکی نووسینن، هیچ پێوەندییەکی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆیان بە کار و بیرکردنەوە و شێوەی روانینی ئێمەوە بۆ ئەدەبیات نەبێ. بارێکی دیکەی ئەو وتەیە ئەوەیە؛ نەسڵی بەتەمەن و بەئەزومونتر کاریگەری ئەرێنی یان نەرێنییان لەسەر بەرهەمی ئەدەبی و روانگەی ئەدەبیی ئێمە هەبووە و کاریگەرییەکەیان بە هەر باردا لێک بدەینەوە، مانای وایە ئەوان لە دونیای فیکری ئێمەدا حوزووریان هەیە و ناو و نووسینیان لە لاپەڕەکانی مێژوودا بەو واتایەی کە دەبێ وەلا بندرێن؛ تۆمار نەکراوە. چون ناتوانین بڵێین داهێنان لە چاخێکدا بوونی هەیە و کە رۆڵی خۆی گێڕا و پاش سەردەمێک دەسپێردرێتە لاپەڕەکانی مێژوو و بایەگانی دەکرێ و نەسڵێکی تازە بێ ئاوڕدانەوە لە بناخەیەکی لەوە پێش داڕێژراو، کارێکی

نویٚ دەست پیٚ دەکاتەوە کە رابردووی هەر بۆشاییە. داهێنانی نویٚ، زمانی بەهێز و فۆڕمی تاقی نەکراوە، وێڕای ئاگاداری لە توانایی زمانی و فۆڕمی و واتایی، دەقی بەرهەمهاتووی بەر لە ئێستا؛ واتای لێکگرێدانەوەی ئەزموونەکان و تازەتر کردنەوەی روخسار و ناخ و ناوەرۆکی ئەدەبیاتیشی لە ناخ دایە.

لە شێعری کوردیدا کە تا ئێستا بە هەڵە و هەڵبەت بە ئەنقەست بە سەر دوو ئاقاری شێعری کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان و شێعری کوردی باشووری کوردستاندا دابەش کراوە، ئەو بەهەڵەچوون یان بەهەڵەدابردنە، سیمایەکی زۆر زەقتری هەیە. یەکەم ئەو دابەشکردنی نەسڵ و بەرە ئەدەبییانە زیاتر بەو مەبەستە کراوە کە نیشان بدەن گرووپ و تاقمێک لە نووسەران ماوەی بەرهەمەکانیان بەسەر چووە و بوونی ئەو بەرهەمانە ئێستا پێویستییەکی ئەوتۆی نییە. دووهەمیش ئەوەی؛ کاتێک کوتیان شێعری کوردی باشوور، یان رۆژهەڵاتی کوردستان، هەرکام لەوانەش ئاماژەی واتایی تایبەتی خۆیان هەیە و بەداخەوە لەلایەن نووسەران و شاعیرانی رۆژهەڵاتیشەوە پەرەی پیٚدراوە. شێعری کوردی لای ئەو تاقمە واتە شێعرێک کە لە باشووری کوردستان و لە لایەن شاعیرانی گەورە و داهێنەری ئەوێوە بەرهەم هاتوون و لە دابەشکارییە شێعرییەکانی کوردیدا، پشکی شاعیرانی رۆژهەڵاتی ون و نادیارە و یەستا ئەو ئاستەیان بۆ قایل نین کە نێویان بێتە نێو نێوان. واتە ئەو تاقمە کە هەندێکیان دڵسۆزانەش رەنگە حەول بدەن مێژوویەک بۆ ئەو بەرهەمانە ساز کەن، دەیانهەویٚ بە گشتی هێڵێکی جیاکەرەوە لە مابەین ئەو بەرهەمانەدا بکێشن و ... ئەو بابەتە باسێکی یەکجار تەسەل هەڵدەگریٚ.

مەبەست لەو نووسینە بە لاڕێدابردنی خوێنەر نییە، ڕاست لێرەوە دەمهەوێ باسی ئەوە بکەم، لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە، بەرهەمی تاقمێک شاعیر و نووسەر لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی کوردستانی ئێراندا بڵاو بوونەوە کە لە سازکردن و پێکهێنانی ڕوانگەیەکی ئەدەبی لەو جوغرافیایەدا ڕۆڵی کارایان هەبووە. ئەو تاقمە بەهۆی ئەوەی یەک و دوان نین و هەموو ئەو شاعیر و نووسەرانە دەگرێتەوە کە لە گۆڤارەکانی سروە و ئاوێنە و ... بابەتیان بڵاو دەبۆوە، هەر بۆیە تا لێکۆڵینەوەیەکی وردتر لە ناوهێنانی ڕەمەکییان خۆ دەبوێرم و لێرەدا تەنیا ئاماژە بە ناوی کاک جەلالی مەلەکشا، یەکێک لەو شاعیر و نووسەرانە دەکەم.

جەلالی مەلەکشا، شاعیرێکی ئاگادار لە ئەزموونە شێعرییەکانی کوردی و فارسی و چیرۆکنووسێکی بەتوانایە، کە ماوەیەکی دوور و درێژە بەرهەمیم لە گۆڤارەکاندا خوێندۆتەوە و لەو دواییانەشدا کتێبیم دیوە. هەر بەهۆی ئەو بەرهەمانەشییەوە دەزانم کاری ئەدەبی ئەو چەندە ڕەگاژۆی گەیوەتە سەرچاوەکانی ئەدەبی پێش خۆی و چەندەی ئاگا لە ئەدەبی جیهانی بووە و ئاکامی ئەو تێگەیشتنەی لەو دوو بوارەدا، بۆ شاعیرانی لە خۆی کەمتەمەنتر چ بووە.

بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کوردستانی ئێران- کە پێویست نییە لەو کورتە نووسینەدا شی بکرێتەوە، وای کردبوو شەپۆلەکانی نوێکردنەوەی شێعر درەنگتر بگاتە ناو شاعیران و نووسەرانی ئێرە و کتێب و بەرهەمی کوردی بە نەفەسی کەمتر تازەگەرانەوە بنووسرێ و بەرهەم بێ. ئەگەرچی شاعیرانی داهێنەری وەک سوارە و هاوڕێکانی کارێکی مەزنیان لەو بوارەدا

کردبوو، بەڵام ئەزموونی ئەوانیش تا ماوەیەکی دوور و درێژی دوای خۆیان بڵاو نەبۆوە. سەرچاوەی خوێندنەوەی شاعیران و نووسەرانی ئێرە یەکەم: دەقی شێعری کەسانی وەک گۆران، هەردی، شێرکۆ، پەشێو، لەتیف هەڵمەت، رەفیق سابیر، ئەنوەر قادر و بەهۆی بڵاونەبوونەوەی بەرهەمەکانیان بە شێوەیەکی کەمتر سوارە و چاوە و ... بووە و دووهەم بەرهەمی شاعیرانی ناوخۆ کە نە بە شێوەی کتێب، بەڵکوو وەک تاکە شێعر لە گۆڤارەکاندا بڵاو دەکرانەوە و کاریگەریی تایبەتی خۆشیان هەبووە. لەو سەردەمەدا جەلالی مەلەکشا ناوێکی دیاری ناو زۆربەی گۆڤارە کوردییەکان بوو و شێعری ئەو وەک شاعیرێکی بەئەزموون کە هەم ئاگای لە ئەدەبی فارسی بوو، هەم لە رێگای زمانی فارسییەوە ئاگای لە ئەزموونەکانی شێعری جیهانی بوو، نەفەسێکی تازەگەرانەی لەو ئاقارە وەرگرتبوو، لە لایەکی دیکەشەوە ئاگاداریی ئەو شاعیرە و هاوڕێکانی لە شێعری کوردی، دەلاقەیەکی بچووک بووە بۆ گوێزتنەوەی بەشێک لە ئەزموونی زمانی و مانایی شاعیرانی داهێنەر و خاوەن کتێبی شێعری نوێی کوردی، کە ژینگەیان باشووری کوردستان بووە.

جەلالی مەلەکشا و هاوڕێکانی جودا لەوەی ئەو پردە دڵنیایە بوون بۆ راگرتن و پەرەپێدانی روانگەیەکی نوێ بۆ شێعر و چیرۆک لە کوردستانی ئێران، نەشیانهێشت کەلەبەرێکی وا بکەوێتە بەینی ئاستی شێعری کوردستانی ئێران و کوردستانی عێڕاقەوە کە لە زۆر نووسراوەدا ئاگادارانە، یان نائاگایانە وەک دوو ئەدەبی جودا، لە شێوەی ناوەند و پەراوێز باسیان لێدەکرێ.

شیعری جەلال مەلەکشا، لە زمانی ستانداردی نووسین نزیکە و هەندێک لە توانابییەکانی بنزاراوەی ئەردەڵانیشی کەڵک وەرگرتووە. بۆ وێنە دەتوانین ئاماژە بە هەندی خاڵی وەک شێوەی گۆکردنی کار لە زاراوەی ئەردەڵانیدا بکەین، ئەو حەولەشی جودا لەوەی پاراستن و بەهێزکردنی نووسراوەی ئەوی لێکەوتەوە، رچەیەکیشە بۆ شێوەی لەباری کەڵکوەرگرتن لە لایەنی بەهێزی زاراوە و بنزاراوە دەوڵەمەندەکانی کوردی و خۆپاراستنیشە لەو لایەنەی کە زمانی سەردەست دزە دەکاتە زمانی کوردییەوە. بە کورتی لەو یادادشتەدا لەسەر هەندێک شێعری کاک جەلال دەدوێم و نووسینی تەسەلتر هەڵدەگرم بۆ دەرفەتێکی دیکە.

لە شیعری هەڵۆدا شاعیر لە فەزای دوانە لێکدژەکانی وەک قەل و هەڵۆ و بە شێوەیەکی مەجازی قەل/شاعیردا ماوەتەوە.

لە بەشی یەکەمی ئەو شیعرەدا شاعیر چوارچێوەیەکی واتایی دامەزراندووە. بەشی دووهەم و کۆتاییش راوەستان لە بەرانبەر ئەو چوارچێوەیەیە کە هەڵبەت پێشبینیکردنی بەشی دووهەم جودا لە شێوەی دەربڕین و وشەکان چاوەڕواننەکراو نییە. ئەوە تایبەتمەندییەکەشی زاڵە بەسەر شیعری ئەو سەردەمەی باشوور و رۆژهەڵاتدا. بۆ وێنە هەر ئەو فۆڕمە لە زۆربەی کارەکانی «پەشێو و لەتیف هەڵمەتیش»دا دەبیندرێ. شیعری فەرمان لاپەڕەی ٢٣ نموونەی ئەو چەشنە دەربڕین و فۆڕمەیە کە فۆڕمی زاڵ و شێوە دەربڕینی باوی دەیەی شەستی هەتاوی بوو.

ئەوەی لەو سەردەمەدا زیاتر بۆ شاعیرانی ئامادەی مەیدانی نووسین جێگای تێڕامان بوو، گرینگیدان بە راگەیاندنی پەیام و مانای شیعر بوو. بۆیە لە زۆر شیعردا جودا لەوەی کە بەپێی

پێکهاتەی باو بەشی دووهەمی شیعر وڵامێکی لۆژیکی، یان جاری وایە نەرێنی بە بەشی یەکەم بوو، زۆر جار ناوی شیعر و ئاکام و واتای گشتی شیعرەکەش هەر یەک شت بوون. ئەوەش هەم تایبەتمەندییەکی شیعری ئەو سەردەم بوو و هەم لە کارەکانی کاک «جەلال»دا دەبیندرێ. شتێک کە لە دوایین کارەکانی «مارف ئاغایی«دا کەمتر بەرچاو دەکەوێ. شیعری دوایین نامە لاپەڕەی ۲۸ نموونەی ئەو چەشنە کەشە ناسیاوەیە لە شیعردا.

کۆی ئەو بابەتە بەو مانایە ناهێنمە بەرباس کە گۆیا شیعری جەلال مەلەکشا نەیتوانیبێ شتێکی بۆ بەردەنگی کورد پێ بێ و وەک زۆر کەسیش پێم وا نییە تەنیا دووپاتەی زمان و فۆڕمی شاعیرانی باشووری کردبێتەوە، باس لێرەدا ئەوەیە شاعیرێک چۆن لە زەمینەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و دەوربـەری بیر و هزری پاراو دەکا. دواتر هەر ئەو کاریگەرییە دەبێتەوە هەوێنی کار و نووسینی و تەنانەت زمان و زەینی بەو فەزایە رادێ.

کاری کاک جەلال لە دوو بواری شیعری کوردی و فارسیدا بە چەندین هۆ شیاوی لێ ورد بوونەوەیە. ئەوەش تا رادەیەک هەم دەگەڕێتەوە بۆ کەشی زمانێک کە تێیدا ژیاوە و هەم بۆ فەزایەکی کۆمەڵایەتی کە بیری لێی پاراو بووە.

کـاک جـەلال ئـەو کاتەی لە کوردستانە و شیعری کـوردی دەنووسێ، واتە دەیەی شەستی هەتاوی، سەردەمێکی تایبەت لە مێژوو و رووداوە کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان بەسەر وڵاتدا تێپەڕ دەبێ. ئەو سەردەمە تایبەتە خۆی خوازیاری چەشنێک هەڵوێست بووە کە بتوانێ هەم دۆخی ئەوکاتی مرۆڤی کوردی پێ دەرببڕێ و هەم بە کاریگەری وەرگرتن لە کۆی شاعیرانی پێش

خۆی کە شیعری بەرپرسی کۆمەڵایەتییان نووسیوە، بەرپرسانە لەگەڵ کۆمەڵگە هەڵسوکەوت بکا. بەڵام هەموو ئەوانە دەبێ بە زمانێک دەرببڕێ کە کەمترین ئەزموونی بۆ دەربڕینی ئەو فەزایە بە شێوەی نوێ پێکراوە.

لە باشوور ئەزموونی لەتیف هەڵمەت و پەشێو سەرچەشن، یان هاوشانی باش بوون بۆوەی کەسانی وەک کاک جەلال خۆیان لەگەڵیان هەڵبسەنگێنن. زمان ئەوەندەی پەل‌وپۆ نەهایشتووەتە باسەکانی جودا لە سروست و لە هەندێک بابەتی سەمبولیک نەترازاوە. بۆیە هەر کام لەوانە هەندێک لەو واتایانەیان بە شێوەی دیکە دەربڕیوە و هەر کامیش بەقەدەر توانایان هەنگاوێک ئەولاتر ویستوویانە شتێکی دیکە وەسەر ئەو ئەزموونانە بنێن. بە رای من کاک جەلال کەمتر لە شیعرە کوردییەکانیدا حەولی لەو بابەتەی داوە و زیاتر شێوەی واتاسازی بەلایەوە گرینگ بووە. ئەو واتاسازییەش دیارە بە یارمەتی ئەو توانا زمانییە کراوە کە تا ئەوکات زمانی کوردی هەیبووە.

لە شیعرە فارسییەکانیدا کە وێدەچێ لە شوێنێک جگە لە کوردستانیش نووسرابن، هەرچەند مەرج نییە شوێنی نووسرانی شیعرەکە شوێنێک جگە لە کوردستان بووبێ، بەڵام کاتێک بە فارسی دەنووسێ بە رای من کۆمەڵگەی بەردەنگانی ئەو پانتایی زمانێک کە تێیدا بیر دەکاتەوە و ئەو فەزا کۆمەڵایەتی و سیاسییەی تێیدا دەژی، جۆرێک بیری کۆمەڵاتی و سیاسی و ئەدەبی لەودا ساز دەکا کە جودایە لە کەشی شیعرە کوردییەکانی. ئەوانە ئەگەر بەشێک لە هۆکارەکان بن، کراوەیی زمانی فارسی ئەوکات بە نیسبەت ئەزموونە زمانی و واتاسازییەکان و شێوەی فۆڕمەکانی

زمانی فارسی و ... وای کردووه کە تەنانەت لەو شیعرانەدا کە هەر بۆ دەربڕین و لەبەر یەک رانانی دوانە لێکدژەکانی کە پێشتر باسمان کرد دەکاری کردوون، چەشنی تەعبیرە زمانییەکانی نوێ و رازاوە و جوانتر بن.

**وەرز، وەرزی زەردی پاییزە**
**ئاسمان، دڵتەنگ و بێدەنگ و زەوی سارد و خەفەتهێنە**
**هەر دەڵێی تۆوی مەرگ وەر بووە بەسەر**
**عومری سەوزی جەنگەلی پیردا**
**هەر وەکوو ئەسرێن لە گوێنی ئەو کەسەی ژیوان لە کاتی تاڵی گیانەڵلا.**
**دادەچۆرێتن لە چاوی جەنگەڵ**
**ئەسرینی زەرد و سووری بێدەنگی گەڵا.**
**وا هەتاو بێ هێز، هەر بە چەشنی دوا بزەی سەردار**
**ئەو دەمەی تێک دەشکێ کات و سەردەمی شێوان،**
**دوای برین و خوێن و**
**تێکشکانی لەشکری دەیخاتە سەر لێوان (و ...)**

ناوی شیعرەکە ناوێکی ئاشنایە. هەڵۆ؛ کە پیش ئەو مامۆستایان هەژار و سوارە کردوویانەتە کوردی. بەپێی سەردەم و توانستەکانی زمانی کوردی و ئەو رادەیەی ئەو زمانە تا ئەوکات کاری پێکراوە و هەڵبەت فەزای کایە زمانی و جوانیناسییەکانی باوی ئەوکات هەر دوو هەڵۆی پێشتر نووسراو بوونە دوو دەقی ناسراو و بەپێز لە زمانی کوردیدا. بەڵام جیلی جەلال مەلەکشا کەمیان بوونە درێژەدەری رێگای سوارە و رێگایەکی دیکەیان

هەڵبژارد؛ ئەویش نزیکبوونەوە لە شیعرێکە کە لەسەر بناخەی برگەبەندی شێعری پێشووی کوردی دامـەزراوە، ئەو میراتەش لە کەسانی وەک گۆرانـەوە بۆ شاعیرانی پاش ئەو بەجێ ما. بەڵام لەو شیعرە فارسییەدا کە لەسەر شێوەی برگەبەندی نیمایی دامەزراوە، زۆر تەرکیب و تەسویر هەن کە تا دەیەیەک دواتریش نایەتە نێو شیعری شاعیرانی رۆژهەڵاتی کوردستانەوە.

جودا لەو ئەزموونانە هەر دەیـەی پەنجای هەتاوی، جەلال مەلەکشا شیعری فارسی وای هەیە کە لەگەڵ دەقە شیعرییەکانی ئەوکاتی کوردی مەودایەکی زۆریان هەیە. لە لایەکی دیکەشەوە لەگەڵ دەقەکانی ئەودەمی زمانی فارسی یەکجار لێک نزیکن. ئەو شیعرانەی کە ئەگەر لەگەڵ رەوتەکانی شیعری فارسی بەراوەردی بکەین ئەزموونێکە لە مابەین ئەزموونەکانی شیعری شەپۆلی نوێ و شیعری سپیدا.

**«پادگانی وەرز»**
**گوتیان بنوو**
**کات کاتی بێدەنگییە!**
**یەستاش لە گۆشەی دڵی ئەمندا**
**نوورێک هەیە**
**کە چاوەکانم بۆ زیتمانەوە هان دەدەن.**
**یەستاش دەنگی ناسیاوێکی کەون**
**وشەی هیوا**
**وەک ترپەی دوور و درێژی دڵم**
**وە لەرین دەخا.**

**ئەوە کەڵەشێرێکە**
**لەسەر لقێکی داری شەو**
**لە بێدەنگێکی سووردا... دەیهەوێ بخوێنێ**
**گوتیان بنوو**
**کات کاتی بێدەنگییە**
**بەڵام من چاوەکانم هەر زیتن**
**تا نەشتەر لەسەر بارستای شەو دانێم.**

ئەو جیاوازبوونە، ئاکامی ئەزموونکردنی کەشی بیر و فۆڕم و زمانی شیعری فارسی سەردەمی خۆیەتی و لەو کەشەدا و هاوشانی ساعیرانی ئەوکاتی فارس ئەویش بە زمانی ئەوان و تەنانەت هاوئاست لەگەڵ ئەوان دەقی بەرهەم هێناوە. ئەوە توانابییەکە خوێندنەوەی ئەو بۆ سەرچاوەیەکی جودا، بە شیعری ئەوی بەخشیوە. بۆ وێنە لە شیعری «شاری بێناسنامەم دیت» دا، ئەگەرچی ئەو شیعرە لە دەیەی پەنجای هەتاویدا نووسراوە و لەباری فۆڕم و زمانەوە شیعرێکی نوێیە، بەڵام لە بەندی کۆتاییدا بە شێوەیەکی کاڵ، کاریگەریی دەربڕینی سوهرابی سپێهری دەبینین، ئەگەرچی جۆری نیگای جەلال و سوهراب بۆ جیهان و شیعر زۆر لێک جودایە، لێرەدا مەبەست نزیکایەتی لە دەربڕین بۆ دۆزینەوەی زمانێکی تازەیە.

**«شارێکی بێ ناسنامەم دیت»**
**شارێکی بێ ناسنامەم دیت**
**بۆنی توندی ئاسن دەشنییەوە**
**خەڵک،**

شەپۆلی بێدەنگی خەڵک
لە بەستێنی دوور و درێژی بێهۆدەییدا دەخوشین
دەمی هەر کەسێک قوفڵێکی پێوە
کلیلەکانیش
بە قولاپی باتوونی پاسەوانەکانەوە هەڵواسراو.
لە راستەڕێی شەقامی زۆر گەورەی شاردا
لەسەر سینگی پڕ یاوی قیرەتاو
رەنگی سوورم دیت
وەک سوورە گوڵێک
دەستی تاوانباری وەرز لێی کردبۆوە.
لە کەسێکم پرسی
لە زەنا زەنای رەنگە زەردەکاندا
ئەو سوورایيە مانای چییە؟
شەپۆلێکی روون
تاڵاوی بێدەنگیی چاوەکانی شلوێ کرد
بێدەنگ گوتی:
ئەوە خوێنی باڵندەیەکە
کە دەیوست لە سنووری قایمی وەرزەکان تێپەڕێ.
***
هاوار مردبوو!
تەنیا دەنگ،
دەنگی دوایین زیندووەکانی ساڵی شەڕ بوو
کە ئێستا مەستانە
لە سووچە تاریکەکانی مەیخانەی شاردا
بە گوێی ترساوی خەراباتیاندا دەچرپێنن

دەستە گەورە و سادەکان
کە سەردەمیک
دەستی شەڕ بوون
ئیستا کورت دەبنەوە لە رستەکانی بەنگ و وافووردا
مێشکە روونەکانی سبەی
لە گەڵ قوڵپەی ئەلکۆڵ دەکوڵین!
نامۆیانە دەگەڕام
ریبواران وشەی ئاسنییان لە مابەیندا لە هاتوچۆدا
ئەو کاتەی من
شیعری سەوزی خۆم خوێندەوە
هەموویان قا قا پێکەنین!
ئەو کاتەی من
باسی پێدەشت و شنە و ساکاریم کرد
هەموییان قا قا پێکەنین
ئەکاتەی من
گەشاوەیی ساکاری دێهاتییانەی خۆم لێک دەداوە
گشت پێکەنین.
کۆمەڵناسێک
لە دەفتەری بیرەوەرییەکانیدا نووسی؛
ساویلکەیەک لە شار دایە.
نامۆیانە دەگەڕام
کەس کەسی نەدەناسییەوە
هەر کەسیک نوشتاباوە
نەشتەرێک لە ئیسقانیدا دەشکا.

بۆنی ئاسن دەشنییەوە
بۆنی توندی ئاسن لە لای ڕۆژئاواوە دەشنییەوە.
شاعیرێکم دیت
لە جۆگەیەکی پڕ قەوزە
لە وشە دەگەڕا
پیاوێکم دیت
دارێکی وشکەڵاتووی دەناشت و
لە سەر لاپەڕەی خولیاکانی
وێنەی فێنکی سێبەرێکی دەکێشاوە.
ڕووناکبیرێکم دیت
بە کتێبێکی مێژووی فەلسەفەوە
لەبەر هەیوانی مەیخانەیەک نزای دەکرد.
لەشی ئەوینیشم دیت
لە کۆڵانەکانی پودر و ماتیکدا
بۆگەن ببوو و
لە ناخەوە هەڵدەپرووکا
***
سەرەڕای هەموو ئەوانە
جاری وابوو قیژەیەک
چنڕووکی لە پێستی ئەستووری شەو دەگرت
دەنگی سەوزی کوێستان و
حیلەی سەرکێشی ئەسپەکەم
ئۆقرەی لە رووحم هەڵگرتبوو.

١٣٥٣ تاران

ئەو کۆمەڵە ئەزموونە نیشاندەری ئەوەن جەلالی مەلەکشا هەم ئاگای لە ئاڵوگۆڕەکانی شیعری فارسیی سەردەمی خۆی بووە و هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵیان هاتووە، هەم دەلاقەیەکیش بووە بۆ شێوە دەربڕینێکی جیاوازی دەروەست لە زمانی کوردی لەو بەشەی نیشتماندا. لە درێژەی ئەو نووسینەدا ئاوڕ لە کاریگەریی کەشی سیاسی و کەلکەڵە کۆمەڵایەتییەکان لە شیعری کاک جەلال دەدەمەوە...

**سەرنج:** (ئەو نووسینە پێشتر بۆ تایبەتنامەیەک کە بڕیار بوو یەکێک لە گۆڤارە کوردییەکان لەسەر بەرهەمی کاک جەلال مەلەکشا بڵاوی کاتەوە نووسراو و بە داخەوە فریای ئەو ژمارەی گۆڤارەکە نەکەوت)

# قەڵەمبازێك
# لە سیاهکەلەوە بۆ قەندیل!

كەماڵ حەسۆ

باس و لێدوان لەسەر ئاسەواری جەلال مەلەکشا واتە باس لەسەر چەند ژانری تایبەت لە دوو زمانی فارسی و کوردیدا، بەڵام هەروەک دەزانین کاک جەلال پێشتر لە زمانی فارسیدا خەریکی چالاکیی ئەدەبی و کاری ژۆرنالیستی بووە و دوای شۆڕشی گەلانی ئێران، لە حەوزەی ئەدەبیات و رۆژنامەگەریی کوردیشدا دەستی بە چالاکی کردووە. لەم دەرفەتەدا هەوڵ دەدەین سووکەلەنگەرێک لەسەر شێعرەکانی کاک جەلال مەلەکشا بگرین و بۆ ئەم مەبەستە سەرەتا لە شێعرە فارسییەکان و شێوازە شێعرییەکەیڕا دەست پێ بکەین.

جەلال یەکێک لەو ئەدیبە دەروەست و رۆژنامەوانە چالاکانە بوو کە سەرەتا بە زمانی فارسی دەستی بە چالاکی کرد و دواتر چالاکییە ئەدەبی و رۆژنامەوانیی لە حەوزەی زمان و ئەدەبیاتی کوردیدا دەست پێ کرد، بۆیە جێ پەنجەی بەسەر رۆژنامە و گۆڤارەکانی فارسی بەرلە شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە دیارە.

هەروەک باس کرا کاک جەلال سەرەتا بە شێعر و چیرۆکی فارسی دەستی پێ کرد و لە فارسیشدا ڕێچکەی شاعیرانی دەروەستی شێوازی چریکی وەک سەعیدی سوڵتانپووری گرتەبەر. هەر لەو سەروبەندەشدا و بەبێ ئەوەی کتێبی چاپکراویشی بە زمانی فارسی هەبێ، لەڕێی ناساندنی کەسایەتییە ئەدەبی و هونەرییەکانی چەپی ئەوکات وەکوو فەرەیدوون تۆنکابۆنی و سەعیدی سوڵتانپوور و مەحموودی ئیعتمادزادە (بە. آزین) بوو بە ئەندامی کانوونی نووسەرانی ئێران.

**شێعری چریکی، چ شێعرێکه و تایبەتمەندییەکانی ئەو شێوازە شێعرییە چییە؟**

ئەگەر نیما باوکی شێعری نوێی فارسی، شەقەجۆیەک بێ بۆ شێعری نوێی فارسی، دوو شێلەگەی لێ دەبێتەوە کە یەکەمیان شاملوویە و ئەوەیتریشیان ئەخەوانی سالسە. لە شێوازی شێعری شاملوودا هەر کەس هەستی شاعیر دەرک بکات، دەتوانێ خۆی لەو بازنەیەدا ببینێتەوە. لەو شیوازەدا بەربەست بۆ نووسین نییە و شێعر زۆرتر وەک پەخشان دەچێ و کێشی عەرووزی نییە، بەڵام ئاوێتەیەکە لە: بیر، خەیاڵ، هەست و مۆسیقا. دیارە وەزنەکەی عەرووزی نییە و قافیەش لە شێعرەکانیدا جێگایەکی تایبەتی نییە، بەڵام نووسین لە شێوازی «ئەخەوان»دا جیا لە تایبەتمەندییەکانی شێعری نوێی نیمایی، شارەزایەتی لە شێعری کلاسیکی فارسیشی پێویستە.

سەعیدی سوڵتانپوور، یەکێک لە شاعیرانی شێوازی ئەخەوانە بەبێ ئەوەی ئاڵوگۆڕی بەرچاوی فۆرمی لەو شێوازەدا پێک بێنێ، وزە و جووڵە بە ناوەرۆکێکی ئەم شێوازە دەبەخشێ. ناواخنی ئەم شێعرانە ئیماژ و ئیدەی سیاسی نیزیک لە جەریانێکی چەپەوەیە و سوڵتانپوور داکۆکیکار و پەرەپێدەری ئەم شێوازە شێعرییە بوو. شەفیعی کەدکەنی بە وریایی و بە هەستیاری بۆ ئەم شێوازە ناوی شێوەیەک لە شێعری دەورە دادەنێ کە لە هێندێک ئیماژی تایبەت کەڵک وەردەگرێ. سەعید یووسف، کە رەخنەگر و لێکۆڵەرێکی چەپە و سۆزێکی تایبەتیشی بۆ رووداوی سیاهکەل هەبوو، لە کتێبی» نوعی نقد بر نوعی از شعر»دا ناوی سیاهکەل لەسەر ئەو شێوازە شێعرە دادەنێ، بەڵام شەمسی لەنگروودی لە کتێبی مێژووی تەحلیلی شێعردا بە لەبەرچاوگرتنی راو و بۆچوونی

شەفیعی کەدکەنی و سەعید یووسف و بەو سەمپاتییەی بۆ جەریانی چەپ و چریکەکانی هەبوو، ناوێکی هاوسەنگ و تۆزێک بەرفراوانتر لە سیاهکەل واتە شیوازی شێعری چریکی پێشنیار دەکات. جەلال مەلەکشاش لەو دەورانەدا ڕێڕەوی ئەو جەریانە فکرییە بوو و دەقیقەن شێعرە فارسییەکانی لەو سەروبەندیدا دەو شێوازە شێعرییەدا بوون و دەچوونە ناو خانەی شێعری چریکییەوە.

دیارە ئێمە هیچ پێناسەیەکی تایبەتمان بۆ شێعری چریکی نییە و تەنیا ئەوە نەبێ کە شێعری چریکی شێعرێکی راشکاو، ئاژ و زبر و تەژی لە واژە و دەستەواژەی وەک خوێن و تفەنگ و ئەستێرە و زیندان و .....

ناوەرۆکی شێعری چریکی عەداڵەتخوازییە و ئەم شێوازە شێعرییە لێوڕێژە لە ترس و دڵەڕاوکێ و هیوا و هومێدی بێ بڕانەوە، لەم شێوە شێعرەدا پەرە بە بەرخودان و شۆڕشی چەکداری دەدرێت. لەنێو شاعیرانی شێعری چریکیدا ناوەرۆک، سەرەتی بەسەر فۆرمدا هەیە و ئەو شاعیرانە لە کایە زمانییەکان و سەنعەتە ئەدەبییەکان و شگردە شێعرییەکان بەتایبەت نماد، بۆ راگواستنی پەیامەکان کەڵک وەردەگرن. ئەو حاڵەتە و زەقکردنەوەی زۆری پەیام بەبێ جوانکاریی شێعری، بۆتە هۆی ئەوە کە لەلایەن رەخنەگران و لێکۆڵەرانەوە رەخنەیان لێ بگیرێ. رەزا بەراهەنی ئەم شێوازە بە شوعار نێو دەبا و شاملووش ئەم شێعرانە بەبێ بایەخ وەسف دەکا و تەنانەت بە نەرێنی باسی شێعرەکانی سوڵتانپووریش دەکا و شێعری چریکی لەو

شێوازەدا ڕەت دەکاتەوە، بەڵام دەگێڕنەوە کە بەهۆی زەرافەتی شێعری و وردەکارییەکانی شێعری ئیستسنایەک بۆ جەلال قایل بووە و گۆیا ئەوکات کە جەلال لە کانوونی نووسەران بووە، هاتوچۆی دەگەڵ هەبووە. پێویستە لێرەدا ئاماژە بەو نوکتەیە بکرێ کە شاملوو بەخۆی شێعری بۆ چریکەکانی سیاهکەل و دکتور ئەرانی نووسیوە و تەنانەت لەسەر هێرشی ئامریکا بۆ کورەش شێعری هەیە، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە بە ڕاشکاوی و بە زمانێکی زبر و ئاژ نەدواوە، بۆیە بەپێی ئەو پێناسەیەی کە بۆ ئەم شێعرە هەیە شێعرەکانی شاملوو ناچێتە دە قالبی شێعری چریکییەوە.

ناسیاویی جەلال دەگەڵ ئەدەبیاتی نوێی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ ماوەیەک پاش نسکۆی شۆڕشی باشوور و ناسینی شێعری شاعیرانی دیاری شێوازەکانی ڕوانگە و کفری بەتایبەت پەشێو و شێرکۆ و لەتیف هەڵمەت.

جەلال کاتێک لە شێعری ئەو شاعیرانە ورد دەبێتەوە، دەبینێ کە ئەو ئارمانە سیاسییانەی دەنێو شاعیرانی چەپی دەهەی ٥٠ی فارسیدا هەبوو، دەنێو بەشێک لە شاعیرانی کوردی باشووریشدا بە زەقی دێتە بەرچاو و شێعرەکانی ئەو شاعیرانە کاریگەرییان لەسەری دانابوو و تەنانەت هێندێک لە شێعرەکانی ئەو شاعیرانەی وەرگێڕابووە سەر زمانی فارسی و لە بڵاقۆکەکانی ئەو کاتیدا بڵاوی کردبوونەوە. ئەوەش  وەرگێڕاوی هێندێک لە شێعرەکانی لەتیف هەڵمەتە کە لە هاوینی ٥٨ی هەتاویدا لە کتێبی جومعەی ئەحمەدی شاملوودا بڵاو کرابوونەوە.

## دختری را دوست می‌دارم....

دختری را دوست می‌دارم
که مژگانش را
یک به یک بنشاند
و شهر را پرچینی کند.
دختری را دوست می‌دارم
که گیسوانش را
رشته رشته بچیند
و ریسمان داری بسازد
کیفر ستمگران را.

## آفتاب

سرزمین من تابوتی نیست
که به خاکش توان سپرد
زیر شار چکمه زنگاری زمان
سرزمین من بمبی است،
روزی منفجر خواهد شد
تا آفتاب
رشته رشته تقسیم شود
میان خانه‌ها.

## هنگامی که پا به جهان نهادم

هنگامی که پا به جهان نهادم
در سراسر پهنه خاک
خون
بزرگترین رودخانه بود،
خانه ما
چون خانه‌های تمامی رنجبران
تاریک
و چشم مادرم
مهره‌ئی
زیب یال اسب ستمگران
هنگامی که پا به جهان نهادم
مرا گوری آماده کردند
و شمشیری را به گونه پلی
میان من و دلدار من نهادند
ریشه‌وار
اگر خواستار آنید
که به هنگام مرگ سرافراز باشید.
می‌باید تفنگی در آغوش شما باشد
نه اندام زنی.
اگر خواستار آنید
که به هنگام مرگ نیز زنده باشید
به اعماق خاک کوهستان فرو شوید
که چون ساقه‌هاتان را ببرند

خونتان رودی شود
تا جاودانه
با کوهستان
بتوانید زیست.
آنگاه
ستمگران
در سراسر پهنه خاک
مکتب نفرت و کینه بنا می‌کنند،
اما
روزی
رنجبران
آن همه را درهم خواهند شکست
و در سراسر پهنه خاک
مکتب دوست داشتن
بنا خواهند کرد.
ستمگران
زمین را
سراسر
به زندان مبدل می‌کنند
اما
روزی
رنجبران
هر زندانی را به گلستانی بدل خواهند کرد
ستمگران
زمین را

**سراسر**

**زرادخانه‌ئی می‌کنند**

**بمب و تفنگ و مرگ را،**

**اما**

**روزی**

**رنجبران**

**زمین را**

**سراسر**

**کارگاهی می‌کنند**

**زندگی را و مهر ورزیدن را**

**و آنگاه دیگر**

**نه کینه‌ئی به جا خواهد ماند و نه نفرتی**

**نه زندانی به جا خواهد ماند و نه جنگی!**

شێعری نوێی کوردی بە مانا موتەعارفەکەی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سوارەڕا دەستی پێ کرد. ،بەڵام جەلال مەلەکشا، یەکەم شاعیری بەرەی دووەمی نوێخوازانی کوردە کە بە مەودایەکی زەمانی زۆر دوای سوارە هاتە گۆڕەپانی شێعری نوێی کوردییەوە، بەڵام جەلال درێژە دەری سوننەتی شێعری سوارە نەبوو و زیاتر لەژێر کاریگەرێتی شاعیرانی نەستەقخوازی باشوور دابوو.

ئەو شێوازە شیعرە لەسەر دەستی جەلال لە باشوورەوە پەڕییەوە بۆ ڕۆژهەڵات و بۆ ماوەیەک، بەشێکی زۆر لە شاعیرانی ڕۆژهەڵات داهێنانەکانی خۆیان لەو بازنەیەدا تاقی دەکردەوە. بەرچاوترینی ئەو شاعیرانە، جەلال مەلەکشا بوو. ڕەوتە نوێترەکان

له شیعری کوردی ڕۆژهەڵاتدا بە تێپەڕینیان لەو شێوازە بوو کە بەرهبەره خەتی خۆیان جودا کردەوە و بازنەی خۆیان دیاری دەکرد.

تایبەتمەندییەکانی شێعری نەستەقخواز

شاعیرانێکی وەک شێرکۆ بێکەس (لە دەورەی سەرەتایی کاری خۆیدا) و عەبدوڵلا پەشێو (لە هەموو تەمەنی شاعیری خۆیدا) و لەتیف هەڵمەت (لە بەشی زۆری داهێنانە ئەدەبییەکانیدا) هێندێک تایبەتمەندیی هاوبەشیان لە شێعری خۆیاندا تاقی کردەوە. وێڕای هەموو جیاوازیی شیعری ئەو شاعیرانە، تایبەتمەندییە هاوبەشەکانیان بریتی بوون لە ـ گەڕان بەدوای مەزموونێکی «نەستەق» کە لە قالبی ئیماژێکی بەرچاوی تازە، یان ئیدەیەکی سەرنجڕاکێشی نوێ، دەردەبڕا و ـ بە کێشی بڕگەیی دەهۆنرایەوە و ـ بە چەند قافیەیەک بەستەبەندییەکی بۆ دەکرا و ٤ـ بارستای شێعرەکە لە چەند دێڕەوە دەستی پێدەکرد و ئەوپەڕەکەی هەتا یەک دوو لاپەڕە درێژ دەبۆوە.

دکتور رەهبەر مەحموودزادە لە وتاری «کاتێک جیهان بە کروتەونی کارەسات دەچندرێ« ئاوا پێناسەی شاعیری نەستەقخواز دەکا:

«شاعیر لە شێعری نەستەقخوازدا بە دوای ئیدەیەکی نەستەق یا ئیماژێکی نەستەقدا دەگەڕێ و ئەو ئیدە و ئیماژە لە فۆرمێکی دانستەی چڕوپڕ بە کێشی بڕگەییدا جێ دەکاتەوە و لە کۆتاییشدا فۆرم و ناواخنەکە بە بزماری سەروا (قافیە) توند دەکا و وا دەکا شێعری نەستەقخواز لە فۆرم و دەربڕیندا زۆر لە «قسەی نەستەق» نزیک بێتەوە.» بەپێی ئەو پێناسەیەی کاک دکتور بۆ

شاعیری نەستەقخوازی دەکا، دەکرێ شێعری نەستەقخوازیش بەم شێوەیە پێناسە بکەین:

شێعری نەستەقخواز، فۆرمێکی دانستەی چڕوپڕ بە کێشی بڕگەییە کە سەروا لە کۆتاییدا شێعرەکە خڕ دەکاتەوە و پێگەیەکی تایبەتی دە شێعرەکەدا هەیە و ناواخنی ئەم شێعرە، ئیدە یا ئیماژێکی نەستەقە!

عەبدوڵڵا پەشێو داهێنەری ئەم شێوازە شێعرەیە و کاک جەلال ئەم شێوازە شێعرەی لەودیوڕا بۆ جۆغرافییای شێعری کوردی لەم دیوە ڕاگواستووە و بەشێک لە شاعیرانی ناسراوی ئەمدیوە وەک مارف ئاغایی لە سەرەتاکانی تەمەنی شاعیریدا هەر لەژێر کاریگەریێتی شێعری جەلال، یا شاعیرانی دیکەی ئەو شێوە شێعرە، شێعری لەم شێوازەیان هەیە و دواتر ئەم جوغرافیا شێعرییەیان بەجێ هێشت و ئێستاش کەسانێکی وەک کاک کەریم دافعی (ک. د. ئازاد) هەر لەم شێوازەدا شێعر دەنووسن!

یەکێکیتر لە تایبەتمەندییەکانی شێعری نەستەقخواز دەروەستبوونی شاعیر بە شوناسی خۆیەتی، هەروەها بە پێچەوانەی شێعری نوێ و ویستی سەردەم کە تەنیا بەردەنگەکانیان خوێنەری جددی شێعرە، شێعری نەستەقخواز بەردەنگی گشتی هەیە! ئەولەوییەتی سەرەکیی شاعیرانی نەستەقخواز ئەوەیە، کە بتوانن بابەتێکی سیاسی، یا ئامانجێکی کۆمەڵایەتی یا ئیدئۆلۆژێک دە نێو شێعرەکەیاندا جێ بکەنەوە. شاعیری سەرکەوتووی نەستەقخواز جودا لە ئەوەلییەتی سەرەکی هەوڵ دەدا بتوانێ داهێنانێکی ئەدەبی ساز بکات و کەشێکی جوانیناسانەی تایبەت بەتاقی بکاتەوە، کە پێشتر بە تاقی نەکراوەتەوە. جەلال وەکوو

شاعیرێکی دەرووەست و نەستەقخواز هەموو کات راوچی مەزموونی نوێ بووە و هەوڵی داوە کە دەروەست بە هێندێک نۆرمی جوانیناسانە و هێندێک جوانکاری و داهێنانی ئەدەبی بێت:

**ئاخۆ دەبێ،**
**ئەو رۆژە بێ**
**کاوەی کوڕم**
**جانتای سەفەر کاتە شانی؟**
**دەڵاڵانی بەر گاراژی شاری سنە**
**هاوار بکەن:**
**سلێمانی، سلێمانی!**

# جەلال، مێژووی ڕاستەقینەی کوردستان

ئازاد ڕۆستەمی

١ـ باسکردن لەسەر ژیان و بەرهەمەکانی جەلال مەلەکشا، کارێکی ساکار نییە، لەم وتارە کورتەدا دەمهەوێت لەجیاتی باسکردن لەو دوو تەوەرە، ڕاستەوخۆ بڕۆمە سەر یەک لە شێعرە شوێندانەرەکانی کاک جەلال کە پێوەندیی بە مێژووی کوردەوە هەیە و وێناکردنی نەهامەتییەکان و گیانبازییەکانی تێکۆشانی کوردە بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی. شێعرێک کە لە ئەستەمترین ساڵەکانی سەرکوت لە کۆماری تیرۆریستیی ئیسلامیی ئێراندا هۆنراوەتەوە، جەلال مەلەکشا کەسایەتییەکی نیشتمانپەروەر بوو، کەسێک کە لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران نووسینی کوردی دەست پێ کرد و زۆر زوو شێعرەکانی بوونە هێما بۆ بەرگری لە مافەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە سەرەتای شۆڕشەوە هەتا دوا ساتەکانی ژیانی ئاڵوگۆڕی زۆر بە سەر فۆرم و ناوەڕۆکی بەرهەمەکانیدا هات، ئەوەی من دەمهەوێت باسی بکەم شێعرێکە کە لە دژوارترین ساڵەکانی سەرکوتی داگیرکەراندا هۆنیویەتەوە، ئەویش شێعرێکە کە بۆ شەهیدبوونی قاسملووی کوردان نووسراوە.

٢ـ پاش شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو کاردانەوەی سیاسی و میدیایی سنووردار کرابوو بە ڕاگەیاندنەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان، لەو سەردەمەدا وێڕای بە لاڕێدابردنی پرسی تیرۆرەکە، میدیای کۆماری ئیسلامی لە ڕێگای «دەنگوڕەنگی کۆماری ئیسلامییەوە» لە مەهاباد وتووێژێکی لەگەڵ «مام جەلال تاڵەبانی» سکرتێری یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان کرد و بۆ دوورخستنەوەی تاوانەکە لە خۆی، ویستی بە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڵێت کە ئەوە کاری کۆماری ئیسلامی نەبووە!

بەڵام ڕاست لەو ئان و ساتەدا «جەلال مەلەکشا» ئەو شێعرەی نووسی و بەڕێی کرد بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی

ئێران و وەکوو بەڵگە دیارە کە «د. سەعید شەرەفکەندی» بە دەستی خۆی نووسیویەتەوە، گرینگیی ئەو شێعرە لەوەدایە کە کۆمەڵگەی کوردستان لە ڕۆژهـەڵات و دەرەوە حەماسەتێکی مێژوویيان ئەزموون کرد کە دوای ئەو شێعرە بە سـەدان لاو و کیژی کورد بوونە ئەندامی ئەو حیزبە، لە درێژەدا دەمهەوێت باسی شوێندانەریی ئەو شێعرە بکەم.

٣ـ دەمهەوێت باسی ئەم شێعرەی جەلالی مەزن بکەم کە لە ئەستەمترین کاتەکاندا نووسیەیەتی و نەک خۆی، بەڵکوو بیر و باوەڕی خەڵکەکەی بە جوانترین شێوە وێنا کردووە، خوێندنەوەی ئـەو شێعرە بە دەنگە ئاسمانی و پڕ لە حەماسەتەکەی کاک «ئەحمەدی شیربەگی» کاریگەرییەکی بەرینتری بەخشییە ئەو شێعرە مەزنەی کاک جـەلال، شێعرەکە لەم چەند کۆپلەیە پێک دێت کە لە خوارەوە نووسراوەتەوە:

**«کاتێ زانیان**
**دڵت پاپۆڕی ئەوینە و**
**دەریای شەختە و سەهۆڵ دەبڕی،**
**هاتن سینگتیان هەڵدڕی**
*******
**کاتێ زانیان**
**دڵت پردێکە پان و پۆڕ،**
**بەرەو ناخی مێژووی جیهان**
**دەستی کوێستانت گرتووە و**
**لە قووڵایی مەرگ و خوێنا**
**ئەیبەی بەرەو کۆشی ژیان**

پەردەی وەرزی زریان ئەدڕی،
هاتن سینگتیان هەڵدڕی
***
کاتێ زانیان
بورکانە دامرکاوەکان ئەخرۆشێنی،
بوومەلەرزە خنکاوەکان،
لەناو خوێنتا دەجوێنەوە
نەخشەی جیهان دەشێوێنی
سنوورەکان لەژێر پێتا ئەتوێنەوە
وەک بڵێسەی کڵپەی ئاگر
لەناو شەوەزەنگا ئەگڕی
هاتن سینگتیان هەڵدڕی
***
کاتێ زانیان
ناوت بووگە بە جوانترین وشەی ئەوین
دڵدارەکان ئەبزوێنێ
دڵت بووگە بە چەپکێ تیشک
شەوی چڵکن ئەشڵقێنێ
شانت داوەتە ژێر خەمی نیشتمانا
فرمێسک لە چاو هەژار ئەسڕی
هاتن سینگیان هەڵدڕی
***
کاتێ زانیان
کوێستانت کردووە هێلانە و
بە شمشاڵی لوولەی تفەنگ
دڵدارەکان بۆ جێژوانی چیا ئەچڕی
هاتن سینگتیان هەڵدڕی»

یەکەمین تایبەتمەندیی ئەو شێعرە مەزنە فۆرمی زانستی و ناوەڕۆکە قووڵ و پڕ لە ماناکەیەتی، لەباری فۆرمەوە نموونەیەکی تاقانەیە لە «بڕگە بەندی»ی شێعری نوێی کوردیدا کە پێش جەلال وێنەی نەبینراوە، نەتەنیا هیچ کۆپلەیەکی دووپاتبوونەوەی «بڕگە بەندیی» کۆپلەی پێش خۆی نییە، بەڵکوو نوێکارییەکی پڕبایەخە کە دەرگای بەسەر زۆر «فۆرمی دەروونی» و»فۆرمی دەرەکی» دیکەدا کردەوە کە دواتر شاعیرانی ڕۆژهەڵات و بگرە بەشەکانی دیکەی کوردستانی دەست ئاوەڵا کرد بۆ داهێنانی ستروکتۆری نوێتر لە شێعری نوێی کوردیدا، لەباری ناوەڕۆکەوە شێعرەکە پڕە لە وێنە، وتەزا، جووڵەی زێهنی و ئاماژەی پڕناوەڕۆکی کولتووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی کە ڕەگ و ڕیشەیان لە شوناسی مرۆڤی کوردەوە سەرچاوەی گرتووە.

دووەمین تایبەتمەندیی ئەم شێعرە مەزنە شکاندنی هێژمۆنیی سانسۆر و بەربەستەکانی سەردەمە، لەو قۆناغەدا وێڕای سنووردداربوونی ڕاگەیاندنە گشتییەکان، سانسۆرێکی مەزن بەسەر ئێراندا بەگشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بەتایبەتی زاڵ بوو، زۆر کەم بوون ئەو سەرچاوانەی کە هەواڵی ڕاستیان بڵاو دەکردەوە، یەک لەوان «ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران» بوو کە زمانحاڵی «حیزبی دێمێکراتی کوردستانی ئێران» بوو، بۆیە وێڕای خوێندنەوەی هەواڵەکە، خوێندنەوەی ئەو شێعرە لەمپەری سانسۆری تێکشکاند و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی لە مەزنی ئەو کارەساتەی بەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هاتبوو ئاگادار کردەوە، ئەمەش کۆماری تیرۆریستیی ئیسلامی تووشی شڵەژانێکی گەورە کرد، بە شێوەیەک کە لە ترسی دژکردەوەی

گەلەکەمان بۆ ماوەی چەند مانگ هەموو ڕۆژهەڵاتی کوردستان میلیتاریزە کرابوو، دژکردەوەی خەڵکی ڕۆژهەڵات بەرانبەر بەساڵیادی تیرۆری شەهید د. قاسملوو لەم ساڵانەی دواییدا ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت.

سێیەمین تایبەتمەندیی ئەو شێعرە وەکوو پێشتر باسم کرد، پەیوەستبوونی سەدان ڕۆڵەی ئازادیخوازی گەلەکەمان بوو بە ڕیزەکانی حیزبی دێمۆکرات و درێژەدانی ڕێگای شەهیدان کە خۆدی شەهید د. قامسلوو بەتەنیا ڕێگای ئەمەگناسیی بەرانبەر بە فیداکارییەکانی شەهیدان دەزانی، ئەمە وێڕای ئەوەی کە ڕیسواییەکی ئێجگار مەزنی مێژوویی و نێونەتەوەیی بەدواوە بوو بۆ کۆماری تیرۆریستیی ئیسلامیی ئێران!

٤ـ کاک جەلالی نەمر لە پاش ئەو شێعرە نەیتوانی ساتێک ئارامی بە ژیانی خۆی و بنەماڵەکەیەوە ببینێت و تا دوا ساتەکانی ژیانی هەر لەژێر گوشار و ئازاری جینایەتکارانی ڕێژیمدا بوو، وەکوو هەموو ئەو شاعێرانەی ڕۆژهەڵات و سەرانسەر ئێران کە تێچووی ئێجگار زۆریان لەپێناوی ئاشتی و ئازادی و دێمۆکراسیدا داوە، بەوەشەوە هیچکات خۆی نەچەماند و تەسلیمی زوڵم و زۆر نەبوو و نیشتمانپەروەر مایەوە و بووە خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، هەرگیز ڕواڵەتی ئارام و سادە و هیوابەخشی کاک جەلالم لەبیر ناچێت، ئەو کاتانەی لە «سنە» و بە دەفتەرێکی سوور لەژێر باڵیدا دەگەڕا و هێمن دەیگوت:

**«تازە بەربووگم»!**

**یاد و ناوی هەرمان**

# ڕانانێك لە شیعر و ئەندێشەی نەتەوەیی جەلال مەلەکشا

## ئازادی، شاپەیڤی سەفەری ئەوینستانی شێعری پڕ هاواری جەلالە

شەریف فەلاح

## پێشەکی

شێعر، ژانرێکی سرک و یاخییە کە زێدەتر یارییە بە وشە و خەیاڵ و هزر، واتە «ڕووداوێکە لە دووتوێی زماندا ڕوو دەدات» ئەم بەستێنە بەرفراوانە لەلای هەر شاعیرێک تایبەتمەندیی خۆی هەیە و هەر کەسە و ڕێباز و ئایدیایەک بۆ دەربڕین و گەیاندنی پەیام دەگرێتە پێش، شێعر وەکوو کۆن و ڕەسەنترین ژانر و هونەری مرۆڤ، لە چاخ و قۆناغەکانی ڕابردوودا ئەرک و بەرپرسیارێتیی گرنگی نەتەوەیی و ئەرکی کۆمەڵایەتیی لەسەر شان بووە، جاران تایبەتمەندێتیی کیش و سەروا، ڕیتم و مۆسیقای وشە، ئاواز و پەیامە کۆمەڵایەتییەکان، دەبوونە هەوێنی شێعر و بەردەنگ لەو ڕۆچنانەوە لەگەڵی پەیوەندیی دادەمەزراند.

ئەدەب و بەتایبەت شێعری کلاسیکی کوردی، قوتابخانەیەکی هەراو و دەوڵەمەندە بۆ وشیاریی کۆمەڵایەتی و سیاسی و دوای قۆناغی حوجرە و خانەقا و قوتابخانە نەریتییەکان، یەکێکە لە کاریگەرترین تریبوونەکان کە لەوێوە مرۆڤی کورد هاوار و پەیام و ویست و داخوازییە نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییەکانی خۆی گەیاندووە، شێعر ئەو بەستێنە پڕ لە جۆش و خرۆشانەیە کە هەموو چین و توێژەکان تێیدا خۆیان بینیوەتەوە، کەواتە لێرەدا هونەر و لایەنی ستاتیکا و جوانیناسی خراونەتە خزمەتی پەیامی کۆمەڵایەتییەوە و شێعر بارگاوی بووە بە گەیاندنی ئازار و ڕەنج و ئێشەکانی کۆمەڵگە، لەم بەستێنەدا کورد خاوەن گەلێک شاعیر و شێعری بەپێزە و لە هەر قۆناغێکدا چەند سیما و شاعیرێکی دیار بوونەتە هەوێن و سیمبۆلی پەیامی ئازادیخوازی و ڕزگاریی نیشتمان و دەکرێت هێڵ و بیری نەتەوەیی لە دووتوێی پەیام

و شێعریاندا دەستنیشان بکەین، ئەگەر هونەر و شێعر ئاوێنەی کۆمەڵ بێت و هەر شاعێرێک ڕۆڵەی سەردەمی خۆ بێت، کەواتە پەیامی شێعر چریکە و هاوار و زریکەی هەناوی کۆمەڵگەیە و شاعێری ڕاستگۆ بە شێعر و پەیڤی سەمیمی لەگەڵ خۆی و کۆمەڵگەکەی ڕاستگۆیە و ئاوێنەی باڵانوێنی گەل و سەردەمی خۆیەتی.

ئەگەر خانی و مەلای جزیری لە باکوور و حاجی قادر و پیرەمێرد و بێکەسی باوک لە باشوور و خانای قوبادی و پاشان قانع و هێمن و هەژار لە ڕۆژهەڵاتی نیشتمان لە کات و سەردەمی خۆیان و بە ڕێچکە و ڕێبازی خۆیانەوە توانیبێتیان ڕچەی بیری نەتەوەیی لە دووتوێی شێعردا بشکێنن و شقڵ و مۆری ئەدەبی نیشتمانی بنەخشێنن، بێگومان شاعێران و نەوەکانی دوای ئەوانیش تەواوکەری قوتابخانەی ئەدەبی گۆران، بابان و موکریانن، سەردەمی کۆماری کوردستان کە بە قۆناغی پاکژبوونەوەی زمانی پەتی و ئەدەبی و شێعری کوردی دەناسرێت، چونکە زمانی کوردی لە ئەزموونی کۆماردا بەخۆداهاتنەوەیەکی ئێجگار مەزن و نوێ و بنچینەیی تاقی کردەوە، کۆمار لە بواری ئەدەب و زماندا ڕچشکێنی و ڕێنیسانێکی گرنگ و هەراوە، چونکە تێیدا زمان دۆخی سروشتیی تێپەڕ دەکات و بەسەر شێعردا باز دەدات بۆ یەکەمجار پەخشان و گێڕانەوە دێتە ئاراوە و زمان دەبێتە دینامیزمێکی لە گوتاری فەرهەنگیدا، سەردەمی کۆمار خۆی کە لە هەناوی خۆیدا گەلێک سیما و شاعێر و ئەدیبی ناوبەدەرەوەی وەک سەیفولقوزات، حەقیقی، ئاوات، خاڵەمین، هێمن و هەژار، عەتری گوڵۆڵانی، سارده کوێستانی (ڕاوچی) و قزڵجی و زەبیحی

سەریان هەڵدا کە هەرکامەیان لە بەستێنی خۆیاندا کاریگەری و ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە، بەڵام دوای کۆمار قۆناغی پیوار (غیاب)ی ئەدەب و زمانی کوردی دەست پێ دەکات و بە لەونێ بۆ ماوەی زیاتر لە دوو دەیە بێهیوایی و گۆشەگیری باڵ بەسەر کەشوهەوای ئەدەبیدا دەکێشێت، هەتا دەیـەی ٤٠ی هەتاوی (٦٠ی زایینی) کە نەوەی ئەدەبیی سەردەمی کۆمار لە تاراوگە و باشووری نیشتمان دەبن، بەڵام نەوەیەکی دیکە بە ئایدیا و ئەندێشەیەکی نوێوە دێنە مەیدان کە لەژێر کاریگەریی ئەندێسەی چەپ و ئەدەبی کرێکاری و سۆسیالیزمدان، شۆڕشی ساڵانی ٤٦ – ٤٧ی ڕۆژهـەڵاتـی کوردستان لە هەناوی ئـەم نەوەیەدا لەدایک دەبێت، ئەگەر مەلا ئاوارە، موعینی و سمایل شەریفزادە لە خەباتی شاخدا کاریگەر بـوون، لەناو جەرگەی زانکۆکانی تاران، لە بەستێنی ئەدەبدا چەندان سیما و ئەدیبی خوێندەواری کورد وەک «سوارە ئیلخانیزادە، فاتیح شێخولئیسلامی (چاوە)، موسلیح شێخولئیسلامی (ڕێبوار)، عەلی حەسەنیانی (هـاوار)، قاسم موئەیدزادە (هەڵۆ)، عومەر سوڵتانی (وەفـا)» پێ دەنێنە مەیدانی شێعر و ئەدەبی کوردییەوە و بنەما و قۆناغی یەکەمی نوێبوونەوەی شێعری نوێی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بنیات دەنێن، ئەم نەوە خوێندەوارە لەلایەک ئاگاداری ئەزموونی گۆرانە لە باشوور و هاوکات لەژێر کاریگەریی شێعری نوێی فارسی و کەسایەتیی (نیما یووشیج)ی فارسیشدایە، لەنێو بەرداش و کەڵکەڵەی کوردبوون و بەجیهانیبووندا دەخولێنەوە، هاوکات قۆناغی گەشەی دوو بیرۆکەی چەپ و نەتەوەیی (ناسیۆنالیزم)ـە و هەرکام لەم ئەدیبانەش لەژێر کاریگەریی ئەو دوو ئەندێشەیەدان.

بێگومان نووسین و شێعری هەرکام لەو شاعێرانە کە بە قۆناغی یەکەمی بووژانەوەی شێعری نوێی کوردیی ڕۆژهەڵات دادەنرێن، بەدەر نییە لە هزری چەپ و نەتەوەیی، کە هەرکامەیان لە ڕەوتی ژیان و شێعرنووسینیاندا گیرۆدەی ئەم دوو بیرۆکەیە بوون و حاشای لێ ناکرێت، ئەم نەوەیە بۆ ماوەی زیاتر لە ١٥ ساڵە ئەم قۆناغە ئەزموون دەکەن، «سوارە» لە ساڵی ٥٤ی هەتاوی (١٩٧٥ی زایینی) جوانەمەرگ بووە و چاوە موسلیح و عەلی حەسەنیانی هەرکامەیان تێکەڵ بە ڕەوتێکی سیاسیی کوردستان بوون و درێژەی ژیانی سیاسی و ئەدەبییان لەو ڕێبازانەدا ئەزموون کردووە.

جەلال مەلەکشا، شاعێری یاخی لە جەور و ستەم و تووڕەی نیشتمانی کوردان، لەدایکبووی دەیەی ٣٠ی هەتاوی (٥٠ی زایینی)، ئەم شاعێرە هەڵچووە، بەهۆی هەلومەرجی ژیان و دۆخی کۆمەڵایەتیی ئەوکات، سەرەتا بە زمانی فارسی تێکەڵی دنیای ئەدەب و شێعر دەبێت، سەردەمی گەنجێتی و گوورانی خەیاڵ و ئەندێشەی جەلال مەلەکشا دوو دەیەی هەستیار و پڕ لە ئاڵۆگۆڕی سیاسی کۆمەڵایەتیی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، کە واتە مەلەکشا خاراوی کوورەی خەباتی تێکۆشانی کوردستانە، بەرلە هەموو شتێک و هەر بیرۆکە و ئایدیایەک، کوردبوون و کوردستان گەوهەر و پێکهێنەری ئەندێشەی جەلال مەلەکشان و ئەگەر لە هەردوو زمانی فارسی و کوردیدا ئەسپی قەڵەمی تاو داوە، بێگومان قامچیی دەستی کورد و ژوانگەی گەیشتنی کوردستان و ئاواتی سەربەستیی مرۆڤ و ئازادیی کورد و کوردستان بووە.

ئازادی، شاپەیڤی سەفەری ئەوینستانی شێعری پڕ هاواری جەلالە. سەفەرێک کە تەژییە لە خەون، خەونێک کە لێوانلێوە لە ئەشق، ئەشقێک کە سەرلەبەری ڕۆحی کوێستانە و بۆ نەخشەی دزراو و پارچە پارچەکراوی ئەم گەلە دەگەڕێت هەتا کوردستانی پێ بدووریێتەوە، کەسێک پەروەردەی ئازار و ڕەنج بێت، رەنجێک کە ئەشقی گەیشتن بە دڵدار تانوپۆی بێت، بێگومان هەرمانە و لە دڵ دەنیشێت، زۆرن ئەوانەی لەم سەفەرە پڕ لە هەورازەی «جەلال»دا هاوڕێی بوون و نەیانتوانی و جێ مان و گلان و هەڵنەستانەوە، سەفەرەکەی جەلال پڕ بوو لە چاوی گورگ، پڕ بوو لە درِک و داڵ و قەل و ژینەخۆرە و بەربوونە گیانی، ئەم جەستە لاوازە هەموویانی ورد و خاش کرد و هەر نووسی و هەر مایەوە و هەرچەند چریکەی نەگەیشتە بن میچی ئاسمی ئازادی و بە ئاواتە گەورەکەی نەگەیشت و بۆ چرکەیەکیش شنەی سەرکەوتنی هەڵنەمژی.

**وشە سەرەکییەکان:** جەلال مەلەکشا، شێعری کوردی، نیشتمان، ئەدەبی بەرگری و ڕاچەنین، گۆڤاری سروە، خۆڕاگری، هەڵوێست، یەکسانی، یاخی و تووڕەبوون، بەگژداچوونەوە، خۆشەویستی و کوردستان.

**دەسپێکی بیچمگرتنی ئەندێشەی شێعری «لاسار» لای جەلال مەلەکشا**

هەروەکوو لە ژیاننامەی «جەلال مەلەکشا»دا هاتووە، ئەم شاعێرە کۆمەڵایەتییە، پەروەردە و زادەی ژینگەی لادێیەکی کوردستانە و ژیانی ساکاری گوند (مەڵەکشان)ی سەر بە چەمشاری سنە، چەشتنی ڕەنج و ئازار و هەستکردن بە برِک و ئێشەکانی ناو کۆمەڵگەی ئەوکاتی کوردستان، دەبنە هەوێنی

بیرکردنەوەی و ڕوانینی بۆ ژیان و دەوروبەری، هاتنی بۆ شاری سنە و تێکەڵبوونی بە کۆمەڵگەی ئەوکاتی کوردستان و ئێران، بەتایبەت شۆڕشی چەکداریی سالآنی ٤٧ – ٤٦ی کوردستان کە ئەوکات جەلال مەلەکشا گەنجێکی ١٦ و ١٧ ساڵ بووە و دەیەی چلی هەتاوی (٦٠ی زایینی)یش وەکوو یەکەم قۆناغی شێعری نوێی کوردی دێتە ئەژمار کە لەسەر دەستی کەسانی وەکوو « سوارە، چاوە و ڕێبوار» و هەڤالآنی دیکە چەخماخەی لێ دراوە، کاریگەریی زۆریان لەسەر شێوازی نووسین و فۆرمگرتنی ڕوانگەی شاعێر هەبووە.

سەرەتای دەیەی ٥٠ی هەتاوی (٧٠ی زایینی) کە دەیەیەکی ئێجگار هەستیار بووە و زۆربەی نووسەر و شاعێر و ئەدیب و کەسایەتییە دیارەکانی ئەوکاتی ئێران کەوتبوونە ژێر هەژمۆنیی ئەندێشەی چەپ و شۆڕشی کرێکارییەوە و ئەم تێڕوانینەش لە نووسین و شێعری زۆر شاعێری ئەو سەردەمەدا ڕەنگی داوەتەوە، ئەگەر سەرنج بدەینە شێعرە فارسییەکانی کاک جەلال مەلەکشا، کە زۆربەیان لە دەیەی پەنجای هەتاویدا نووسراون، بە ڕوونی دەبینین کە کاریگەریی دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و هێندێک جاریش ئایدئۆلۆژیشیان پێوە دیارە، بەڵام مەلەکشا لە شێعرە فارسییەکانیشیدا جیا لەوەی شاعێرێکی خەڵکی و کۆمەڵایەتییە و لە دووتوێی وشەدا بەگژ نەیار و دوژمن و ستەمدا دەچێتەوە، هاوکات یاخی و لاسارە و ڕەخنەگرێکی ئایدیا و هزرە چەواشەکانیشە و هێندێک جار بە وەهم و خەیاڵ دەیانشوبهێنێت.

بۆ وێنە لە شێعری (به رسالت ما ایمان بیاورید) کە لە کۆڕ و کۆبوونەوە شۆڕشگێڕانەکانی ئەوکاتدا کە نوقمی خۆشبینی و خەیاڵی «پرۆلیتاریایی» بوون، پێکەنینی پێیان دێت و دەڵێت:

**«اسبهایمان را**
**در مرتع علمی تاریخ**
**به میخ طویلەی فلسفه بستەایم**
**و خود در بیابان بیهودگی**
**با پای فلج اندیشه، پیاده میرویم!**
**در برهوت کلمات**
**راه نجات میجوییم**
**و پشت سنگرهای کاغذی...**
**با تفنگهای ساخت کارخانەی بیک،**
**در سینەی زمان، بذر حماسه میکاریم!**
**حرف میزنیم، حرف میزنیم**
**و با زنجیری به درازای زبان**
**پارا به قفل دل بستەایم!**
**درد را، از سر بی دردی، فریاد میزنیم**
**و از کسی یاد میکنیم**
**که راه خانەاش را نمیدانیم!**
**ما را بیاد بیاورید**
**زندانیان سلول تاریک روشنفکری**
**که دیوارهای قطور زندان «من»**
**به ما اجازەی دیدن شما را نمیدهند**
**و در آینەهای دق پندارمان**

**جز انعکاس شمایل خود،**
**تصویری مشاهده نمی‌کنیم!!**
**به شب‌نشینیهای ما بیائید**
**در سالنهای مجلل**
**زیر چلچراغهای طلایی**
**به سلامتی شما، گیلاسهای ویسکی خود را می‌نوشیم**
**و زیر سایه‌ی الکل**
**راه نجات را کشف می‌کنیم**
**و آنگاه خسته از مبارزه‌ی بی امان**
**بستر خود را درون استفراغ می‌اندازیم.**
**به رسالت ما ایمان بیاورید.**
**ما از شهر تاریخ و فلسفه و الکل و افیون می‌آییم!**

١٣٥٥/١١/١١ شمسی
تهران - کافه‌ی شاغولام»

لە وەها دۆخێکدایە کە جەلال مەلەکشا لەگەڵ زمان و ئەدەبی فارسی و کۆمەڵگە ئەدەبییەکانی ئەوکاتی تاران و لەگەڵ گەورە نووسەرەکانی ئێران ئاشنا دەبێت، بەهۆی بیروباوەڕی سیاسییەوە لە دەیەی ٥٠ی هەتاوی بۆ چەند ساڵێک دەگیردرێت و لە بەندیخانە دەکرێت و ئیتر لەو کاتەوە دەست و پەنجەی لەگەڵ بەندیخانە و کەلەبچە و ژووورە تاریکەکان و ئازار و ئەشکەنجە و چەوساندنەوەی نەتەوەیی بە بیروباوەڕی ئاشنا دەبن، هەرچەند ئەم جەستە لەڕ و لاوازە بە جەستە بەند و زیندان دەکرێت، بەڵام بیروباوەڕ و قەڵەم و شێعری لە پشت هیچ دیوار و بەربەستێکەوە

دەستەمۆ نابن و ملکەچی هیچ یاسا و مەرج و چوارچێوەیەک نابن و لە دووتوێی ڕستە یاخییەکاندا دەبنە باڵندەی ئاسمانی شێعر و تێلەکانی قەفەز دەشکێنن و لە شەقەی باڵ دەدەن و سروودی ئازادی و سەربەستی بۆ نیشتمان دەچڕن.

بۆیە شێعر و چیرۆکە فارسییەکانی هەر لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێراندا دەگەنە گوێی بەردەنگ و ناوبانگ پەیدا دەکات و لە دووتوێی دەفتەرە دەستنووس و کاسێترکاندا دەستاودەست بەناو خەڵکدا بڵاو دەبنەوە.

ڕووداوی شۆڕشی گەلانی ئێران و بارودۆخی پڕ لە هەژان و شۆڕشگێڕیی ئەوکات لە ئێران و بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەبنە بەستێنێک و ئیتر لەو کاتە بەدواوە جەلال مەلەکشا بە شێوەیەکی جیددی و قورس و قایم ڕوو لە ئەدەبیاتی کوردی و زمانی دایک دەکات و لە دوو بواری شێعر و چیرۆکدا خێرا دەبێتە یەکێک لە دەنگە دیارەکانی قۆناغی دووەمی شێعری نوێی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، مەلەکشا یەک لەو دەگمەن شاعێرانەی کوردە کە بەرلەوەی نووسراوەکانی بە فەرمی و بە شێوەی بەرهەم چاپ ببن، لەلای زۆربەی ئۆگرانی شێعر و ئەدەبی کوردی و بەشێکی زۆر لە جەماوەری کورد لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناسراوە و ناوبانگێک و پێگەیەکی بەهێزی هەیە.

**جەلال مەلەکشا و ئەزموونی سروە:**

ئەزموونی گۆڤاری (سروە) بە ڕچەشکێنیی مامۆستا هێمن، کە جەلال ملەکشا لە دوای ساڵی ٦٧ی هەتاوییەوە تێیدا کار دەکات، ئەزموون و قۆناغێکی ئێجگار گرنگن لە بواری شێعر و چیرۆک و بەتایبەتی ڕۆژنامەگەریی ئەدەبیی جەلال مەلەکشادا کە مزیکەی

١٥ ساڵ لەو گۆڤارە خزمەتی کردووە و هاوڕێ لەگەڵ مامۆستا ئەحمەدی قازی، مارف ئاغایی، سوارە فتووحی، ڕەسووڵ وەیسی، ڕەحیم سورخی، فەرەیدوون ئەرشەدی و دەیان ئەدیب و قەڵەم بەدەستی دیکە بناغەی ڕەوتێکی گرنگی ڕۆژنامەنووسیی ئەدەبی لە ڕۆژهەڵات دارشت کە دەکرێ لەو کاتەدا وەک قوتابخانەیەکی گرنگی فێربوونی زمانی کوردی و بووژانەوەی فەرهەنگی کوردی لەقەڵەم بدرێت. لەو ماوەیدا جەلال مەلەکشا وەک بەرپرسی بەشی ئەدەبی و بەتایبەت لاپەڕەی شێعر و وەڵامدانەوەی خوێنەر و شاعێرانی گەنج دەورێکی گرنگی گێڕاوە. هاوکات وتار و ڕیوێنییە ئەدەبییەکان و وتووێژەکانی کاک جەلال لە بواری شێعر و چیرۆکدا دەبنە ڕێنوێنی شاعێرانی گەنجی ڕۆژهەڵات. هاوکات مەلەکشا جیاواز لە دوو بواری چیرۆک، لە بوارەکانی وەرگێڕان و تەنزیشدا دەستی هەبووە و گۆشەی (ئەحەڕەش) لە گۆڤاری (سروە) کە دەمەتەقێ و گاڵتە بوو لەگەڵ شاعێران و نووسەرانی کورد، یەکێکە لە ئەزموونەکانی ئەو نووسەرە مەزنە لە بواری تەنزدا.

**مەلەکشا، دڵدارەی کوردستان:**

شێعری جەلال مەلەکشا، هاواری پەنگخواردووی گەرووە هەڵدڕاوەکانە، ویست و داخوازی کۆمەڵگەی خۆیە و کوڕی سەردەمی خۆیەتی، بۆیە لە شێعری (بێ وڵات)دا دەڵێت:

**چل ساڵە من**
**تەرمی خۆمم لەکۆڵ ناوە**
**دەیگێڕم و ئەشک ئەڕێژم**

**ڕێگەی دووری تەمەن ئەبڕم**
**بستێ خاکم دەست ناکەوێ**
**ئەم جەستە پڕ ئازارەی**
**تیا بنێژم!**

سالّی ١٣٦٥ی هەتاوی (١٩٨٦ی زایینی)

وەک خۆی لە چەندین چاوپێکەوتندا دەڵێت، ئاشقێکی سووتاو و هەڵقرچاوی کورد و کوردستانە و ئامادە نییە بە هیچ پلە و پایە بەبەهاترین دەسکەوتی ئەم دنیایە بیگۆڕێتەوە، چونکە ئازادی لای شاحیر بەنرخترین دەسکەوتی ژیانە بۆ گەلەکەی خۆزگەی گەیشتن بە ئازادی و ڕزگاریی نیشتمان و ژیانی ئاسوودەیی سەرەکیترین خولیای شاعێرە، کە بە هیچ لەونێ دوو وشەی (کورد و کوردستان) لەسەر سینگ و دڵی ناسڕدرێتەوە، بۆیە پاک و بێ غەل و غەش و ڕاستگۆیانە لە شێعری «وشەی پیرۆز»دا ئەیژێت:

**مێژوو دەڵێ**
**سەدان کەڕەت**
**گۆڕەپانی منیان کردە جەهەندەم و**
**وڵاتێکیان تیا هەڵقرچاند!**
**بەڵام هەرگیز نیانتوانی**
**دوو دیاردە**
**لەسەر سینگم بسڕنەوە:**
**یەکیان کورد و**
**ئەویتریان**

وشەی پیرۆزی کوردستان.

ئەمانە هەموو بوونەتە هۆی ئەوەی ستراکتۆر و بنەچەی زمانی شێعری و ئەنەێشەی نەتەوەیی جەلال مەلەکشا لە دووتوێی شێعر و چیرۆکیدا دابنرێت. بناغەیەک کە لەسەر بنەمای باوەڕ و بەڵێنکی قایم دانراوە، کە ئەویش نووسین لەپێناوی ئازادی و سەربەستیی وەتەن و دژایەتیکردنی داگیرکەر و مل دانەنەواندن بۆ ستەم. بۆیە دەڵێن شێعری جەلال مەلەکشا لە فۆرم و شێوازی خۆیدا شێعرێکی بەرگری و بەگژداچوونەوەی هەوری ڕەشە و بە هیچ خنجەر و کەلەپچە و پەت و سێدارەیەک دەستەمۆ نابێت، چونکە ئەو وشانە کە تژین لە ئاگر و خوێن و فرمێسک زادەی کونجی ژووره نسرمەکانی زیندان و ئازار و ئەشکەنجەیان چەشتووە، بەڵام کۆڵیان نەداوە.

**کاریگەریی شاعێرانی باشوور لەسەر مەلەکشا:**

لە سەردەمی شۆڕشی گەلانی ئێران کە زەمەنی پێگەیشتن و قورس و قایمبوونی زمانی شێعریی جەلال مەلکەشایە، هاوکات لە باشووری نیشتمانیش چەند دەنگێکی شێعری نوێ و بەگوڕ کە تژین لە چریکەی نیشتمانپەروەری و هەوێنی جۆشدانی شۆڕشی شاخ و شارن، سەریان هەڵداوە کە ئەوانیش «شێرکۆ بێکەس، عەبدوڵڵا پەشێو، لەتیف هەڵمەت، ڕەفیق سابیر، فەرهاد شاکەلی و ئەنوەر قادر محەمەد» کە چەند کەسێکیان لە بناغەدانەرانی ڕەوتی شێعریی (ڕوانگە – کفری)ین. ئەم چەند دەنگە کە ئەوکاتە نوێنگەی شێعری بەرگری و سەرتۆپی ئەدەبیاتی کوردی بوون. بێگومان وەک چۆن چەندین شاعێری دیکەی ڕۆژهەڵات کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی ئەو شاعێرانەوە، جەلال مەلەکشاش بە زمان و فۆرم و ناوەرۆک لەژێر کاریگەرییاندا بووە. هەروەک بۆ خۆشی لە چەند

شوێنێک باسی کردووە. پێوەندییەکی زۆری لەگەڵ زۆربەیان هەبووە و بەتایبەت عەبدوڵڵا پەشێو و شێرکۆ بێکەس و شێعری بۆ هەردووشیان نووسیوە و هەتا ساڵەکانی کۆتایی تەمەنیشی لەگەڵ پەشێو بە نامەگۆڕینەوە پێوەندیی هەبووە.

بۆ وێنە لە شێعرێکدا کە بۆ شێرکۆ بێکەسی نووسیوە، تفەنگ و خوێن و چیا بە سێکوچکەی شێعری لاسار و سەربزێو و یاخی دادەنێت و ڕوو بەو شاعێرانەی کە ڕەخنە لە شێعرەکانی دەکەن دەڵێت:

**تفەنگ و خوێن و چیا**
**وتیان: کاکە!**
**وشەی تفەنگ**
**ڕەقە، زەقە، ناهەموارە**
**بەرهەڵستی گەشە و نەشەی شێعرەکانتە**
**شانی شێعرت**
**بەو بۆنەوە بریندارە!**
**ئەی من چ بکەم؟**
**نەخشەی گەورەی وڵاتەکەم**
**تفەنگێکە و**
**بتانەوێ و نەتانەوێ**
**لەناو هەموو نووسراوەکانمدا دیارە!**
**وتیان: چیا زۆر سەرکەشە**
**لەناو شێعرێکی پەسەند و ڕێکوپێکدا**
**ناشرینە قوت بێتەوە**
**ئەی من چ بکەم؟**
**نیشتمانم کوێستانێکە و**

هەر چەند ئەکەم
وشەی چیا
لەناو دێڕ و کرت و رستی شێعرەکانما ناچێتەوە!
وتیان: ئەی خوێن!
خۆ ئیتر خوێن
پێویست ناکا
لەناو شێعرا خۆی بنوێنێ
ئەی من چ بکەم؟
نیشتمانم دەریای خوێنە
ڕەنگی خوێن لە دڵۆپی خوێن بسڕمەوە
چی دەمێنێ؟
بتانەوێ و نەتانەوێ
وشەی شێعری من هەر خوێنە.
پێتان دەڵێم
شاعێرانی وڵاتەکەم، پێتان دەڵێم
سەری شێعری بێ چەک دەبڕن
شێعری بێ خوێن
زەرد و بێ هێز و لاوازە
شێعرێ چیای تێدا نەبێ
زگی دەدڕن!
پێتان دەڵێم
بۆیە شێعرم خوێناویە و
سوورە ڕەنگم
من شاعێری نیشتمانی خوێن و کوێستان و تفەنگم!

١٣٦٨ی هەتاوی

یان لەو شێعری «تاسە»دا کە بۆ «عەبدوڵڵا پەشێو»ی نووسیوە، چۆنچۆنی باسی تاسەی دووری و دیدار دەکات و جارێک ئەو تاسەیە دەبێتە تفەنگ و دەست لەمی چیا دەکاتە ئیتر نایەتەوە و جارێکیش دەبێتە حەلاج و سێدارە دەکاتە جێژوانی ماچ و دڵداری. ئەم شێعرە کە ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی (١٩٨٠ی زایینی) نووسراوە، هی سەردەمی شەڕ و داگیرکردنی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و زمان و فۆرم و ئاخاوتن و پێکهاتەی ئەم شێعرە باسی خۆزگە و بریای نێوان دوو ئاشق و خۆشەویستی نیشتمانە کە سنووری دەسکردی نێوانیان وەک سەگ ئەلوورێنی و قەپ بە پاژنەی پادا دەکات و سەرەنجام بۆ ئاواتی پێکگەیشتنیان بە پچڕانی قەفقەفی زنجیری سنوورەکان هێلانە شێواوەکەیان ئەکەنەوە بە نیشتمان.

**خۆشەویستم!**
**زۆر لەمێژە**
**تاسەی دووریت**
**وەک دڵۆپێ فرمێسک لەناو**
**گلێنەی چاوما قەتیس ماوە!**
**هەوری ئازار**
**بەسەر کێڵگەی تینووی دڵما**
**پرچی رەشی خەم و زووخاوی ئاڵاوە!**
**خۆشەویستم!**
**تاسەی دووریت بوو بە تفەنگ،**
**دەستی لەمل چیا کرد و نەهاتەوە**
**تاسەی دووریت بوو بە خەیاڵ**
**رۆیی دەرگای سنوورەکان بکاتەوە!**

**تاسەی دووریت بوو بە هەللاج**
**سێدارەی کرد بە جێژوانی دڵداری و ماچ!**
**خۆشەویستم!**
**لە نێوانی من و تۆدا دەریای ئاور شەپۆل ئەدا**
**سنوور وەک سەگ ئەلوورێنێ قەپ بە پاژنەی قاچا ئەکا**
**هەنگاو بە هەنگاو تێمانە**
**بەڵام من ئەو ئەویندارەم لە ناو خوێنا ئەژیمەوە**
**شەقڵی سنووریان ئەشکێنم بە حەیران سیاچەمانە**
**خۆشەویستم**
**باسی دڵداری من و تۆ دنیای گرت و هێشتا ئێمە لەیەک دوورین**
**باسی دڵداری من و تۆ**
**چاوی مێژووی**
**کردە کانی فرمێسک و خوێن**
**هێشتا ئێمە سەدە و ساڵ و مانگ ئەژمێرین!**
**خۆشەویستم!**
**تۆ رێ کەوە من هەوڵ ئەدەم**
**با بە یەکتر بگەینەوە!**
**تۆ بانگم کە**
**من پڕبەدەم هاوار ئەکەم!**
**وەڵام یەکتر بدەینەوە.**
**قەف قەف زەنجیر سنوورەکان بپچڕین و**
**ئەو هێلانە شێواوەمان بکەینەوە بە کوردستان**

ئەو هێلانە شێواوەمان بکەینەوە بە نیشتیمان! ١٣٥٨ی
هەتاوی (١٩٨٠ی زایینی)

**شێعر و ژیان لای مەلەکشا:**

مەلەکشا، لەو دەگمەن شاعیرانەی کوردە کە خاوەن هەڵوێست و پەیامە و بە کردار و ڕەفتار و نووسین سەلماندی کە ئەوەی دەیڵێ باوەڕێکی قووڵ و ڕاستەقینەی پێی هەیە و لەگەڵ خۆی و نەتەوەکەی ڕاستبێژە. بە ڕاستی و بە واقیع و ڕاستگۆیانە و شاعیرانە ژیا و لە نێوان ژیانی ئاسوودە و بێ چەرمەسەریی بەری لە ڕەنج و ئازاردا ئەو ژیانێکی سادە و ساکار، بەڵام تژی لە ئازار و تاڵی و سوێری و نامورادیی هەڵبژارد. لە سێ دەیەی ٥٠، ٦٠ و ٧٠ی هەتاویدا بۆ چەندینجار لەپێناو هەڵوێست و بیروباوەڕی کوردانە و تەنیا لەبەر پاراستنی سەربەخۆیی و ئامانجی قەڵەم و گەیاندنی پەیامە شێعرییەکەی کە ڕووی لە ئاسۆی نیشتمانە، لەسەر یەک ١٣ ساڵ زیندانی کێشاوە و زۆرێک لە شێعرە بەرزە نیشتمانییەکانی کە ئاوێنەی باڵانوێنی ژیان و ڕەنجی ئازاری خۆی و گەلە مافخوازەکەیە، زادەی کونجی زیندانەکانن.

جەلال مەلەکشا، لەو دەگمەن نووسەرانەی کوردە کە لە هیچ قۆناغێکی ژیانیدا بۆ خۆی نەژیاوە و خۆی کردووەتە قوربانیی شێعر و نیشتمان، هەر بۆیە دەکرێ بێژین ڕۆڵە و شاعیری سەردەمی خۆیە و بە شێعری سەمیمی و سادە و بێ گرێ و گۆڵ، هاوکات قورس و قایم و پتەو شاعیری ڕاستەقینەی گەلە. چونکە شێعر و پەیڤی ئاوێنەی باڵانوێنی کۆمەڵگە و هاواری خەڵکی ڕاپەڕیو و ئازادیخوازە. شێعری چاوگی ئازادی و ڕاچەنینی گەل و سیمبۆلی ڕۆحی برینداری کۆمەڵگەی کوردستانە، بۆیە لای دوژمن بە شاعیری نەیار دێتە ئەژمار، چونکە بۆ ژیانی سەربەست و ئازادی و ڕزگاری دەنووسیت و

دژی کۆت وبەند و چەوشانەوەی مرۆڤە و پیلانی نەیار لەقاو دەدات، هەر بۆیە مۆری سووری قاچاخبوونیان کوتاوە بە سەر شیعری و دەفتەرییەوە، چونکە خۆی لە شیعری «تاوان»دا دەڵێت:

**چونکە ئەموت:**
**مرۆڤ دەبێ،**
**ئازاد و شاد و سەربەست بێ**
**شادی، دڵداری ئازادی**
**بنەڕەتی ژیان بێت و**
**بچووکترین وشەی ئەوین**
**ماچ و ئاواز و هەڵبەست بێ.**
**دڵیان کۆڵیم**
**داخی هەزار خەمیان چزان بە جەرگمەوە**
**مۆری سووری قاچاخبوونیان**
**کوتا بەسەر وشە و شیعر و دەفتەرمەوە!**

ئەو ڕاستییەی لێرە حاشای لێ ناکرێ ئەوەیە ئەگەر کەسێک توانای نووسینی هەبێت و بتوانێت لە بواری نووسیندا قەڵەمی تاو بدات، بێگومان توانای ئەوەشی هەیە لە بواری داهات و دەسکەوتی ماڵیشدا سەرکەوتوو بێت، بەڵام جەلال خۆی ئەو ڕێگای خزمەتەی هەڵبژارد و بازی گەڕیدەی خەیاڵی لە هەموو کەلێن و قوژبنێکی ئەو وڵاتە گێڕا تا نەدامەتی و دەردی خەڵکی پێ دەستتنیشان بکات و ببێتە بانگەوازی ڕەنج و ئازاری گەلەکەی

و بە زمانی قەڵەم بەیانی بکات، هەروەها ڕێگای بەختەوەریش پێشانی گەلەکەی بدات.

سەرلەبەر و دێڕبە دێڕی شێعری مەلەکشا بۆ کورد و کوردستانە و ئەگەر خۆشەویستیی نیشتمان و هاواری مافخوازی و بیری ئازادیی لێ دەربێنی، لەوە زیاتر هیچی دیکەی لێ نامێنێتەوە، شێعرەکانی دەیسەلمێنن کە لەو ڕێگایەدا دەروونی چەندە تەژی دەرد و ئازار بووە و چۆن ئەو ئازارانەی بە گیان و دڵ قەبووڵ کردووە و تا سەر وەفادار بەو پەیمانەی مایەوە و بۆیە لە شێعرێکدا ئەیژێ:

**(من تەژی دەردم**
**نوقمی هالاوی خەیاڵم،**
**شاعێرێکی شەوگەڕی مەستم،**
**بەفری وەرزی خەم**
**دۆڵی دڵمی کردووە جێگەی ڕنووی ماتەم،**
**ون بووە سیمای زەمانی لاوەتیم**
**ڕەنگە چارەنووسی من وا بێ!**
**وەک چلۆن تەنیا لەدایک بووم**
**هەر بە تەنیاش ڕابوێرم ژین،**
**تازە ئاخر هەر بە تەنیایی**
**سەر بنێمە باوەشی مەرگ و**
**بایەقوش لە کاولاشی نێو دڵی خۆمدا**
**بۆم بخوێنێ سوورەتی یاسین).**

**بەخشندەیی و لێبووردە:**

شاعێرێک، هەڵگری پەیام بێت، نووسەرێک لە ئاست میللەت و کۆمەڵگەدا دەروەست بێت، بێگومان هەموو هزر و ژیانی دەخاتە خزمەتی سەربەرستی و سەربەرزیی گەلەوە. کاک جەلال لەمبارەوە سەرباشقە و نموونەیە. ئامادەیە لەپێناو ڕووناککردنی شەوگاری گەلە ستەملێکراوەکەی چاوەکانی پێشکەش بکات، یان ئامادەیە دەڵی خۆی بۆیان دابەش بکات، بۆیە لە بەخشندەییدا گەیوەتە لووتکە و ئەمە نەتەنیا بە وشە وا بووە بە ئاکار و ڕەفتاری کۆمەڵایەتیش لە ئاست دۆست و هەڤاڵانیشدا هەر وا بووە. بۆیە لە شێعری «بەخشش»دا دەڵێت:

**خەڵکی وڵاتی گریانم**
**کێڵگەی کامتان وشک و برینگە،**
**هەر دوو چاوم پێشکەش ئەکەم**
**وەک شەم لەناو شەوەزەنگا**
**دەسووتێم و دەتوێمەوە**
**شەوگاری کامتان زۆر ڕەشە**
**دڵی ڕوونم دابەش ئەکەم.**

شێعری مەلەکشا ئاوێنەی بێگەردی ژیانی خۆی و دەوروبەرییە، بۆیە هەموو چین و توێژێک خۆی تێدا دەبینێتەوە، شێعری جەلال خەمە ئاخە، داخە، دەردە، شادییە، سۆز و ترژی لە خۆشەویستییە. دژی ستەم و نایەکسانییە و بۆ لووتکەی سەربەستی دەفڕێت. لەگەڵ هەر وشە و دێڕ کرتێکی خوێنەر دەژیت و خەم دای دەگرێت و دەیخاتە جەغزی فکرا و تێڕامان لە

ژیان و گەردوونەوە. پڕە لە هەژان و ڕاچەنین. وشەی بریقەدار و داتاشراو نین. وشەی سەرزاری تاک بە تاکی کۆمەڵە. مەلەکشا لەگەڵ هەڤاڵ و دۆستە نیزکەکانیشی کە گیانی بە گیانی بوون، هەر بەخشدە و لێبوردەیە و دەڵی وەک وشە و پەیڤی ئەوین دەبێتە ڕاخەر بۆیان، بۆیە کاتێکیش گلەیی و گازندەیان لێ دەکات، هەرچەندە لێشیان تووڕەیە، وەلێ هێشتا هەر دڵە ساکارەکەی پڕ لە خۆشەویستیی یاران. لە شێعری «گازندە»دا ئاوا دەپەیڤێ:

**لێتان تووڕەم،**
**لەگەڵتانا**
**یەکڕەنگ ژیان،**
**بە شادیتان شاد ئەبووم و**
**لە ماتەمتانا ئەگریام!**
**بەڵام کاتێ**
**قوڵپەی گریان**
**ئەوکی هەنسکی پێگرتم،**
**ئێوە کردتان بە شایلۆغان**
**ئێستاش**
**دڵە ساکارەکەم نەگۆڕاوە**
**هەروەک دڵەکەی جاران**
**هەرچەند تووڕەم**
**بەڵام پڕ لە خۆشەویستانە.**

## چەند توخم و تایبەتمەندییەکی شێعری مەلەکشا:

بەرلە گەشت مەلەکشا، نووسەرێکی خاوەن ئایدیا و پەیامە و شێعری بێ پەیام و مەبەست نانووسێت و وەک خۆی ئەیژێ «من شاعێری خوێن و کوێستان و تفەنگم» و لەگەڵ خۆی و گەلەکەی ڕاستگۆیە و هەر لە سەرەتاوە بەڵێنی داوە کە پابەندی باوەڕە ئەدەبی و نەتەوەییەکانە و سواری شەپۆلی هەست نابێت و لەگەڵ هیچ ڕەوتێکی نوێخوازیی پڕ لە کەفوکوڵ و کاتی و بەینابەینی ناگونجێ و قەڵەمی تووڕە و شێعرە یاخییەکانی تژین لە هاوار و چریکەی ئازادی.

بە ڕێچکەی ئەدەبی بەرگریدا هەنگاو دەنێت و پەیامی ڕوون و ئاشکرا بە وشەی ساد و زمانی ڕەوان و ئاهەنگدار خوێنەر پەلکێشی ئەندێشەی خۆی دەکات.

هەرچەند لە سەردەم و قۆناغێکدا کە هەم لە بەستێنی ئەدەبی جیهانی و ئەدەبی فارسی و تارادەیەکیش ئەدەبی کوردیدا چەندین شێواز و ڕێچکەی ئەدەبی و شێعری جیاواز هاتوونەتە مەیدان و شێعر لەڕووی فۆرم و تەکەنیک و زمان و ئاخاوتنەوە گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بەڵام مەلەکشا وێڕای ئەوەی باوەڕێکی قووڵی بە نوێخوازی هەبووە و لایەنەکانی ستاتیکا، فۆرم و هەرنیشی بەلاو زۆر گرنگ بووە و ڕەچاوی کردووە، بەڵام پەیام و زمانی ساد و چڕبێژی و کورتبێژی و هاوکات قووڵبێژیی لە شێعردا کردووەتە ڕێچکەی نووسینی.

لە زۆر وتار و دیمانەی ئەدەبیدا کە کاتی خۆی لە گۆڤاری سروە بڵاوی کردوونەتەوە، ڕوانگە و بۆچوونەکانی لەمەڕ شێعر و ئەدەب و دەروەستبوون بە ڕوونی و ئاشکرا باس کردووە و هەتا کۆتایی تەمەن پێیانەوە پابەند بووە. چونکە بیرکرنەوە

و نووسینی کاک جەلال قووڵ و خاوەنی ئەزموون و پاشخانی خوێندنەوەی ئەدەبی ئێران و ئەدەبی جیهانیش بووە و لە هەر سێ بەستێنی شێعر و چیرۆک و وەرگێڕاندا کە کاری کردووە، بە شارەزاییەوە هەنگاوی ناوە و باوەڕێکی قووڵی بەوە هەبوو کە نووسیویە و قورس و قایم و جیدی قەڵەمی تاو داوە و لە هەمبەر نووووسین و پەیامدا خۆی بە بەرپرسیار زانیوە.

شێعری جەلال مەلەکشا، یەکێکە لە شێعرە بەهێزەکانی ئەدەبی هاوچەرخی کورد، شێعری جەلال سادە، بێ گرێ و گۆڵ، هاوکات ڕەسەن و تژییە لە مانا و لێوانلێوە لە خەم و بڕک و ژان. ژیانی ئەستەم و دژواری خۆی ڕەنگدانەوەیەکی ئێجگار مەزن و بەرچاوی لە ناوەرۆکی شێعر و نووسینیدا داوەتەوە. شێعری مەلەکشا لەلایەک لە ڕەهەندەکانی ژان و ئازاری ئینسانی، کەموکووڕی و نایەکسانییە کۆمەڵایەتییەکان، لەلایەکی دیکەشەوە باسکردنی ڕەوش و گوزەرانی تاکەکەسیی خۆی، ژانە ڕۆحییەکان، زەخت و گوشاری ژیانی لەخۆ گرتووەوە. هاوکات شێعری جەلال شێعرێکی قووڵ، هەرمان و هەڵگری توخم و مۆتیڤە ئوستوورەیی و مێژووییەکانە. ڕوانگە فەلسەفییەکانی و شارەزایی لە بواری چەمکە ئەفسانەییەکان یەکێکیترە لە تایبەتمەندییەکانی مەلەکشا کەلە شاعێرانی دیکەی جیا دەکاتەوە. لە گشت گرنگتر شێعری جەلال، شێعرێکی نەتەوەیی و دەروەستە، هاوکات چوارچێوە نوێخوازییەکانیشی پاراستووە و لەگەڵ شاعێرانی دەیەی پەنجا و شەست و نەوێ نوێشدا هەتا ڕادەیەک خۆی گونجاندووە. شێعر و نووسینی لەسەر هاونەوەکانی و بەتایبەت نووسەر و شاعێرانی لاو و بەرەی سێیەمی ئەدەبیانی ڕۆژهەلات کاریگەریی زۆری

داناوه و به یەکێک له کاریگەرترین شاعیرانی دوای شۆڕشی گەلانی ئێران له ڕۆژهەڵاتی کوردستان دێته ئەژمار.

بەرهەمی مەلەکشا هیچکات له هەمبەر نەریت و تایبەتمەندییە ڕۆژانەکاندا کۆڵیان نەداوە و هەر ئەم خەسڵەتە بووەتە هۆی ئەوەی شێعرەکانی هەردەم نوێ بن. عەشقی ڕۆمانتیک و دڵداری و خۆشەویستی بۆ ژنیش له شێعری مەلەکشادا له خزمەتی ئەندێشەی ڕزگاربوونە له ستەم و چەوسانەوەی نەتەوەییەکان. جەلالی مەلەکشا سەرکوت و ستەم و دیکتاتۆری به بەربەستێکی بەردەم گەیشتن به ئەشقی خەیاڵیی خۆی دەزانێت. لەخۆبردوویی بۆ گەیشتن به ئامانجەکانی، هیچکات له شێعری مەلەکشا جیا نەبۆتەوە. خەمی خاک و ئازادیی مرۆڤ و بەتایبەتی گەیشتن به ڕزگاریی مرۆڤی کورد له خولیا ئەشقە پیرۆزەکانی ئەم شاعیرەن که به سەرپای شێعر و نووسینییەوە به ڕوونی دیارە. وەک چۆن لەوپەڕی تووڕەیدا ئاوا ئاواتە شیرینە و داخوازیی خۆی و گەلەکەی دێنێتە زمان:

**من حەز ناکەم، وەک ئەشقیا**
**سەرگەردان بم لەم کوێستانە**
**ڕێگەم بدەن بێمە خوارێ**
**هیچم ناوێ لەم جیهانە**
**جگە نەختێ سەربەستی و بستێ خاک و**
**ئاڵەیەک و**
**ڕەشماڵێکی قەرەجانە!**

هەرچەند چاوەڕوانی، بێ مانایی سەردەم و جۆرێک له نهێلێزم

لە سەرەتای شێعری جەلالدا دەبینرێت، کە سەرەنجام پاش چەشتنی ئازار و ڕەنجی زۆر، شاعێر چەشنی کێوی ئاویەر، هەتا کۆتایی تەمەن و نووسینی سەربەخۆ، خۆڕاگر و کۆڵنەدەرانە لە نووسین بەردەوام بوو و هیچکاتێ شێعر و نووسین و قەڵەمەکەی نەکردە قوربانیی ناوونیشان و پلە و پایە و ئەم خۆڕاگری و کۆڵنەدان و سەربەخۆیبوونەی شاعێر بوونە ناسنامەی ئەخلاقیی کاک جەلال و وەک سیمبۆل و ڕەمزێکی هەرمان مایەوە و وەک خۆی دەڵێت «من پەیمانەکەم نەشکاند».

یان لە شێعری «دوایین نامەم»دا ئاوا بۆ دڵدارەکەی کە کوردستانە دەنووسێ:

**پەڵە هەورێکی دڵتەنگە**
**بە ئاخی دڵ ئاخنراوە!**
**وشەکانی**
**دڵۆپ**
**دڵۆپ**
**بە خوێن، بە ئەسرین، نووسراوە!**
**کاتێ نامە هەورینەکەم دەکەیتەوە**
**ئاگات لێ بێ**
**سینگ و بەرۆک تەڕ نەبێ،**
**هەندێ وشەم**
**تینوون، تامەزرون، بەدفەڕن!**
**چمکی داوێنەکەت هەڵکە،**
**نەکا وشەی خوێن سووری کا،**
**ئاخر پۆلیس، ماوەیەکە**
**بۆ قاتڵی من دەگەڕن!**

# خودوێناکردن لە «مەسیح» دا

## ڕاڤەیەك بۆ قەسیدەی

## « گازندە»ی جەلال مەلەکشا

جەبار عوسمان

دەکرێت بڵێین شێعر پەیامی خودایە ئەوکاتەی شاعێر تەواو خودی خۆی لە هەموو ڕەفتار و گوتار و بیرە قێزەونەکانی مرۆڤایەتی تەواو خاڵی دەکاتەوە و وەک پەیامبەرێک ئارەزوو دەکات پەیامی مرۆڤدۆستی و ژیاندۆستی بەیان بکات. ئەوەی لێرەدا دەمانخاتە بەردەم ئەو پرسیارە میسیۆلۆجییەوە ئەوەیە «مرۆڤ چۆن دەگاتە ئاستی خودخاوێنی و پەیامبەری لای خودا و مرۆڤایەتی؟» هەڵبەت پەیامبەران بەپێی ئاستی ڕۆشنبیری و گەشەی عەقڵی کۆمەڵگەی سەردەمی خۆیان، گوتاری مرۆڤدۆستییان بەناوی خوداوە بەیان کردووە و لە هەوڵی ئەوەدا بوون متمانە بە مرۆڤایەتی بکەن، کە ئەوان لەلایەن خوداوە نێرداون و هەڵگری پەیامی خودان، هەربۆیە مووسا کاتێک دەیەوێت پەیامی خودا بە مرۆڤایەتی و فیرعەون بگەیەنێت، بە گۆچانەکەی ڕووباری نیل شەق دەکات، مەسیح لە منداڵانی مریەمی پاکیزەدا لەدایک دەبێت و خۆی بە فووی خودا وێنا دەکات، دواجار محەمەد بە پەیامەکانی بە ناوی خوداوە دەیەوێت متمانە بە بتپەرستەکان بکات کە خودا ئەوی لە مرۆڤایەتی جودا کردووەتەوە و هەناوی لە هەموو پیسی و قێزەونەکانی مرۆڤایەتی خاوێن کردۆتەوە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا پەیامبەران بەدەر نەبوون لە دژایەتی و ئازار و ئەشکەنجە و ڕێگری نەیارەکانیان.

ئەوەی لێرەدا مەبەستە، لێکچوون و بەراوردکردنی کەسێتیی شاعێرە لەمەڕ پەیامبەراندا، ئایا شاعێر چ کاتێک دەگاتە پلەی خاوێنی و هەستپاکی هەتا بتوانێت ببێتە هەڵگری پەیامی مرۆڤدۆستی، هەڵبەت ڕۆشنبیری و شاعێربوون بۆ خۆی پڕۆسەیەکی خودخاوێنکردنەوەیە لە هەموو خەوشەکانی

مرۆڤایەتی و کۆمەڵگە، دەرەنجامی بەردەوام خۆ ڕۆشنبیرکردن و بیرکردنەوەی قووڵی بەردەوام لە ژیانی مرۆڤایەتی و گەیشتن بە پلەی پەیامبەر.

بۆ ئەوەی هەموو مرۆڤێکی ئاسایی بگات بە پلەیە، هەڵبەت دەبێت سەرەتا بەو قۆناغەی تێکشکان و داڕمانی کەسێتیی خودی خۆیەوە دەست پێ بکات و دواجار دووبارە خۆی لە کەسێتییەکی جیاواز و هاوشێوەی پەیامبەردا وێنا بکاتەوە، تا ئەوکاتەی لە قووڵایی هەست و نەستییەوە بە متمانەوە خۆی لەنێو پڕۆسەی داهێنان و هەستکردن بە نەزانراوەکاندا دەبینێتەوە و لە فۆرمێکی شیعریدا وەک پەیامی پەیامبەران ئاراستەی مرۆڤایەتی دەکات.

ئەوەی لێرەدا جێگەی پرسیارە «ئایا جەلال مەلەکشا تا چەند دەگاتە ئەو ئاستە لە پەیامبەری شاعێری نموونەیی، یان بۆچی و چۆن خودی خۆی بە پەیامبەرێکی وەک مەسیح  وێنا دەکات؟» یان چۆن تاکی نموونەیی، یان تاکی باڵا لە هەستەکانی خۆیەوە وێنا دەکات کە تەواو نێزیکە لە کەسێتیی پەیامبەر.

لە دەقی «گازندە»دا هەوڵ ئەدەین لە دیدێکی ساکۆلۆژییانەوە ڕاڤەی دەقەکەی بکەین و وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانە لە نێویدا بدۆزینەوە.

لە وێنەی سەرەتادا دەڵێت:

**لێتان تووڕەم**
**لەگەڵتانا**
**یەکرەنگ ژیام،**
**بەشادیتان شاد ئەبووم و**

**له ماتەمتانا ئەگریام**
**بەڵام کاتێ**
**قوڵپەی گریان**
**ئەوکی هەنسکی پێگرتم**
**ئێوە کرتان بە شایلۆغان**

لەم وێنەیەدا شاعێر تەواو وێنای کەسێتیی خۆی دەکات وەک هاوبەش و هاوخەمی مرۆڤایەتی، یان هەموو ئەوانەی لە نێزیکی بوون و خۆی به خاوەنی هەموو خەم و ئازار و ناخۆشی و شادی و بەختەوەرییان دەزانێت، بەڵام کاتێک تووشی نەهامەتی و ئازار و ناخۆشی دێت، هەموو ئەوانەی لە دەوری بوون بێباک بوون لە ئازارەکانی شاعێر، یان دەکرێت بڵێین بێ هەڵوێست بوون لەگەڵیدا، بەڵام ئەوەی لەم وێنەیەدا نادیارە نەبوونی هەموو ئەو هۆکار گەلانەیە کە بوونەتە هۆی گریاندنی شاعێر، ئایا ئەو خەم و ئازار و ناخۆشییانەی تووشی هاتوون، تاچەند دەگاتە ئەو ئاستەی شاعێر وەک بەرپرسیارێتیی مرۆڤایەتی بەرەوڕووی دەوروبەرەکەی خۆی بکاتەوە، ئایا ئەوان بوونەتە هۆکاری ئازار و ناخۆشییەکانی؟ یان تەنها ئەم لە خەمی ئەواندا خۆی تووشی گرفت و ئازار کردووە، دەبێت ئەم هەستەی لەلای کەسانێکی ئاسایی پەرچەکرداری چۆن بکەوێتەوە، ئایا تووڕەیی شاعێر دەگاتە ئەو ئاستەی هەموو ئەوانەی دەوروبەری خۆی بە نەفرەت بکات و لە خۆیدا بیانسڕێتەوە، ئەگەر ئەم بۆچوونە بۆ کەسانێکی ئاسایی پەسەند بێت، ئەوا بۆ شاعێرێک لە بەرگی پەیامبەردا ڕەوا نییە، هەربۆیە لە وێنەی دواتردا شاعێر لەگەڵ هەموو ئەو هەڵچوون و گازندانەدا دەڵێت:

**ئێستاش**
**دڵە ساکارەکەم نەگۆڕاوە**
**هەروەک دڵەکەی جارانە**
**هەرچەندە تووڕەم،**
**پڕ لە خۆشەویستیتانە**

لەم وێنەیەدا مەلەکشا تەواو هەستی پەیامبەریّتی لە خۆیدا وێنا دەکات، یان دەیەوێت بڵێت: «شاعێر دەبێت وەک پەیامبەر بیر بکاتەوە» ئاخر چۆن دەبێت ئەمیش وەک هەموو مرۆڤێکی ئاسایی دڵی کەیل بێت لە ڕق و کینە و دووبەرەکی و قێزەونەکانی ژیان، هەڵبەت دەبێت بە وێنەی مەسیح خاوەنی دڵێکی ساکار و سادە بێت، ئەو لەنێو دڵی خۆیدا پەیامی ئاشتەوایی و مرۆڤدۆستی هەڵگرتووە، هەر بۆیە دەتوانێت لە هەموو تاوان و هەڵە و قێزەونەکانی مرۆڤایەتی بگات و درک بە هۆکارەکانیان بکات و لە بەرامبەریاندا شۆڕشێکی سپی هەڵبکات، بۆ ئەوەی مرۆڤایەتی بە ئاشتەوایی شاد بکاتەوە.

لە وێنەی:
**هەتا لووتکە چەندی ماوە؟**
**دانامرکێ،**
**هەتا دێ هەر زیاد ئەکا**
**گڕ و گڵپەی ڕۆحی یاخیبووی ئەشقیام،**

مەلەکشا، کەی دەگاتە لووتکەی گەیاندنی پەیامەکانی؟ ئەو بۆ خۆیشی نازانێت، هەربۆیە پرسیار دەکات، دڵنیایە لەوەی

ڕێگایەکی سەخت و دژوار لەبەردەمیدایە هەربۆیە باسی لووتکە دەکات، ئەو بۆخۆی دەزانێت ئەو پەیامەی لەنێو دڵیدایە بۆ گەیاندنی بە هێندەی هەڵزنان بەسەر لووتکەی کێوێکدا ئەوەندە سەخت و دژوارە، دەزانێت تووشی چی دێت، بەڵام ئەوەی لێرەدا تووشی گومانمان دەکات ئەوەیە، مرۆڤ بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی وەها سەخت و گران، چۆن دەتوانێت درێژە بە ژیان و پەیامەکانی بدات؟ هەر بۆیە مەلەکشا لەو وێنەیەدا بۆمان ڕوون دەکاتەوە، کە ئەو عەشقەی لەنێو دڵیدایە لەگەڵ هەموو دژواری و سەختییەکاندا هەر زیاد دەکات و هەستی یاخیبوونی بەرامبەر بەو ژیانە نامرۆڤانەیە دانامرکێتەوە و بە ڕۆح و هەستێکی تەواو عاشقانەوە دەیەوێت درێژەی پێ بدات، هەڵبەت ئەو هەستەی تەواو بە هەستی مەسح وێنا دەکاتەوە، کە بە عەشقەوە درێژەی بە گەیاندنی پەیامە مرۆڤدۆستییەکەی خۆی داوە، لەم ڕوانگەیەوە عەشقی خودا وەک گڕ و کڵپەیەک لە ناخیدا بوونی هەبووە و هێزێکی پڕ ئەفسوونی پێ بەخشیوە.

لە وێنەی دواتردا دەڵێت:

**ڕامەوەستە، بڕۆ لەلام**
**با تاوانی من تۆش نەگرێ،**
**کەوتوومە بەر تووکە شەقی چارەنووس و**
**وەک گۆیەکەی سەرگەردانی گۆڕەپانی نەفرەتی خوام**

بە وێنەی مەسیح ڕووبەڕووبوونەوەی بیر و باوەڕە باوەکان و بەرپەرچدانەوەی کارێکی ئەستەمە کە زۆرینە متمانەی پێی هەیە.

ئاخر ناکرێت مرۆ بە تەنێ لە هەمبەر هەموو ئەو دژوارییانەدا بوەستێتەوە، ئەوە بۆ خۆی هێز و متمانەی ئەفسوونگەری دەوێت! کێ دەتوانێت بە وێنەی مەسیح، یان مەلەکشا خۆی لەبەردەم هەموو ئەو ئازارو ئەشکەنجانەدا بگرێت، کە زۆرینە بە نەفرەتی دەکەن.

ئەوەی مەلەکشا لەوانی تر جودا دەکاتەوە بوونی ئەو پەیامە خودابییەیە هاوشێوەی مەسیح، کە هێزی بەردەوامی و بەرگری پێ دەبەخشێت، مەلەکشا باوەڕی وایە ئەستەمە مرۆ بتوانێت لە هەمبەر هەموو ئەوانەدا بوەستێتەوە ئەگەر لە ناخیدا متمانە و هێزێکی ئەفسوونگەر نەبێت، کە بتوانێت درێـژەی پێ بدات و چۆکی پێدا نەدات، هەربۆیە لە ڕەهایی و لووتکەی متمانەی ناخی خۆیەوە بە هەموو ئەو کەسانە دەڵێت «ڕامەوەستە، بڕۆ لەلام با تاوانی من تۆش نەگرێت» ئەم وتەیە تەواو لە وتەی مەسیح دەچێت، ئەوکاتەی بە ئازار و ئەشکەنجەوە بەرەو لە خاچدانی دەبەن. هەربۆیە مەلەکشا لێرەدا متمانەی خۆی تەواو بە مەسیح دەچوێنێ و دەزانێت هەرگیز ئەوانی دی وەک خۆی ناتوانن بەو هێز و متمانەیەوە ڕووبەڕووی هەموو ئەو ئازارانە ببنەوە کە تووشی هاتووە.

لە وێنەی:

**ژیانم لێ وەڕز بووە،**<br>
**زەوی لەژێر گرانی لەشما ئەناڵێنێ،**<br>
**چاوی ڕۆژ لە حاند سیمای من هەڵنایێ،**<br>
**من – چۆلەکەی – باڵشکاوی**

**وەرزی ڕەشی گەردەلوولم،**
**ڕۆحم لەگەڵ ئارامشدا**
**لە زەوی تا ئاسمان دوورە**
**دڵم پڕە لە هاوار و گوێچکەی گەردوون**
**لە بەرامبەر پاڕانەوەم کپ و کەڕە**
**لێم نابیستێ سکاڵایێ**
**ئاسمانی من نزم و نەوی**
**سەرم تا بن میچی دەگا**
یان:
**هەورێکی ڕەش سەرتاپامی داپۆشیوە،**
**ئاسۆ تا ئاسۆ تاریکە**
**تەنیا ڕێگەی بەرهەنگاوم**
**لە خۆمەوە دەست پێدەکا و**
**دەگا بە هەڵدێری ڕۆحم**
**چ ئاستەنگێکی باریکە**
**ئاسۆ تا ئاسۆ تاریکە**

مەلەکشا لە چەمکی ڕۆح و ئازاردا دەمانخاتە بەردەم دوو بۆچوونی جودا لە نێوان پەیامبەران و مرۆڤدا، هەڵبەت پەیامبەران لە ڕوانگەی ڕۆحەوە جودا بوون، ئەوان ڕۆحیان پەیوەست بووە بە خوداوە بۆ گەیاندنی پەیامەکانی، ئەوان خاوەنی هێزێکی پڕئەفسوونی خودایی بوون، هەرگیز ئازارەکانی جەستە نەیتوانیوە ئەو دیوارە ئەستورەی نێوان ڕۆح و جەستەیان ببڕێت و کاریگەری لەسەر بیر و متمانەیان بکات، هەربۆیە ئەوان بوونەتە خاوەنی ئەو هێزە کەلەلایەن خوداوە پێیان دراوە.

ئەوەی پەیوەندی بە مرۆڤەوە هەیە نەبوونی ئەو دیوارە بەهێز و ئەستوورەیە، کە ناتوانێت بەرگری لە ئازارەکانی جەستە بکات، کاتێک ئازار دەگاتە جەستە، ڕاستەوخۆ بەنێو ڕۆحدا ڕۆ دەچێت و بەناو هەموو هەست و نەستەکانی مرۆڤدا بڵاو دەبێتەوە و هێزی بەرگری و متمانە لەپێناو مانەوەدا لاواز دەکات، هەربۆیە لەگەڵ هەموو ئەو ئازار و ناخۆشییانەی مەلەکشا بەرجەستەی دەکات، وێنەیەکی بەرگری ڕۆحی مرۆڤێکی جودامان بۆ وێنا دەکات، مرۆڤێک نێزیک لە پەیامبەرانەوە، ئەو مرۆڤانەی کە بەهۆی متمانە و هێزی باوەڕی خۆیانەوە دەگەنە ئەو ئاستەی کە جیاواز لە مرۆی ئاسایی بیر دەکەنەوە و ڕۆحیان ئاوێتەی خەون و پەیامە مرۆڤایەتییەکانیان بووە، بۆیە هەربۆیە مەلەکشا لەم وێنە شێعرییانەدا دەیەوێت شێوەی مرۆڤێکی نموونەیمان بۆ بکێشێک کە پێویستە بۆ گەیاندنی پەیامەکانی، بە وێنەی پەیامبەران بەهێزو خۆڕاگر بێت.

بۆ دڵنیایی بۆچوونەکەی لە وێنەی دواتردا دووبارە لەسەر بۆچوونەکەی خۆی بە ڕژدییەوە دەڵێت «باران... باران بارانی ڕەش یاغر، یاغر دەبارێت و تەڕم دەکا و نامشواتەوە « لەم وێنەیەدا دووبارە خۆڕاگری و بە هێزی خۆی وێنا دەکاتەوە، خۆیەکی نموونەی مرۆڤی باڵاو خاوەن بیر، کە هەرچی کاریگەری دەرەوە هەیە ناتوانێت وەک بارانی ڕەش ناخم بشواتەوە و بە وێنەی ڕەشی خۆی ڕەشی بکات.

لە وێنەی:

**بۆ کوێ دەڕۆم ؟**
**نازانم لە کوێوە هاتووم؟**
**شێرە بەفرینەی دەستکردی منداڵانی چارەنووسم ،**

**ڕۆژ وەک ئەژدیهای ئەفسانە**
**لووشم دەکا و دەمخواتەوە**
**هەتا لووتکە چەندی ماوە؟**

ئازار بە شێوازێک دەگاتە لووتکە کە مرۆڤ بە ژیان و خودی خۆی نامۆ دەکات، ئاخر مرۆ تەنها گۆشت و ئێسقانە ئەگەر هێزێکی خودایی و ئەفسوونگەر نەبێت لە کوێوە دەتوانێت بەرگەی هەموو ئەو ئازارانە بگرێت کە بە مەرگی دەناسێنێت، خۆ مرۆڤی نموونەیی وەک خودی مەلەکشا، یان هەموو ئەوانەی بە وێنەی خۆی دەچن، چۆن دەتوانن بەرگەی هەموو ئەوانە بگرن کە هەموو جەستەیان نغرۆی ئازارێکی بێشومار بووە، دەبێت ئەو مرۆڤە نموونەییە کێ بێت  کە بتوانێت لەمەڕ هەموو ئەو ئازارە مەرگ ئاساییانەدا بمێنێتەوە، دەشێت لای مەلەکشا مرۆڤی نموونەیی هەموو ئەو کەسانە بن کە خاوەنی بیر و باوەڕێکی بەهێز و نەگۆڕن و لەسەر ئامانجەکانی خۆیان مکوڕن، هەربۆیە هیچ هێزێک ناتوانێت کار لە ڕۆحیان بکات، مەلەکشا لە گەڵ هەموو ئەو ئازارانەدا دواجار هەر مکوڕە لەسەر ئامانجەکەی خۆی و دووبارە پێمان دەڵێتەوە « هەتا لووتکە چەندی ماوە؟» ئەوە  وێنای مرۆڤی نموونەییە کە لەنێو قووڵای مەرگ و ئازاردا جیاواز لە جەستە، بە ڕۆح بیر لەوە دەکاتەوە، دەبێت کەی بگاتە لووتکەی سەرکەوتن و ئامانجەکانی؟
لە وێنەی:

**ئەی خوا گەورە و بچووکەکانی سەردەمی ویژدان تۆپیو**
**«جولجوتا»ی من لەسەر دوندی کام کوێستانە؟**
**بە ئەندازەی هەزار عیسای ناسری لە خاچ دراوم**

مەلەکشا لەگەڵ کام خودا ئەدوێت و باسی چ خودایەک دەکات! ئایا مەبەستی ئەو خودا تاک و تەنهایەیە کە زۆرینەی متمانەیان پێی هەیە، یان دەبێت خوداگەلێکیی‌تر هەبن کە لەبری خودای ڕاستەقینە و بەناوی خوداوە فەرمان دەکەن، لە وێنە شێعرییەکەیدا مەلەکشا باسی خودای ویژدان تۆپیو دەکات، هاوکات باسی «جولجوتا» دەکات ئەو شوێنەی کە مەسیحی تێدا لە خاچدرا، ئەم وێنەیە تەواو دەمانباتەوە بۆ ئەو بەراوردکارییەی خودی خۆی و مەسیح، بەو هۆیەوە دەنگی زوڵاڵی خۆی بە گوێی هەموو ئەو دەسەڵات و مرۆڤە بێ هەست و بێ وێژدانانە دەکات، کە لە ئاستی دەسەڵاتی خۆیانەوە وێنای خودا دەکەن و مرۆڤایەتی دەچەوسێننەوە و بەناوی خوداوە ڕەفتار دەکەن و بڕیار لەسەر چارەنووسی مرۆڤایەتی ئەدەن، مەلەکشا لە بەرامبەری بێویژدانی دەسەڵاتێکی نامرۆڤانەدا هەست دەکات زێدەتر لە مەسیح ئازاری چەشتووەوە و هەزار هێندەی مەسیح  لە خاچ دراوە، ئەو باسی دەسەڵاتێکی ئەوەندە دڕندە و بێویژدان دەکات، کە زیاتر لە سەردەمی مەسیح چەوساندوویانەتەوە و بەناوی خوداوە سزایان داوە، لەگەڵ هەموو ئەو ئازارانەدا بە متمانەیەکی بەهێزەوە بەرەنگاری هەموو ئەو خودا گەورە و بچووکانە دەبێتەوە و پێیان دەڵێت « لە کوێیە ئەو شوێنەی کە بڕیارە وەک مەسیح لە خاچم بدەن و ڕۆح بکێشن»، مەلەکشا لەگەڵ وێناکردنی هەموو ئازار و ئەشکەنجە و ناخۆشی و بێهیواییەکاندا بەردەوام ئەو پەیامە دووبارە دەکاتەوە، کە گوزارشت لە بەهێزی و خۆڕاگری و هێزی باوەڕ دەکات، ئەو دەیەوێت لە خودی خۆیدا وێنای کەسێکی نموونەییمان نیشان بدات، کەسێک کە خاوەنی بیر و باوەڕێکی بەهێزە،  بە وێنەی

پەیامبەران هەڵگری پەیامی مرۆڤدۆستی و ئاشتەواییە، هەربۆیە لەنێو زۆرینەی وێنەکانیدا ژیان و ئازار و پەیامەکانی مەسیح دووبارە دەکاتەوە و جەخت لەوە دەکاتەوە، کە دەبێت مرۆڤایەتی بە ئاشتی و خۆشەویستییەوە بژی، دەبێت لە بەرامبەر هەموو ئەو دەسەڵات و هێزانەی بەناوی خوداوە وەک خودا فەرمان دەکەن و سزای نەیارەکانی خۆیان ئەدەن و بەهێز و خۆڕاگر بێت، هەتا وەک مەسیح پەیامی مرۆڤایەتی و ئاشتی خۆی دەبەخشێتەوە و بە مەنزڵی خۆی دەگەیەنێت.

**مەهێڵن، مە...**
**ئەمجارە کە گەیشتمە لووتکە،**
**بەردی گیانم بەر بێتەوە،**
**من نامەوێت ئەم زەوینە پڕ تاوانە لەژێر پێما بخولێتەوە**
**ئاخر مەگەر نازانن من**
**ساڵگارێکە گاشەبەردەکەی «سیزیف»م لە کۆڵ ناوە؟**
**هەتا لووتکە چەندی ماوە؟**

تەوزیفکردنی ئەفسانەی سیزیف وێنای نائومێدی و پووچگەرایی خودە لە هەمبەر هەموو ئەو دەسەڵاتە دڕندە و نامرۆڤانەی ژیانی مرۆڤایەتی تاڵ دەکەن و بە زەبروزەنگ و کوشتن و سێدارە و سزادان ژیانێکی پڕ لە نائومێدی بۆ مرۆڤایەتی بەرهەم دێنن، هەربۆیە مەلەکشا لە بەرامبەر هەموو ئەوانەدا داوای یەکدەنگی و هانا دەکات، ئەو پێی وایە گەیاندنی پەیامی مرۆڤدۆستی و شۆڕش و بەرگری، لە بەرامبەر هەموو ئەو دەسەڵاتانەدا پێویستی بە

یەکگرتن و پاڵپشتی هەیە، بۆ ئـەوەی جارێکی دی بە وێنەی «سیزیف» نائومێد نەبێت و بـەردەوام بەردی جەستەی خۆی هەڵنەگرێت بەرەو لووتکەی ئـاوات، ئاخر مرۆ ناتوانێت بەتەنێ بەرەورِووی هەموو ئەو تاوانانە بێتەوە کە خوداکانی سەرزەوی زەوییان لە تاوان و کوشتندا نغرۆ کردووە، ئەو بانگەشەی ئەوە دەکات و دەخوازێت کۆتایی بە هەموو ئەو تاوانانە بێنێت کە مرۆڤ بەناوی خوداوە ئەنجامی ئەدات. ئەوە ئەو پەیامەیە کە مەلەکشا لە خودی خۆیدا هەڵیگرتووە و لەپێناویدا ئازار ئەچێژێت و سزا ئەدرێت، یان هەموو ئەوانەی بە وێنەی خۆی بەردەوام لەپێناویدا بەوێنەی ئەو بەردەی سیزیف لە هەوڵی لووتکەدان و بەر دەبنەوە، کاتێک هێزەکان بیر و بۆچوونەکان و دەنگەکان یەکگرتوو دەبن، ئەوا هێز و بەرگرییەکی مەزن بەرهەم دێنن بۆ گەیشتن بە لووتکە، هەر بۆیە مەلەکشا داوا لە مرۆڤایەتی دەکات، یان هەموو ئەوانەی وێنەی خۆی لەژێر ئازار و چەوسانەوەی خوداکاندا ئازار ئەچێژن، بێن بە هانایەوە، ئەو پەیامی هەموو ئەوانی هەڵگرتووە و داوا دەکات هاوبەشی بن لە گەیشتن بە لووتکەی سەرکەوتن، بۆ دڵنیابوونەوە لەو پەیامە گشتییە لە وێنەی دواتردا مەلەکشا ئەو ئامانجەمان بۆ پشتراست دەکاتەوە و دەڵێت:

**ڕاستە من بووم لە ئاگردانەکەی ئێوە**
**ئاورم دزی بۆ مرۆڤ و**
**تیشک و و ڕووناکیم دابەش کرد**
**گوناهم کرد!**

**بۆیە ئێستا لە تاراوگەی هەڵەمووتم**
**ئاورەکەیان بەردایەوە گیانی خۆم،**
**تەماشاکەن چۆن ئەسووتێم؟**
**ڕزگارم کەن...**

مەلەکشا باسی ئەفسانەی ئاگر دەکات کاتێک «پڕۆمسیۆس» ئاگر لە خودا ئەدزێت لەپێناو مرۆڤایەتیدا بۆ ئەوەی درێژە بە ژیان و داهێنان بدەن، ئەو دەیەوێت لەم ڕوانگەیەوە پەیامی مرۆڤدۆستیی خۆی بەیان بکات و بە مرۆڤایەتی بڵێ «ئەوە نموونەی مرۆڤی باڵا و نموونەییە کە لەپێناو هەموو مرۆڤایەتیدا قوربانی بە ژیانی خۆی ئەدات» ئاخر پڕۆمیسۆس لەپێناو ڕزگاربوونی مرۆڤایەتیدا ئازاری چەشت، هەربۆیە خۆی، یان مرۆڤی باڵا بەوە وێنا دەکاتەوە و داوا دەکات مرۆڤایەتی بە ئاگا بێتەوە لەوەی پەیامی ئەو پەیامی هەموانە، ئاخر نابێت بە تەنیا خودی خۆی، یان تاکە کەسێک ببێتە قوربانی هەموان، هەربۆیە بانگەشەی ئەوە دەکات لە هەمبەر هەڵوێستەکانیدا بە دەنگ بێن و بە هێزی یەکگرتووی هەموان قوتاری بکەن، هەڵبەت ئەم لەپێناو ژیانی مرۆڤایەتیدا تووشی ئازار بووە، خۆ ناکرێت لە بەرامبەریدا بێدەنگ بن، ئەو دەیەوێت لەم ڕوانگەیەوە هەستی مرۆیی هەموان ببزوێنێت کاتێک دەڵێت «تەماشا کەن» دەیەوێت ئەو هەستە لای هەموان دروست بکات کە ئاوێتەی ئازار و سزاکانی خۆیان بکات، هەڵبەت مرۆڤی باڵا و نموونەیی، هەمیشەی قوربانیی سەردەمی خۆیەتی، ئەو سەردەمەی کە دەیەوێت شۆڕشی تێدا بکات و کۆتایی بە دەسەڵاتی چەوسێنەرەوەکان بهێنێت، بۆ ئەوەی کۆتایی بە نائومێدی و زەبروزەنگ و فەرمانڕەوایی خوداکانی زەوی بهێنێت، پێوستە مرۆڤە چەوساوەکان هەستەکانیان ئاوێتەی یەکدی بکەن و بە هەمان هەست و ئازارەوە لە یەکدی بڕوانن و

هەست بە چەوسانەوەی یەکدی بکەن، کاتێک ئەو هەستە بە ئامانج دەگات، لێرەوە هەستی بەرگری و هێزی یەکگرتن دروست دەبێت و دەتوانێت گۆڕانکاری لەو ژیانەدا بکات  کە خودای سەردەمە ویژدان تۆپیوەکان دروستیان کردووە.

لە وێنەکانی:

**ئەم مۆتەکە سواری ڕۆحی ماندووم بووە و دانابەزێ**
**ئاسمان بێزوو بە خوێنمەوە ئەکا**
یان:
**ئەم ئاسمانە هەر داڵ ئەزێ،**
**کوێستان نەما بەرد بە بەردی**
**بە خوێنی خۆم نەشۆمەوە**
یان:
**هەردەڕۆم و ناگەم بە ئەو ناونیشانەی**
**شۆڕە «خەزاڵ» بۆی داناوم**
**هەر ئەڕۆم و زام لەسەر زام**
**لەسەر سینگ و دڵم دەڕوێ**
یان:
**ڕێگەی گەڕانەوەش نییە**
**پردەکانی پشتی سەرم گشت ڕووخاون**

لە هەموو ئەو وێنانەدا مەلەکشا بە ڕاناوی کەسی تاک وەک وێناکردنی خودی تەنیایی و مانەوەی بەتەنێ باسی نائومێدی خۆی دەکات، کاتێک بەتەنێ دەمێنێتەوە چیتر ئومێدێک نامێنێتەوە

بۆ ژیان و بەردەوامی لەگەڵ هەموو ئەو بەربەستانەشدا هێزی ناخ و دەروون و متمانەی خۆی بۆ گەیشتن  بە ژوانی «خاتوو خەزاڵ « کە خەونی ژیان و ئاشتی و ژیانە و لە کەسێتیی ژندا وێنای کردووە، بیر لە گەڕانەوە یان پاشگەزبوونەوە ناکات، ئەو پێی وایە کاتێک بەتەنێ دەمێنێتەوە، چیتر ئومێد نامێنێتەوە بۆ گەڕانەوە، ئەو بە گژ مرۆڤگەلێک یان دەسەڵاتێکی دڕەندەدا دەچێتەوە کە بەوێنای خودا بڕیاریان لە چارەنووسی داوە و هەتا مەرگ لێی ناگەڕێن، ئەوان بە ڕەفتارە دڕندە و نامرۆڤانەکانیان خەونەکانیان ڕووخاندووە و دڵنیایە بەتەنێ ناتوانێت بە کێوێکدا سەرکەوێت کە ناونیشانی خاتوو خەزاڵەکەی لێیە، ئەو ناونیشانەی کە تێیدا بە خۆشی ژیان و خۆشەویستەکەی خۆی دەگات.

بەڵام دەبێت لەم دۆخەدا مەلەکشا چۆن بیر لە چارەنووسی خۆی بکاتەوە؟ ئایا کاتێک خودی خۆی بە مەسیح وێنا کردووە، دەبێت لە دوا جاردا لە چاوەڕوانی چ ئەفسوونێک بێت قوتاری بکات و چارەنووسی دیاری بکات، ئایا بە هەمان چارەنووسی مەسیح جەستەی دەبێتە تەمێک و لە دەست خوداکانی زەوی هەڵدێت و بۆ جاریکی دی لە چاوەڕوانی هاتنەوەیدا وەک فریادڕەسێک بۆ مرۆڤایەتی دەگەڕێتەوە، یان وەک مرۆڤێکی ئاسایی لەژێر زوڵم ستەمی دەسەڵاتێکی بێویژداندا دەمرێت و خەونەکان و پەیامە مرۆڤایەتییەکانی لەگەڵ خۆی دەبات.

لە دوا وێنەدا دەڵێت:

**هەتا لووتکە چەندی ماوە؟**

**ئەی خوا گەورە و بچووکەکانی سەردەمی ویژدان تۆپیو ،**

**هەتا لووتکە چەندی ماوە؟**
**ئەی من تا ئێستا چۆن ماوم؟**

بوونایەتی ڕەهەندێکی ئەنتۆلۆژیی هەیە، هەستکردنە لە جەستە و خوددا، ئەوکاتەی مرۆ خەون و هیواکانی دەمرن، چیتر بوونی نییە، ژیان دەبێت چ مانایەکی هەبێت کە مرۆڤ تێیدا هەست بە بوونی خۆی نەکات و حەز و هیوا و خەونەکانی تێدا بەرجەستە نەکات، کاتێک ژیان سەراپا دەبێتە ئازار و چەوساندنەوە و هیچ ئومێدێک بۆ ژیان نامێنێتەوە، ئەوە بۆ خۆی لە خوددا هەستی مرۆڤ دەکوژێت جگە لە جەستەیەک هیچیتر نییە.

مەلەکشا دواجار دەگاتە لووتکەی پوچگەرایی ژیان و گومان لە بوونی خۆی دەکات، گومانێک کە ئەستەمە جێگەی متمانەی بێت، کاتێک لەژێر هەموو ئەو زەبروزەنگ و چەوساندنەوەی خوداکانی سەرزەویدا دەژی، ئیتر دەبێت بوونی ڕاستەقینە لەکوێ بێت؟ مرۆڤ دەبێت لە ژیاندا بەشکۆوە بژی، ئاخر ناکرێت تۆ بەتەنێ وەک جەستەیەکی گران بەسەر زەوییەکی پڕ لە تاواندا ئومێدی ژیانێکی ئاشتەوایت هەبێت، ئەو دۆزەخەی خوداکان دروستیان کردووە ڕۆح و هەستی مرۆڤ دەکوژێت، ئازار بەردەوام دەرزی ئاژنی ڕۆحی مرۆڤ دەکات، بەتایبەت بۆ مرۆڤە هۆشیار و باڵاکان ئەستەمە بتوانن لەنێو ژیانێکی وەهادا هەڵبکەن، هەربۆیە لە کۆتایی قەسیدەکەدا تەنها بە دێڕێک مەلەکشا بە هەستێکی پڕ گومانەوە لە خۆی ڕادەمێنێت و پێمان دەڵێت «لەنێو ئەو دۆزەخەدا من چۆن ماوم، من چۆن دەژیم!» ئەو دڵنیایە لەوە ڕۆحی مردووە و چیتر ناژێتەوە بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا بەردەوام ئەو گوتارە ئاراستەی خوداکان دەکاتەوە و پێیان دەڵێت «هەتا لووتکە چەندی

ماوە؟» ئەو بەردەوام لە نێوان جەنگی ژیان و مردندا دەژیێ و لە هەوڵی گەڕانەوەی شکۆی مرۆڤبوونیدایە بۆ بەدەستهێنانەوەی بوونایەتی خودی خۆی، بۆ گەیشتن بە لووتکەی ژیان و هەستی مرۆڤایەتی و گەڕانەوەی شکۆی مرۆڤبوونی.

# زامی قەڵەمی مەلەکشا
# بەدوای چارەنووسدا

**عومەر ئیمام**

ڕەوتی نوێخوازی لە پانتای گشتیدا شوناسێکی فرەڕەهەندە و لە سەرجەم لایەنەکانی ژیاندا گەرا دەخا و دەگووڕێت. نوێخوازی دیاردەیەکە لە هەناوی مرۆڤەوە دەست پێدەکا، لە بەستێنێکی زەمانی درێژخایەندا پەلوپۆ داوێ و باڵا دەکا چ لەڕووی سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، ئەدەبی و...، بەڵام لەم تۆژینەوەدا لە بابەت نوێخوازییەوە ناپەرژێمە سەر لایەنەکانیتر، بەڵکوو مەبەستی سەرەکیی لەم وتارەدا ئاوڕدانەوەیەکی خێرا لە بەستێنی ئەدەبیاتدایە، دیارە ئەم نوێخوازییەش لە بۆشاییدا شکڵ ناگرێ و لە ئەزموونگەلی پێش خۆیدا دەگووڕێ و وەک بزووتنەوەیەکی زانستی پلان بۆ دارێـژراو ئەژمار دەکرێت و بە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەوە لەسەر کڵەی ئەدەبی پێش خۆی دادەمەزرێت. ئەم ڕەوتە نوێخوازییە بە مانای ڕەتکردنەوەی پێشینەی خۆی نییە و جۆرێک گۆڕانکاری بنەڕەتییە و دەرەتانێکە بۆ خولقان و ئافراندنی زێدەتر لە پانتایی داهێنان و جوانیناسی و دارشتن بەگوێرەی پێوەرە جیهانییەکان. نوێخوازیی هەر بە باڵای نەتەوەیەک نەبڕاوە، بەڵکوو دیـاردەیـەکی سنووربەزێنە و لەسەر خوانی هەموو گەلانی جیهاندا باروبنەی خستووە و شۆڕشێکی هەمەلایەنە و فرەچەشنی وەڕێ خستووە و گەلێک دەرووی جوانی بەڕووی ئافراندندا کردنەوە. ئەگەر بە وردی خوێندنەوەیەکی سەرەکی ئەم گەشەکردنە بکەین، دەکرێ لە دوو قۆناخەوە کەندەوەکۆژ بکرێت، چونکە هەم لایەنی پۆزەتیڤی و هەم لایەنی نیگەتیڤی بووە، بەڵام ئەم وتـارە بۆ باسکردن لە خەسارەکان نییە، بەڵکوو لەسەر ئەم دەسکەوتەکانەی کە لە جوغرافیای ئەدەبی کوردستاندا و لەژێر چەتری ئەم ڕەوتەدا دەست کەوتوون، سووکە لەنگەرێک

دەگرێ، ئەویش لە تابلۆی قەڵەمێکی ڕەنگین و بە بڕشتی ئەم دەڤـەرەدا. نوێخوازی پێشینەیەکی دێرینی هەیە، چونکە ژیان بەردەوام لە ئاڵوگۆڕدایە و حەزی مرۆڤ بەگشتی بە لای جوانیدا دادەشکێتەوە و لە زەینی خۆیدا هەر سەمای جوانیدەکات. لە بنچینەی ژیانەوە تا ئێستا ژیان بە هونەرەوە ئاوەزێڕ کراوە، ژیان تابلۆیەکی هونەرییە و هیچیتر! بۆیە ئەگەر هونەر نەبێ، مرۆڤ جەستەی بێ جووڵەی ناو تابووتی مەرگە و بەلەمی ژیان لە تۆفانی زەریایەکدا گیرە، لەم ئاستەدایە دەبینین هونەرمەند ژیانی واقیعی خۆی کردووەتە دەستەچیلەی گڕێکی مەشخەڵان بۆ ڕووناکیدان و گەرمابەخشی ژیانی گەلەکەی و ئەزموون و ئازارەکانی خۆی بە شێوازێکی سەمبۆلیک و هونەری دەکاتە گەرای نوێخوازی و ئاراستەی کۆمەڵگەی دەکات. پسپۆڕانە بەرەو واقیعێک هەنگاو دەنێت و سەوزەڵانی بوون گەشتر دەکات.

بەم پێشەکییە کورتە لەسەر یەکێک لە شاعیرانی نوێخوازی ڕوانگە کە وەک سیمبۆلی خەباتێکی ئەدەبی بە قەڵەمە بەهێزەکەی بەیداخی نوێخوازی هەڵکرد و لە کەشی شیعر و چیرۆکدا تیشکاژۆی کردووە، هەڵویستەیەک دەکەین. ئەم قەڵەمەی کە باڵای هونەری شیعر و داستانی زراڤتر کرد، لە پەنجە ئازار چێشتووەکەی جەلالی مەلەکشادا، بریسکەی دا و هونەر و داهێنان باڵای کرد. سیمای جەلالی مەلەکشا لە بەستێنی سەوزی ئەدەبیدا سیمایەکەی دیار و بەرچاوە، خاوەن ئەزموون و ڕەسەنە، بەڵام لێرەدا جیا لە جیهانبینیی شیعرییەوە کە زێدەتر وەک شاعیر لە قەڵافەتی شاعیرێکدا دەرکەوتووە، کورتە خوێندنەوەیەک بەلای جوانیناسی دەروونی و هەڵوەدا بوون بە دوای گومانێک کە لە

قەڵەمە نوێخوازەکەی جەلالی مەلەکشاوە کە لە دوو جوغرافیای سەوزی چروپڕی شێعر و داستاندا بە چلەپۆپەی بەرزی ئەدەبی گەیشتووە، دەکەین. رازێکی تێکچندرا و سێحراوی تانوپۆی هزروبیری جەلالی مەلەکشای تەنیوە و بــەردەوام بە سیما حەزێنەکەیەوە پەڕپەڕ خەم و ئازارەکان دەخوێندرێنەوە، ئاخۆ ئەم رازە چییە؟! وشە بە وشە و دێڕ بە دێڕ لە ژیان و شێعر و داستانەکانی جەلالی مەلەکشاوە هەنگاوەکانی بەرەو ئاسۆ بە گوڕتر کردوون و بۆ ساتێکیش ئەم قەڵەمە لە گەل دانەبڕا و کیانێکی ئەدەبی لەم هەرێمەدا تاپۆ کردووە، چۆنە لەم وجوودەدا وجوودێکی‌تر سەر دەکا کە ئەم قەڵەمە سەرکەش و یاخییە چەندە بە باڵای کوردستان و کوێستانی کورد هەڵزناوە و چەندە بە ئازارە ئینسانییەکانەوە گوڵزاری ناسکی هەستی هەڵپروکاوە؟ ئەم خەمە قووڵە و ئەم زامە پڕ لە ناسۆرە چۆنە هێلانەی دڵی جەلالی مەلەکشای داگیر کردووە و بۆ ساتێکیش لێی دانابڕا و سێبەرئاسا هەتا ناخی ئاخ بە جەستەیەوە پەیوەست بوو؟!

لەم ئاستەدا لە ‹‹زڕەی زنجیری وشە دیلەکان›› بازرە دەبین و بە ناخی پڕ لە رەمزو رازی داستان نووسییەکەیدا شۆڕ دەبینەوە، ئەدەبی داستان نووسی جەلالی مەلەکشا ئەوەندەی باڵاکێشا، دەتوانم بە راشکاوی بڵێم لە پانتایی شێعرییەکەشی بەرزتر بۆتەوە، بەڵام کەمتر ئاوڕ لەم لایەنە دراوەتەوە، کەشی داستانەکانی جەلالی مەلەکشا بە ئاقارێکی سیمبۆلیکدا گوزەر دەکا و بە هەوێنێکی فەلسەفییانە شکڵ دەگرن و پەردە لەسەر چارەنووسی مرۆڤ و ئازار و نەهامەتییەکانی هەڵدەداتەوە و بە قەڵەمێکی یاخی بە دوای خودی رەهادا دەگەڕێ و نایدۆزێتەوە،

کە لە سەرجەمی داستانەکانیدا ئەم هەقیقەتە بەرجەستە دەبێتەوە. لێرەدا وەک نموونە ئاوڕێکی خێرای جوانیناسی لە تابلۆیەکی هونەریدا دەدەینەوە: لە پەردووی چیرۆکی ‹‹چل و پێنجەمین نامە›› دەفتەری تەمەنێک لە کارەسات دەنووسێتەوە. کە لە سەرەوەی ژمارە ١١٧دا چاپ و بڵاو بۆتەوە. لەم چیرۆکەدا خودێک بەتڵاوە، هەقیقەتێک هەڵپڕووکاوە، نووسەر لە گێژەنی ئەندیشەیەکدا خول دەخوا، بە فیرۆچوونی چل و پێنج ساڵی رەبەق ئازار و نەهامەتی پەلکێشکردنی کەسایەتیی هەقیقی بۆ ناو دنیای ئەدیشەکانی خۆی. ‹‹وەرە پیرەپیاو.. من لێرەم. بەرەو دەنگەکە دەڕۆم... لەنێو هۆدەدا کەس نییە، ئاوێنەیەکی باڵانوێنی تێدایە، تۆز گرتوو شکاو... من لێرەم بەرانبەری راوەستاوم. لەنێو ئاوێنەدا راوەستاوە پیرێکی سەروسیما سپی وکۆم... بۆ ناو تاقەکە ئاماژە دەکا ئەکسێکی پتروکاوی لاوێکی لێیە... مۆریانە خەریکن، توند توند، دەیخۆن، دەیجوون، هەڵمەقووتێکی دەکەن. پیرەپیاو چلوپێنج نامەمم رادەدێرێ، هانێ.. نامەکانت! نازانم ئەو قسە لە زبانی من دەرهات یا لە زاری ئەو.››

نووسەر لەم چیرۆکەدا بە شێوەی سیمبۆلیک لە گوێچکەی خوێنەردا دەچرپێنی و بانگی دەکا بەرەو ئەم جیهانە ئاڵۆزەی کە ئاخۆ مرۆڤ بە کوێ دەگا، هەقیقەتی خۆی دەدۆزێتەوە یا نا؟! لە ژوور ئەم داستانەدا دوو جیهان لێک تەریب دراون بەرلە سەفەر و دوای سەفەر و بە دوای دەرەنجامێکی نادیار، نووسەر لەم بەرزە تەمەنەوە سووکە ئاوڕێکی فەیلەسووفانەوە لە رابردووی خۆی دەداتەوە، رابردوویەکی پڕ کارەسات لە جوگرافیایەکی بە نەهامەتی خنکاو، بە پێڕەستی کارەساتاندا

دەچێتە خوار، لەم کۆمەڵگەیەی کە بڕستی لە نووسەری داستان بڕیوە و دەیهەوێ خۆی قوتار بکات، کەچی تەقەلا بێ ئاکامە و دەربازبوون لە وردە داوی کۆمەڵگە دژاورە، چلوپێنج نامەی بێ وەڵام، بەڵام ئێستا رەنگە نامەکان لەسەر یەک کەڵەکە بووبن و لەم ژمارەیە زۆر زیاتر بوونە و ئادرێسیش هەر نەناسراو، یان نەنووسراو، یان ئادریسێکی نادیارە! بە گشتی لە فەزای ئەم داستانەوە دەرەدەکــەوێ نووسەر لە قوژبنێکی تەنیای خۆیدا ماوەتەوە تەنانەت لەناو ماڵی خۆیدا بە نیگایەکی گوماناوی لێ دەڕوانن، بە میشک شڵەژاو و بێکاری لە قەڵەم دەدەن. هەروەها لە داستانی ‹‹راز››دا کە لە سروەی ژمارە ٥٦دا چاپ و بڵاو بۆتەوە، وێنایەکی قێزەون لە جیهانی خۆی و دەورووبەر دەکێشێ و بەوپەڕی جوانی و دەسەڵاتی ئەدەبییەوە دەربیچەی خانەی دڵی دەکاتەوە و قامک بۆ گەلێک لایەنی سەرەکی رادەدێرێ و جیهانێک لە دەلالەتی جۆراوجۆر لە توێی داستانێکدا ئاوێزانی یەکتر دەکا و لە تێکەوەگلانی راز و نازدا دەنووسێ: ‹‹هەمیسان، شەلاخ، شەلاخ... لەژێر بارانی شەلاخدا هاوارم دەکرد و دەلەرزام، هەموو گیانم بریندار ببوو و زووخی لێدەچۆڕا. خوایە چییان لێ دەویستم. کام رازم حەشار دابوو، خۆ رازێکم لە دڵدا نەبوو. زۆرم بیر لێ کردەوە. رۆژێک بە کابرای بازجووم گوت: رەنگە مەبەستی ئێوە ئەو رووداوە... بەڵێ، بەڵێ رووداو... بەڵێ، قسان بکە... بەڵام پێموانییە ئەم رووداوە رازێکی تێدابێ، هەرچەند تا ئێستا جگە لە خۆم کەس پێی نەزانیوە. باشە هەرچی لێدەزانی بڵێ. بەڵام ناوی ناز بوو نە راز››... نووسەر لە بواری ئاسایی چۆتە دەر شڵەژانێکی تاقەتپڕووکێنی پێوە دیارە، چ لە ژیانی خێزانی

و چ لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا ئەم ئازارە نووسەری راپێچ کردووە بەرەو جیهانێکی فانتیزی و نە ناز نە راز بە هاوارە خنکاوەکەی نووسەر ناگەن.›› لە پڕ چی؟ چ قەوما؟ ناز گورگ بوو، گورگێکی دڕ... هەر کە هاتە دەرەوە، چووە دە قالبی گورگ و بە لوورە لوور هێرشی بۆ هێنام... پێش ئەوەی بتوانم بەرەنگاری لێ بکەم، لە پشتەوە، چەند برینێکی کاری لێدام و لێدا رۆیی... زۆری پێچوو هەتا زامەکانم سارێژ بوون!›› ناز سیمبۆلی ژیانە کەچی بەهۆی نەبوونی شوناسێکی واقیعی و سەرەدەر دەرنەکردن لە لایەنی توێ توێی نووسەر رووناکی هێوا لە لێلایی چیرۆکدا بزر دەبێت و کەشێکی رەش کە لە جیهانی دەرەوەی زەینی هەقیقەتەکانی ئالاش پۆش کردووە. لە نێوان راز و نازدا هێڵێکی هەڵپچراو هەیە کە نووسەر بە دە سەریەککردنەوەی هەردووکیان بە دڵەڕاوکێیەوە لە ژیانی پڕ لە فەرتەنە و گەردوون دەڕوانێت کە دەراوێکی روون شک نابا، تێمان دەگەیەنێ کە ئەمە فەلسەفەی ژیانە تا کۆتایی داستان دەنووسێت: ‹‹لەپڕ پشیلەیەکی رەش لەنێو قەفەزی کتێبەکانەوە دەرپەڕی. پشیلەیەکی خڕ و تاس و زگ زل بە دوو چاوی بۆقئاساو و دەرپەڕیوەوە. دەم و لێوی خوێناوی بوو و زاری دەلستەوە. هاوارم کرد و هێرشم بۆ برد، خێرا خۆی لە کونی شیشەکەوە دەرباز کرد... بەرەو قەفەزەی کتێبەکان رامکرد. ئاخ!... باڵندەکەم، راز... لەنێو هێلانەکەیدا، کە بە دەستی خۆم چێم کردبوو ئەنجن ئەنجن کرابوو، پەڕوباڵە خوێناوییەکانی وڵاتی داپۆشیبوو، هێزی ئەژنۆم بڕا... کەوتم دەنگی شکانەوەی دڵی خۆمم بیست. هەواڵدەری رادیۆ، چۆنیەتیی هەوای وڵاتی رادەگەیاند: «گوێگرانی خۆشەویست! تۆفان سەرانسەری دنیای داگرتووە».››

لەم بەشەی کۆتایی، نووسەر کۆلوکۆی خۆی هەڵڕشتووە و زۆر هونەرمەندانە وێنایەک دەکێشێ و لەمپەڕی داهێناندا رازی هەقیقەتێک دەدرکێنێ لە بابەت ناڕێکبوونی پیوەرەکانی ژیان و راگەیاندن. لە سەرجەمی داستانەکانی جەلالی مەلەکشادا فەزای مۆنۆلۆگ زاڵە بەسەر دیالۆگدا و بە تێکنیکی سیمبۆلسازی لە بینای داستاندا کە وەک ئامرازێکی بەهێز کەڵکی لێ وەردەگرێ، داستانەکانی بە وشەی جوان و خۆماڵی تەنیوە. لێرەدا من حەز ناکەم لەڕووی تێکنیکییەوە بەرهەمی قەڵەمی جەلالی مەلەکشا بخوێنمەوە و قەوارەی داستان بە پێوەری زانستییەوە هەڵسەنگێنم، بەڵکوو خوێندنەوەیەکە لە گۆشەنیگای خوێنەرێکی ئاسایی کە چێژی پێ بەخشیوم، بە ناخی تونێلی پڕ لە کارەساتی ئەم نووسەرە دەستڕەنگینەدا پەلکێشی کراوم. ئەگینا لێکۆڵینەوەیەکی تیروتەسەلی گەرەکە لە بابەت هونەری داستاننووسی جەلالی مەلەکشاوە، هەتا زێدەتر بەهای ئەم قەڵەمە بە بڕشتە بەرجەستە بێتەوە.

# خۆشەویستیی نیشتمان
# لە شیعری شاعیری ڕاساو و
# شۆڕشگێڕی کورد، جەلال مەڵەکشا:

ئاکۆ ئەلیاسی

سەرەتا، بۆ من جێگەی شانازی و شەرەفێکی زۆر بە نرخ و مەزنە، کە بۆ یادی چلەی شاعیری شۆڕشگێڕ و نیشتمانپەروەری کورد، مامۆستا جەلال مەلەکشا، کە زۆر بەداخەوە لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١٠/٣٢ی زایینی بەهۆی وەستانی دڵ، دڵە پڕ لە خۆزگە و ئاواتەکەی لە لێدان کەوت و کۆچی دوایی کرد، بتوانم دڵۆپێک لە دەریای پڕ لە دوڕ و مەرجانی شیعریی ئەو شاعیرە بە هەڵوێست و چاونەترسە، هەڵێنجێنم.

**نیشتمان، وەک چەمکێکی گشتی، لە دووتوێی مێژووی ئەدەبی بەرگریدا:**

لەو شوێنەی کە ماف پێشێل دەکرێت، بەرەنگاریی دەبێتە ئەرکێکی ئەخلاقی، مرۆیی و نیشتمانی.

داکۆکیکردن لە مافی ڕەوا و نیشتمانێکی دیل و دابەشکراو، وەک چەمکێکی دانپێدانراوی گەردوونی، هەم لە یاسا دینییە ئاسمانییەکان و هەمیش لە یاسا مەدەنی و سیکۆلارییەکاندا، وەک خەباتێکی داکۆکیکارانەی ڕەوا، لە کۆنتێکستەکانی هەردوو یاساکەدا ڕێگا پێدراوە. لە دۆخێکی هەستیاری ئەوتۆدا، پاراستنی خاکی نیشتمان، خوێن بەهای نیشتمانپەروەرانەیە.

مەرج نییە شێوازی ئەو داکۆکیکردنە، لە خەباتێکی توندوتیژی بە کردەوە و بەرهەڵستکارانەی ڕاستەوخۆوە سەرچاوە بگرێت، بەو مەرجە ئەگەر لایەنی داگیرکەر، لە کۆدەکانی زمانی لۆژیکی ئاشتیخوازانە و هاوبەش، تێ بگات. هەر بۆیە، زۆر جار بۆ کردنەوەی گرێکوێرەیەکی ئاڵۆزی سیاسیی، مرۆڤی خاوەن ئاوەز، دەکارێت بە کلیلێک کە کەمترین کێشی هەیە، گاوسندووقێک بکاتەوە، کە ڕەنگە کێشی ئەو دۆلابە پۆڵایینە، پتر لە یەک تۆنیش بێت.

ئەم جیهانە پانوبەرینە، دابەش کراوە بەسەر سەدان نیشتمانی ڕەنگالەیی، لە هەر پێنج قاڕەی سەرگۆی ئەم زەوییە. هەرکام لە دانیشتوانی پێکهێنەرانی ئەو نیشتمانانە، خاوەنی هێندێک واتای «نەتەوەن». دوو تایبەتمەندیی سەرەکی ئەو نەتەوانە، ئامرازی Nation کە تایبەتمەندیی سەرەکیی پێناسەکردنی هوویەتیانن، بریتین لە زمان و خاکی هاوبەش.

گەلی کورد، وەک گەلێکی کەونارى سەرگۆی ئەم زەوییە، نەک هەر تەنیا خاوەنی مێژوویەکی دوور و درێژە لە پێکهێنانی ژیانی ژیاری کۆن و سەردەم، بەڵکوو خاوەنی زمانێکی کۆن و دەوڵەمەند و ڕەگ و ڕیشە لە «بوون»یدا داکوتراوە، هەروەها خودان خاکێکی پانوبەرینی هاوبەشە، بەڵام بەداخەوە، سەدان ساڵە، خاکی نیشتمانەکەی لەلایەن داگیرکەرانی دەوروبەر، زەوت کراوە و بە دوور لە ویستی خۆڕسکانەی خۆی، دابەش و لەتلەت کراوە. هەر بۆیە لەو کاتەوە کە زێد و میلکانەکەی داگیر کراوە، کورد، بۆ خستنەوەسەریەکی خاکی دابەشکراوی نیشتمانەکەی، دەست لەسەر دەست نەوەستاوە، بە پێچەوانەوە سەدان ساڵە، لەو پێناوەدا لێبڕاوانە و نەترسانە، لە هەمبەر هێزی زۆری داگیرکەر، زۆر شێرانە و بوێرانە ڕاوەستاوە.

لە مێژووی خەباتی گەلانی ژێردەستدا، جۆرەکانی ئامرازی بەگژداچوونەوەی داگیرکەر، فرەڕەنگ بووگن. «ئەدەبی بەرگری»، لە بزاڤی ڕزگاریخوزانەی ئەو گەل و وڵاتانە، بەرلە شێوە و شێوازە خاباتێکی دیکە دەستپێک، ڕۆڵگێڕ، شوێندانەر و پێشەنگ بووە و لەڕاستیدا جۆرەکانی دیکەی خەبات، پاش تەقینەوەی گەرووی پڕ لە قینی وشە ئاگراوییەکان سەریان هەڵداوە.

نووسینەوەی مێژووی کۆن و سەردەمی هەر گەل و نەتەوەیەک، بەبێ نووسینەوەی مێژووی ئەدەبەکەی، مێژوویەکی ناتەواو و نیوەچڵە و وەک سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوی مێژوویی چاوی لێ ناکرێ. کە چاو لە مێژووی گەلانی دنیا دەکەین، هەر گەل و نەتەوەیەک شانازی بە مێژووی ڕابردووی ئەدەبیی خۆیانەوە دەکەن. بۆیە، ئەدەب، کۆڵەکەیەکی هەرە سەرەکیی قایم و گرنگە، بۆ نووسینەوەی قۆناخە جیاجیاکانی مێژووی هەر گەل و نەتەوەیەک.

لەم پێوەندییەدا، ئەدەبیاتی بەرگریی لە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازانەی بەشێکی بەرچاوی گەلانی جیهان، لەپێناوی سەربەخۆیی و ئازادیی خاک و وڵاتیان، ڕۆڵێکی زەق و بەرچاوی گێڕاوە. دیارە ژانرەکانی ئەدەبیاتی بەرگری فرەچەشنن کە یەکێک لە ژانرە سەرەکی و بنچینەییەکانی ئەدەبیاتی بەرگری «شیعری بەرگری»یە. سەرەتا ئێمە دەبێ دوو چەمکی «ئەدەبی بەرەنگاری و ئەدەبی بەرگری» لێکتر جیا بکەینەوە. ئەدەبی بەرەنگاری، ئەو چەمک و دەستەواژەیە، کە شاعیران، نووسەران و ڕووناکبیرانی هەر گەل و نەتەوەیەک، بۆ بەرگری لە بەها مرۆیی، کولتووری و نیشتمانییەکانیان، کە لەلایەن داگیرکەرەوە پەلاماریان دەدرێت، لەڕێگای هونەری شیعر و نووسینەوە، ئەدەبێکی شۆڕشگێڕانە دەئافرێنن، بە مەبەستی وریاکردنەوەی کۆمەڵگە و دانی هۆشیاریی نیشتمانی و سیاسی بۆ ئەوەی بارودۆخێک برەخسێندرێ، کە هەموو تاکەکانی نیشتمان، بگەنە پلەیەک لە هۆشیاریی ڕۆشنبیری، کە بتوانن بە ماڵ و گیان، پارێزگاری لە خۆیان، زمانەکەیان، کولتوور و بەها نیشیمانییەکانیان بگەن. پلە و ڕادەی ئەو هۆشیارییە،

کەشی بەگژداچوونەوەی بە کردەوە، یان هەر هەمان «خەباتی چەکداری»ی خۆش دەکات، تا ڕادەیەک، کە هەموو هاونیشتمانییەک، بۆ خۆبەخەتکردن لەپێناو داهاتووی نیشتمانەکەیان و بەها و نرخە نەتەوایەتییەکانیان، ئامادەی فیداکاری و خوێندان و سەر و گیانبەخشینن. ئەمە چەمکی «ئەدەبی بەرەنگاری»یە. بۆیە ئەدەبی بەرەنگاری جۆرە ئەدەبێکە، کە بۆ دەرپەڕاندنی داگیرکەر لەسەر خاکی نیشتمان، بە وشە، شیعر، چیرۆک و ڕۆمان و تێکستە ئەدەبییەکانی دیکە، بەڵام «ئەدەبی بەرگری» چەمکێکی نەختێک جیاوازترە لە «ئەدەبی بەرەنگاری» ئەدەبی بەرگریی، لە ڕاستیدا بەرگریکردنە لەو دەستکەوتە نیشتمانییانەی، کە پێشتر، خەباتی ئەدەبی بەرەنگاری، هاوشان لەگەڵ شێوەکانی دیکەی خەبات، لەڕێگەی بەگژداچوونەوەی بەکردەوە، بۆ وەدەرنانی هێزی داگیرکەر، لە ڕاچەنین و ڕاسانەوەدا بووە.

کورد و نیشتمانەکەی، یەکێک لە بێکەسترین و بێبەشترین گەلانی سەرگۆی ئەم زەوییە پانوپۆڕەیە و هۆکاری ئەوەش، سەرڕاستنەبوونی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و زلهێزە بەرژەوەندیخوزاەکانی ویژدانتۆپیوی دنیایە. ئەگەر ویژدانی مێژوو «دیوانی داد» بایە، دڵنیام کە مێژوو سەدانجار، خۆی خۆی شەرمەزار دەکرد. هێندێک فاکتەریش هەن، کە ناوخۆیین و بەداخەوە دڵڕەشیی کورد لە ئاست یەکتر و نەبوونی ستراتیژیی هاوبەشی بزاڤی سیاسیی کورد، لە هەر چوار بەشەکەی کوردستانە.

ئەحمەدی خانی « ١٦٥١-١٧٠٧»، شاعیر و نووسەر ڕۆشنبیر و بیرمەندی گەورەی کورد، نزیک بە چوارسەد ساڵ لەمەوپێش،

پەی بە پرش و بڵاوی و نەبوونی یەکیەتیی نەتەوەیی کورد بـردووە و بە دەنگی زوڵاڵ و بـەرز، وەک شاعیرێکی مەزنی نەتەوەیی، هاواری کردووە:

**گەردێ هەبوا مە ئیتیفاقەک**
**ڤیکرا بکرا مە ئینقیادەک**
**ڕۆم و عەرەب و عەجەم تەمامی**
**هەمیا ژمە را دکر غولامی**
**تەکیل دکر مە دین و دەولەت**
**تەحصیل دکر مە عیلم و حیکمەت**

ئەم سکاڵایەی «ئەحمەدی خانی» پاش نێزیک بە چوار سەدە، دیسانەوە لە شیعری شاعیرێکی نەترس و دەروەستەی وەک «جەلال مەلەکشا» چیرۆکە شیعری «دارەپیرە» کە باسی غەدر و خەیانەت لە یەکترکردن دەکات، دووپات دەبێتەوە، بەڵام لە فۆرم و قالبێکی دیکەی شیعر، زمانێکی ڕەوانتر و پەتی تری شیعری کوردی. سـەرەڕای کێشە نێوخۆییەکانی کورد لەگەڵ خۆیدا، بـەڵام ڕووناکبیران، نووسـەران و بەتایبەت شاعیرانی کورد، بۆ تەنیا ساتێکیش خۆشەویستیی نیشتمانەکەیان، نەک تەنیا لەبیر نەکردووە، بەڵکوو بەتەواوی هێزی هزری ڕووناکبیری و نیشتمانیان وەک «پیـرۆزی»یەکی ئـەبـەدی، لـە دووتـوێـی بەرهەمەکانیان و بەتایبەت لە سینگی ڕەنگاڵەیی شیعرەکانیاندا پاراستووە و بـەردەوام، لەنێو کۆمەڵگەی کـوردەواری، هەوڵی بێوچانیان بۆ بە تەبەڕوککردنی نیشتمان داوە.

لەڕاستیدا، مێژووی «ئەدەبی بەرگری»ی کورد، لە قۆناخی یەکەمدا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی شاعیری مەزنی کورد، حەزرەتی «ئەحمەدی خانی». چونکە، خۆشەویستیی ئەو بۆ نیشتمان لە شیعرەکانیدا ڕەنگە پڕڕەنگترین دیمەنی شیعرەکانی بن. بەدوای ئەویشدا، شاعیری گەورەی کورد» حاجی قادری کۆیی» ئاڵاهەڵگری تەریقەتی ئەحمەدی خانییە تا دەگاتە قۆناخەکانی دواتر و ئێستامان.

**نیشتمان، چەمکێکی مێژوویی دانەبڕاو لە شیعری جەلال مەلەکشا:**

سەرەتا دەبێت ئاماژە بەوە بکرێت، کە گەلی کورد بە درێژایی مێژووی خۆی و هەتا ئێستا، هاوارێکی دانەبڕاو بووە و هەیە، کە بەردەوام لە گەرووی شیعرەوە، گیانی نەسرەوتووی بەبەر ئەو ئەڵها ڕەوایەی خۆیدا کردووە. شیعر لە مێژووی بزووتنەوەی حەقخوزانەی سیاسیی نەتەوەی کورددا یەکێک لە کۆڵەکە هەرە گرنگ و پتەوەکانی مێژووی ئەدەبی کوردییە.

سەرەڕای ئەوەی کە شیعر وەک توخم و ڕەگەزێکی ناسک، کە لە خەیاڵ و فانتازیای مرۆڤەوە، لەڕێگەی زمان و دەربڕینی وشەوە سەرچاوە دەگرێت و وەک پرەنسیپ، دەبێ زیاتر تێکەڵاوی ڕۆحی جوانییەکانی سروشت بێت، بەڵام شیعر وەک ژانرێکی ئەدەبی، لە مێژووی کورددا، سەرەڕای بەجێهێنانی ئەو ئەرکە سروشتییە، لە پاراستنی ناسنامە و کەسیاتیی نەتەوەیی کوردا دەوری گرنگ و بەرچاوی گێڕاوە و دەیگێڕێ. ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی و بەتایبەت، شیعری فۆلکلۆری کوردی، لە پاراستنی زمان و کولتووری ڕەسەنی ئێمەی کورد، تۆرەمە بە

تۆرەمە و نەوە لە داوای نەوە، سینگ بە سینگ لەنێو کۆمەڵگەی کوردەواریدا هاتووە و دەستاودەستی پێ کراوە، کە لە توخمە سەرەکییەکانی ئەوە ئەدەبە فۆلکلۆرییەدا، سیمای قەڵغانێکمان بەرچاو دەکەوێ، کە لە پاراستنی زمانی کوردیدا کاریگەرترین چەکی پیرۆزی بەرگریی بووە، تا ئەوکاتەی کە شیعری کوردی، پێی ناوەتە قۆناخی نووسینەوە.

بۆیە شاعیرانی یاخی و بزێوی کورد، لە قۆناخە جیاجیاکانی ژیانی سیاسیی نەتەوەکەیاندا گرینگترین ئەکتەر و کەسیایەتییە بوێر و خودان جەربەزەکانی نەتەوەکەیان بوون.

جەلال مەلەکشا، شاعیرێک لە ڕەگەزی لووتکە بەرزەکانی چیای هەردەم بە پێوەبوون و بوێری، لە ڕەگەزی بەفر و ئاگر و خۆبەدەستەوەنەدان، لە تۆرەمەی ڕووناکی دژ بە تاریکی و شاعیرێک، کە نیشتمان، لە «بوونی»دا، سەرچاوەی دڵۆپ دڵۆپ خوێنی شارەگەکانی گیانیەتی، یەکێکە لەو هۆنەرانەی وێژەی هاوچەرخ و نوێی نەتەوەی کورد، کە لە ڕێگەی هۆنینەوەی هۆنراوە ئاگراوییەکانی و هەڵوێستە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی، مێژووی هەرمانی بۆ خۆی و شیعرەکانی تۆمار کرد.

لەدایکبوون و هاتنە نێو شیعری شۆڕشگێڕیی مامۆستا جەلال مەلەکشا، هەم لە کات و ساتی خۆدا بوو و هەمیش پێویستییەک بوو، کە ئەدەبی بەرگریی کورد، پێویستی پێ بوو. من لێرەدا نامەوێ لەسەر فۆرم و شێوازی شیعری شاعیری گەورەی کورد، مامۆستا جەلال مەلەکشا بدوێم و لەڕووی داڕشتن، تێکنیک، ستاتیکا و زمانی شیعریی جەلال مەلەکشا بدوێم، بەڵکوو هەوڵ دەدەم، بە هێنانەوەی چەند نموونەیەک لە شیعرە نیشتمانییەکانی،

باسی پێگەی پیرۆزیی خاک و نیشتمان، لە هیندێک لە شیعرە شۆڕشگێڕییەکانی ئەو شاعیرە مەزنەی کورد بکەم. ئەگەر بمانەوێ بە شێوەیەکی وردتر بەو بەستێنەدا قووڵ و چڕوپڕتر بە ناخی ئەو بەشەی لە شیعرکانی مەلاکشادا بچینە خوارێ، ئەوە بێگومان پێویستی بە لێکۆڵینەوە و وردبوونەوەیەک زۆر قووڵ و خەستتر دەبێ، کە مەودا و پانایەکیی بەرفراوانتر لەخۆ دەگرێت.

ئەگەر مەبەستی ئێمە دوان لەسەر نیشتمان، لە شیعری جەلال مەلەکشادا بێت، ئەوا «کوردستان» سەرتۆپی هەرەبەرزی لووتکەی ئەو چەمکەیە. گرنگیی نیشتمان لە شیعری جەلال مەلەکشادا، لە قووڵایی و ڕیشەی مێژووی وڵاتەکەیەوە سەرچاو دەگرێت. جەلال، لە لایەکەوە باسی دابەشکردنی نیشتمانەکەی «کوردستان» دەکا و لە لایەکی دیکەشەوە، وەک شاعیرێکی جەربەزە و دەروەست، ئەو خەونە نەزۆکانەی داگیرکەران دەکاتە سەر بڵقی ئاو، کە بە خەیاڵی خۆیان گەرەکیانە، کوردستان و مێژووەکەی، بە لەتوپەتکردنی بتوێننەوە. ئەوەتا، لەم شیعرەدا، پەیماێکی زۆر ڕوون و دیارە و لە کۆتایی پەیامەکەشی بەڕووی هیوایەک لە دڵی مێژووی خاکەکەیدا دەچێنێ، کە دەبێت بە دەماری خۆشەویستی ناخی خاک لە بن نایە:

**« مێژوو دەڵێ**
**سەدان کەڕەت**
**گۆڕەپانی منیان کردە جەهەنەم و**
**وڵاتێکیان تیا هەڵقرچان!**
**بەڵام هەرگیز نەیانتوانی**

**دوو دیاردە**
**لەسەر سینگم بسڕنەوە**
**یەکیان کورد و**
**ئەویتریان**
**وشەی پیرۆزی کوردستان».**

جەلال مەلەکشا، بەم شیعرەشی سوکنایی بە دڵیدا نایەت و نەختێک قووڵتر دەچێتە بنج و بنەوانی مێژووی نیشتمانەکەی «کوردستان» و لە شیعری «کوردستان»دا، باسی پرۆسەی لەدایکبوونی نیشتمانەکەی لەسەر سینگی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست دەکات و بە زمانی ساکاری شیعر لە شیعری « کوردستان»دا، بەم جۆرە دێتە دەنگ:

**« کاتێ پێنووسی چارەنووس**
**کەوتە گەڕان،**
**لە دوای ئەوەی نەخشەی عەرد و دنیای نەخشان**
**کە گەیشتە لای خۆرهەڵاتی نێوەڕاست**
**لەسەر خاکێک**
**ساتێ ڕاما**
**نازانم بۆ ...**
**کەوتە لەرزین**
**دڵی شکا**
**دڵۆپێ خوێن**
**بەسەر ئەم خاکەدا تکا**
**جێرا هاتن**
**دەوریان تەنی**

**شەقڵیان کرد**
**بە پەڕژین و موورد و تێمان**
**گەڕان ناوێک بدۆزنەوە**
**فرمێسکی چاوی گەردوونی**
**تیا بگونجێ**
**ئینجا هاتن**
**ناوی ئەو خاکە سوورەیان**
**نا،**
**کوردستان»!**

خەمباری خاڵیکی دانەبڕاوی نەخشبەستووی نێو تەوێڵی شاعیری ئازادیخواز، جەلال مەلەکشایە. هۆکاری ئەم خەمبارییەی خەمباربوونی نیشتمانەکەیەتی. شاعیر باوەڕی قووڵی بەوە هەیە کە، ئەو کاتێک شاد و لێو بە بزە و کەنینە کە نیشتمانەکەی ئازاد و سەربەست بێت. ئەوەتا لە شیعرێکی دیکەیدا ڕاستیی بیرکردنەوەی ئەم لۆژیکەی، زۆر بە ئاشکرا دەرداخات کە دەڵێت:

**« لێم مەپرسە بۆ ناشادی**
**دەیان ساڵە**
**چاوەڕوانم**
**کە نیشتمانم هەڵمژێ**
**شنەی شەماڵی ئازادی».**

واتە کاتێک ئەو وەک تاک ئازادە، کە نیشتمانەکەشی ئازاد بێت. ئەمە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە، کە لە ژیانی تایبەتیی خودی

شاعیریشدا بە تەواوی ڕەنگی داوەتەوە، واتە قسەی دڵ و زمانی یەکە. جوانی و خۆشەویستیی جەلال لەوە دایە، کە شیعرەکانی ڕەنگدانەوەی ڕاستیی ژیانی خۆیەتی و لە پەنجەرەی تێڕاونینی شاعیرانەی ئەوەوە، زۆربەی هەر زۆری تاکی کورد، خاوەنی هەر هەمان بارودۆخی سیاسی و تاکەکەسیشن کە ئەم دۆخە، لە بنچینەدا پانتایی دۆخێکی گەورەتر و بەرفراونتر پێک دێنێ، کە ئەویش دۆخی «نیشتمانە».

جەلال، شاعیری یاخی و نەسرەوتوو بەدوای ئازادیی نیشتمانەکەیدا، هەر بەوەوە ناوەستێتەوە، بەڵکوو بە هێنانەوەی ئارگۆمێنتی لۆژیکییانە تێدەکۆشی بە دوژمنی داگیرکەر، دوژمنێک کە نیشتمانەکەی جەلالی پێپەست و دابەش کردووە، بە زمانی شیعر تێ بگەیەنێ، کە خودان نیشتمان بوون تەنیا تایبەت بە مرۆڤەکان نییە، بەڵکوو هەموو گیانلەبەرێکی دیکەی سروشت، بەپێی یاسا سروشتییەکان، خاک و ئاو و نیشتمانی خۆیان هەیە، کە بکارن لەودا ئۆقرەی خۆیان دەستەبەر بکەن و نووچێکی تێدا بدەن و بەبێ خەم و دڵەڕاوکێ، سەرخەوێکی تێدا بشکێنن، دوور لە هەر چەشنە گرژی و تێکهەڵچوونێک کە ئەنجامەکەی خوێن و کوشتن بێت. چاو لێ بکەن کە هاواری ئەم شاعیرە چەندە ڕوون و پاک و داواکەی چەندە سروشتی و ڕەوایە، کە ددەڵێت:

**«لەم جیهانە**
**پەلەوریش**
**نیشتمانی بۆ خۆی هەیە**
**دارستانێ، تاقەدارێ**

**ئاوراش بێ**
**نێو ئەشکەوتێ، بن پاسارێ**
**چۆن شێت نەبم،**
**نەچم بە گژ کوێستانا و**
**چوارڕێیانی گەردوون نەگرم**
**هێشتا بستێ خاک شک نابەم**
**تێیا بژیم**
**تێیا بمرم».**

لەم شیعرەدا، نەبوونی خاک، هەر هەمان نیشتمانی شاعیرە، شاعیر تووڕە دەکات، تووڕەییەک، کە شەپۆلی هەڵچوونەکەی، دەدات لە کەنارەکانی بەندەری بارگای گەردوون و ناڕەزایەتیی خۆی بە گوێی گەردوون ـ کە مەبەستی خودایە. دەگەیەنێت و زۆر بە ڕوونی، ڕەخنە لە یاسای نابەرابەری لە ڕەچاونەکردنی دادگەری، هەتا لە ڕووانگەی هێزی ئیلاهییەوە دەگری و گازندەی خۆی دەردەبڕێ.

ئەمە سەنگ و بەهای پیرۆزیی نیشتمان، لە لای شاعیر بەرجەستە دەکات.

جەلال مەلەکشا، وەک زۆربەی هەرە زۆری شاعیرانی شۆڕشگێڕی کورد بە کردەوە، باوەڕی بە سنوورە دەستکردەکان نییە. بە گژ ئەو خودا و یاسا و ڕێسایانەشدا دەچێتەوە کە یاسای سنووربەندییان لەسەر سینگی خاکی نیشتمانێکی هاوبەش داناوە و منداڵ و ژن و کاڵ و هەموو کۆمەڵگە لەڕێگەی بەکارهێنانی زەبروزەنگ و خوێن و جەنگ ناچار دەکەن، ملکەچی ئەو یاسا زۆرەملێیە، کە دوورە لە مۆراڵی مرۆیی بکەن. بەڵام شیعر وەک

توخمێکی کاریگەر، شاعیر وەک بوونەوەرێکی خاوەن هزر و بە ئاوەز، لە هەموو ئەو یاسا زۆرەملێ و دەسکردانە، نەتەنیا بێزارە، بەڵکوو ڕێگای یاخیبوون بۆ شکاندنی قودسییەتی ئەو سیستەمە تۆتالیتەرە بە بەکارهێنان و کەڵکوەرگرتن لە چەکی کاریگەری شیعر، ڕیگای بەگژداچوونەوە هەڵدەبژێردرێت. جەلال، وەک شاعیرێکی یاخی و یاساشکێن، خوازیاری هەڵگرتنی تێلبەندی سنوورە دەستکردەکانی نیشتمانەکەیەتی. دیسانەوە نیشتمان لێرەدا، بۆتە خەمی قووڵ و ستریێسی گەورەی جەلال، بۆیە پڕ بە گەروو هاور دەکات:

**« کێ مافی داوە بەم جەردانە**
**ئاسمان و زەوین و دەریاکان دابەش کەن؟**
**کێ بەر درەوشانەوەی هەتاوی گرتووە**
**کێ ئیزنی پێداون**
**تیشک لە باڵندە دابڕ کەن؟**
**سیمای ڕۆژ بە چڵکی هەناسەی خۆ ڕەش کەن؟**
**من سنوور ناناسم!**
**پێم خۆشە هەڵبفڕم**
**لە گوانی کامە هەور زۆر تەڕە**
**پاراو کەم ئەم ڕۆحە شەقارەم.**
**پێم خۆشە**
**یاسای دەستکردی چی خواوەندی زەوینە**
**پێشێڵ کەم**
**بڕۆم و لە نێوان دوو هێمتی دنیادا ڕاوەستم**
**بست بە بست سەرتاپای نیشتمان**
**بکەم بە هێلانەی ئەم جەستە ئاوارەم»!**

ئەگەر زۆربەی بزووتنەوە سیاسییە ـ چەکدارییەکانی کورد، بە هێنانەوەی ئارگۆمێنتی ئەو لۆژیکە لە سیاسەت، کە گوایە، نیشتمانی کوردان «کوردستان» بە پێی ژێئۆپۆلیتیکی سەردەم، وەک ڕاستییەک بەسەر چوار وڵاتی داگیرکەری تورکیە، ئێران، عێراق و سووریەدا دابەش کراوە و ڕێبەرانی ئەو بزووتنەوانە، لە بازنەی زەماندا هەوڵیان داوە، کۆمەڵەگەی کوردەواری بەو فاکتە بە ناو سیاسییانە، ڕازی بکەن، بەڵام لە ڕوانگەی شاعیری سەربزێوی ماندوونەناسی هەدانەدرەوە ئاوەزی ئەو لۆژیکە، ڕەت دەکرێتەوە و تەوژمی تینی ئاگری سەربەخۆییخوازی و پووچەڵکردنەوەی ئەو سنوورە دەستکردانە، لە کوورەی گەرمی هەستی ناسیۆنالیستیی شاعیری نەتەوەخوازدا دەمێندرێت. لە کاتێکدا کە ڕێبەرانی سیاسیی کورد، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەخۆ تەسلیمی سیاسەتی داگیرکەران بوون و دەیانەوێ «سنوورە تێلبەندەکان» لە شعووری سیاسیی کۆمەڵگەی کوردا جێ بخەن، بەڵام بڕوانن، هەتا ئێستا گەر ئەو «خەنە شاعیرانە» لە سەردەمی ئەحمەدی خانی، حاجی قادری کۆیی تا دەگاتە جەلال مەلەکشا، بووە، نەیانهێشتووە خەونی داگیرکەرانی کوردستان وەدی بێن. بڕوانن جەلال، لە شیعری «ئاواتێک»دا چۆن بێباکانە، «کاوەی کوڕی» بە نوێنەرایەتیی سەرجەم گەلی کورد، دەکاتە گوێگری خۆی و بە گەروویەکی ساف و بێگەرد و تژی لە وشەی حەق، بانگی یەک سنووری دەدا و دەڵێ:

**«ئاخۆ ئەبێ**
**ئەو ڕۆژە بێ**

**کاوەی کوڕم**
**جانتای سەفەر کاتە شانی**
**دەڵاڵانی بەر گاراژی شاری سنە**
**هاوار بکەن**
**سلێمانی، سلێمانی»!**

ئەم شیعرە، دروشم نییە، بەڵکوو ڕاستییەکە، کە تەنیا زمانی شیعر دەرەقەتی دێت. دەرقەت بەو مەبەستەی کە لەڕێگەی هونەری زمان و دەربڕینی ویستێک، کە ویستی زۆربەی هەرە زۆری گەل و نەتەوەیە. لێرەدا شیعر ئەو ڕەگەزە یاخییەیە، کە بەداوی ڕاوی هیچ ئیدئۆلۆژییەکدا کەوی و دەستەمۆ نابێت! گرنگیی هونەری شیعر، وەک کاریگەرترین چەکی بەرگری، مەزنییەکەی لێرەدا واڵاتر خۆی دەنوێنێ.

نیشتمان، لە شیعری جەلال مەلەکشادا، وەک هەناسەی بەردەوامی ئەوە بۆ ژیان. ئەگەر حەز و خۆشەویستیی جەلال بۆ نیشتمانەکەی، لە شیعرەکانی ئەودا هەڵاوێرین، باوەڕ ناکەم، شیعری مەلەکشا، ئەو جوانی و دڵچەسپی و دڵگیرییەی وەمێنێ، کە ئێمە چاوەڕوانیمان لێی هەیە. هەر بۆیە زۆر جار وەک لە شیعری زۆر یەک لە شاعیرانی دیکەی کورددا دەیخوێنینەوە، جەلال لە هیندێک شیعری خۆیدا، نیشتمانی لە خۆشەویستە تاتبەتییەکەی خۆی لاگرنگترە. لە خۆڕا نییە تفەنگ، بۆ پارێزگاری لە نیشتمان لە شیعری مەلەکشادا جێگایەی دیاری هەیە.

دیارە جەلال کاتێک هانا دەباتە بەر تفەنگ، کە ڕێگایەکی دیکەی بۆ نامێنێتەوە تا بە زمانی نەرمی شیعر، لەگەڵ داگیرکەری نیشتمانەکەی بکەوێتە وتوویژ و دیالۆگەوە. بۆیە ئەو لە دوورەوە

ڕوو لە خۆشەویستەکەی دەکات و تاڵێ لە قژی نەرمی ئەو و ڕەقیی تاشەبەردێکی نیشتمانەکەی «کوردستان» بە تەواوی دنیا ناگۆڕێتەوە. ئەوەتا ئەو بڕیاری خۆی دەکاتە پەیامی دڵنیایی و بەڕێی دەکات بۆ دڵدارەکەی و ئەیژێ:

**« دڵدارەکەم!!!**
**بۆ من مەگری...**
**ڕاستە ئێستا،**
**لە من دووری، لە تۆ دوورم**
**بەڵام گیانە!**
**بە شوێن دەنگ و ڕەنگی ونبووی خۆما وێڵم.**
**دڵنیا بە،**
**تاشەبەردێ نیشتمان و**
**تاڵی قژی تۆ بە دنیا ناگۆڕمەوە**
**هەرگیز، هەرگیز، کوردستان و خەیاڵی جێ ناهێڵم!**
**تۆ لە شاری، من لە کـوێستان**
**هەر شەو کاتێ**
**بە شـــریخەی دەنگی تفـــەنگ ڕاچڵەکای،**
**ئەوە منـــم**
**لە کـــوێســـتانا**
**لەناو باخچەی کـــوردســـتانا**
**گوڵی سەربەستی دەڕوێنم**
**گۆرانی عیشق و ئازادی،**
**بۆ کـــــــوردستان،**
**بۆ تۆی ئازیزم دەخوێـــنم»**

شاعیری چاونەترس، لەو هەڵوێستە بەرز و جەسوورانەیەی خۆی، مکوڕ و پێداگرتر دەبێ و بە زمان و ئیماژێکی ناتۆرالیستیانە، ڕەهایی خۆی دووپات دەکاتەوە ئەیژێ:

**«من دارێکی باڵابەرزم،**
**گەرچی تووشی**
**مەرگەساتی وەرزی ڕەشم،**
**بەڵام هەرگیز**
**سەرم بۆ چیی دارکونکەرەی دنیا هەیە**
**دانانوێنم»**

**جەلال، باجی هەڵوێستی نیشتمانیی خۆی و سەربزێویی شیعرەکانی، بە ئازار دەکرێت.**

جەلال، بۆیە بۆتە شاعیر، تا هەڵگری باری دەرد و ئازاری خەڵکی هەژار و چەوساوەی نیشتمانەکەی بێت. نیشتمان بۆ ئەوە هاژەی ڕووبارێکی بێ کۆتاییە، کە سەرچاوەی ئەو لەبننەهاتوویە، دەگەڕێتەوە بۆ ئۆقیانووسێک لە خۆشەویستی بۆ زێد و میلکانەکەی. شاعیر کەسێکی بەرپرسیار و پێشەنگی نێو کۆمەڵگەکەیەتی. ئەو داکۆکی لە ئازادیی خەڵکەکەی و نیشتمانەکەی دەکات. ئەگەر شیعر تاقەتی بەو خەباتە نەشکێ، ئەوا خۆی لە پێشدا چەک هەڵدەگرێ و دەبێتە پێشەنگی خەباتێکی بەکردەوە، تا ڕووناکی و ئازادی بگەڕێنێتەوە بۆ خاک و گەلەکەی، چونکە ئەو وەک کەسێکی بەرپرسیار و بە بەڵێن، بەڵێنی بە گەلەکەی داوە. بۆیە شیعر و کردەوە و هەڵوێست لە ڕوونگەی جەلال

مەلەکشاوە، سێ مەرجی سەرەکین. ئەو بە ئەرکی خۆی وەک شاعیرێک باش شارەزایە، بۆیە دەڵێت:

**«بووم بە شاعیر**
**دەرد و ئازارم هەڵبژارد**
**لە کارگەی چەوساوەکانا**
**شیعرەکانم کردە تفەنگ**
**بەڵێنیم داوە چەپکێ تیشک**
**لە خۆت بدزم**
**بیدەم لە پرچی شەوەزەنگ».**

شاعیر، نەتەنیا بە شیعر، بەڵکوو بە هەڵوێست و کردەوەش باوەڕمەندیی قووڵی خۆی بە نیشتمانپەروەری دەسەلمێنێ و لە ئاست هیچ شا و سوڵتانێک و فەرمانڕەوایەک، سەر نەوی ناکات. ئەو کوێستانی نیشتمان دەکاتە قاییمترتن سەنگەر و پەناگە و لەڕێەی قەڵەم و تفەنگەوە، بە گژ هەموو ئەو کاراکتێرە ماف زەوتکەرە بێزراوانەدا دەچێتەوە و بە کردەوە پەیامی سەربزێوی و یاخیبوونی خۆی لەڕێگەی قەڵەم و چەکەوە، بەم جۆرە پێیان ڕادەگەیەنێت:

**« کڵاوم لارە**
**قەڵەمەکەم**
**لە بەرامبەر**
**چی سوڵتان و فەرمانڕەوا و داگیرکەرە،**
**کڕنۆش نابات**

**هیچیش وەک ئەو**
**تفەنگە دەم بە هاوارە**
**والە پەنای قەڵەمێکدا**
**لەسەر پێیە**
**منی ئەویندار ی وڵات**
**دڵخۆش ناکات»!**

ئەمە پەیامێکی زۆر ڕوک، ڕوون و بێ گرێوگۆڵە، کە لە بیروباوەڕی قووڵی شاعیرێکی هەتا سەر ئێسقان باوەڕمەند بە نیشتمانپەروەری بە لرفەوە هەڵدەقوڵێ و لەپێناوی پارە و خۆش ڕابواردندا نەتەنیا خۆی و قەڵەمەکەی نافرۆشێت و لە ئاست ئەو کاراکتێرە داگیرکەرانە، ملکەج ناکات و چۆک دانادات، بەڵکوو بۆ بەربەرەکانێی ئەوان، بە دەستێک قەڵەم و بە دەستێکی دیکەی بە چەکەوە، لە هەمبەر شا و سوڵتان و فەرمانی نارەوای بەناو فەرمانڕەوا ڕادەچەنێ و هەڕەشەی ڕووبەڕووبوونەوەی، بە کردەوەی لێ دەکات.

مەلەکشا، هەڵگری پەیمان و بەڵێنییەکە کە بۆ ئەو، زۆر پیرۆزە و ئەگەر بۆ خۆشی بۆی نەکرا، ئەوا هەر سێ منداڵەکەی ڕادەسپێردرێت، کە قارەمانیەتیی خەباتە بەکردەوە چەکدارییەکەی، پاش خۆی بکەن بە هۆنراوە، هەر بۆیە ڕوو لە هەر سێ کوڕەکەی دەکات و دەڵێ:

**« شاهۆ! کاوە!**
**من بەڵێنیم بە گەل داوە،**
**حەماسیەک بخوڵقێنن،**
**نیما بیکا بە هۆنراوە»!**

تفەنگ لە شیعری جەلالی مەلەکشا، تەنیا کەرەستە و ئامرازی بەرگری لە نیشتمانەکەیەتی، چونکە ڕێگای پێ نادرێت، لەڕێگەی دیالۆگ و زمانی ئاشتییەوە، وەک ئاخێوەرێکی ئاشتیخواز بئاخوێ و گوێ لە خواست و داوا ڕەواکانی بگیردرێت. هەر بۆیە لەڕووی ناچارییەوە، بۆ مانەوەی خۆی و پاراستنی خاکی نیشتمانەکەی پەنا دەباتە بەر تفەنگ و دەیهەوێ بە زەبری تفەنگ لە زمانی شیعرەوە، سنوورە دەستکردەکان بشێوێنێ. ئەو تەنیا لە خەمی بەشێک لە نیشتمانەکەیدا نییە، بەڵکوو هەڵگری خەمی هەموو بەشەکانی خاکەکەیەتی. جەلال، وەک شاعیرێکی سەربەست و ئازا، ئازایانە بیر دەکاتەوە و شیعر بۆ کوردستانێکی هاوبەش دەچڕێ.

نموونەی زەقی ئەم سترانە شیعرییە، لێرەدایە کە بە ناوی «من دڵداری کوردستانم» بانگەشەی بۆ دەکات:

**« سنوورەکان بشێوێنن**
**من تامەزرۆی بۆن و تامی نیشتمانم**
**چۆن هەنگ شەیدای گوڵەباخە،**
**من دڵداری کوردستانم.**
**من ئەزانم**
**بەفر بۆ خوێن**
**چۆن باوەشی ئەکاتەوە**
**داربەڕووەکان بە کام تاوان ئەسووتێنن**
**من ئەزانم**
**مرۆڤ لەگەڵ بیری مەرگا چلۆن ئەژی**

**پەڵەنگ ناوی ڕق و کینە**
**لە کام کانی ئەخواتەوە**
**من ئەزانم**
**تینووەکان چۆن**
**مەمکی چیا ئەچەکێنن**
**کوێستان چۆن خوێن لە ڕوخساری ئەسڕێتەوە**
**داڵدارەکان**
**بە کام وشە دێنە بەیان**
**تفەنگ بە کام دەنگ و زمان**
**سیاچەمانەی لوردەواری ئەچڕێتەوە.**
**من دڵداری کوردستانم**
**من ئەمەوێ**
**لە شەقامە قۆرخەکانی دیاربەکرا**
**شمشاڵ لێدەم**
**قام و حەیران بخوێنمەوە**
**لە چوارچرای مەهاباد**
**هەڵکەم ئاڵای کوردستان**
**لە قامیشلی هاوار کەم**
**لەگەڵ چینی کرێکارا**
**شاری کەرکوک،**
**بە مان گرتن بژوێنمەوە».**

شاعیر، کولتووری سیاسی و زمانی لۆژیکی دوژمنی خۆی، هەم لە بواری سایکۆلۆژی و هەم لە بواری شێوەی هەڵسوکەوت، زۆر بە باشی دەناسێت. هەر بۆیە، سەرەڕای ئەوەی کە تفەنگ، بۆ

پاراستنی نیشتمانەکەی، لە نەبوونی زمانی هاوبەشی دیالۆگدا، بە پێویستییەکی سەرەکی دەزانێت، تەنیا خۆی بۆ شێوازی بەرگری بە کردەوە ئەرکدار ناکات، بەڵکوو، شاعیرانی دیکەی هاوزمان و هاوڵاتیی خۆی، هان دەدات، کە لە کەشی سەرکوت و تۆقاندن، زمانی ئاشتیخوزانە، وەڵامدەر نییە، بەڵکوو شاعیرانی دیکەش ئەرکدار دەکات، کە هاوکات لەگەڵ شیعر، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی نەیار و نەجاتی نیشتمانەکەیان، ئەوانیش چەک هەڵبگرن و تفەنگ لە شان بکەن. لە بەشێک لە شیعرێکیدا، کە بۆ شاعیری کۆچکردووی گەورەی کورد ‹شێرکۆ بێکەش» نووسیویەتی، ڕوو لە شاعیرانی وڵاتەکەی دەکات و پێیان ئەیژێ

**« شاعیرانی وڵاتەکەم، پێتان دەڵێم**
**سەری شیعری بێ چەک دەبڕن**
**شیعری بێ خوێن**
**زەرد و بێ هێز و لاوازە**
**شیعرێ چیای تێدا نەبێ**
**زکی دەدڕن**
**پێتان دەلێم**
**بۆیە شیعرم خوێناوییە و**
**سوورە ڕەنگم**
**من شاعیری نیشتمانی خوێن و کوێستان و تفەنگم».**

نیشتمانپەروەریی خۆشەویستیی نیشتمان لە شیعرەکانی جەلال مەلەکشا، هەر هەمان ڕێچکەی خۆشەویستیی بۆ خاک و ئاوی زێدێکن، کە لە شیعرەکانی «هێمن و هەژار، لەتیف هەڵمەت،

عەبدوڵڵا پەشێو و شێرکۆ بێکەس» و دەیان شاعیری دیکە، تا دەگەنە شیعرەکانی ئەو، شۆڕ دەبنەوە.

جەلالی مەلەکشا، لەگەڵ دەرد و مەرگ و هەژاری و ڕۆژڕەشیی نەتەوەکەی نەتەنیا زۆر ئاشانەیە، بەڵکوو ئەو بۆ خۆی یەکێک لەو کەسانەیە، کە تا سەر ئێسقان، هەستی بە هەژاری، ڕۆژڕەشی و بێبەشیی نەتەوەکەی کردووە.

لە بەشێکی زۆر لە شیعرەکانی زۆر جار، چاومان بە مۆنۆلۆگێکی تاکە کەسیی دەکەوێت، واتا خۆی لەگەڵ خۆی دەدوێ، بەڵام لە ڕاستیدا، مەبەستی سەرەکی، گەلەکەیەتی، کە بۆ خۆی نموونەی زیندووی ئەو ڕاستییە تاڵەیە.

جەلال لەناو دڵی نیشتماندا ژیا و لەپێناوی ویست و داخوازییە ڕەواکانی نەتەوەکەی، لەڕێگەی هونەری دەربڕین و شیعرەوە جەنگا و لە ئاکامیشدا هەر بۆ ئەوان مرد. هەر بۆیە، لە کاتی مردن و بە خاکسپاردنی تەرمەکەیدا وەفاداریی خەڵکمان بە شاعیرە نەترسەکەیان بینی!

شیعرەکانی جەلال مەلەکشا، دەربڕی هەڵوێستەکانییەتی ئاوێنەی باڵانوێنی ڕاستیی تاڵی نەتەوەکەیەتی. لەکۆی شیعرەکانی مەلەکشادا، نیشتمان، خاک، تووڕەیی، کوێستان، چەک، ڕووبار، شمشاڵ، گوڵ و ... هتد، دیارترین سیمبۆل و توخم و ڕەگەزەکانی شیعریی ئەو پێک دێنن.

بێگومان، باسکردن و شرۆڤە و شیکاریی لەم ڕەهەندەی شیعری جەلال، زۆر زیاتر لەمە هەڵدەگرێ. ئەگەر هەڵسەنگاندنێکی زۆر خێرا و سەرپێیی لە نێوان شاعیرانی مێژووی شیعری بەرگریی لە جیهاندا بکەین، بە باوەڕەوە ئەوە دەڵێم، کە جەلال مەلەکشا، هیچی

لە شاعیرانی ئەو بوارەی وەک: «شئاندرۆپتۆڤی مەجارستانی، لۆرکای ئیسپانیایی، ڕامبۆ، مەحموود دەرویش، غەسان کەنەفانی « و زۆر شاعیری دیکە  ئەگەر زیاتر نەبێ، کەمتر نییە.

شیعری جەلال مەلەک شا فرەڕەهەند و زۆر چەشنە، هەر بۆیە بۆ  هەڵسەنگاندنی هەموو لایەنەکانی شیعری ئەم شاعیرە نیشتمانپەروەرە، پێویست بە لێکۆڵینەوەیەک چڕ و پڕی هەمەلایەنەی بە کۆمەڵ دەکات.

هێندێک وردە سەرنج:

ئەوەی کە دەڵێن جەلال مەلەکشا، شاعیری شیعری بەرگریی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، بە باوەڕی ئەز، ئەمە هەڵەیەکی زەق و بەرچاوە کە بە ئەنقەست، یان نەزانانە دەکرێت. چونکە ئەو هێڵکاری و سنووربەندییە لە خزمەتی بەرژەوەندیی نەتەوەییماندا نییە. ئێمە ناکرێ بڵێین « ئەحمەدی خانی، شاعیری باکوورە، حاجی قادری کۆیی، ئی باشوورە و جگەر خوێن تایبەتە بە ڕۆژئاوا». ئەم هێڵبەندییانە، ڕەنگە لە نێوان ڕێبەرانی سیاسیی کورددا، بەپێی لۆژیکی سیاسەتی ئەوان بگونجێندرێت، بەڵام بۆ شاعیرانی شۆڕشگێڕ و نەتەوەییمان، هەڵەیەکی مەترسیدار و کوشەندەیە!

لە پێوەندیی لەگەڵ زمانی شیعریی جەلال مەلەکشادا دەبێ بڵێم، شاعیر چونکە لەنێو کۆمەڵگەکەی خۆیدا ژیاوە، زۆر بە باشی ئەو کۆمەڵگەیە دەناسێت، هەم لە بواری دەروونییەوە و هەمیش لە بواری هزری و شێوەی بیرکردنەوەیان. لەوەش گرنگتر، شارەزایی لە زاراوە و بنزاراوە و زمانی کوردی بەگشتی، کە شاعیر زۆر بە باشی دەسەڵاتی بەسەر زمانی دایکیی خۆیدا

دەشکێ. هەر بۆیە ئەو لە هەمانکاتدا کە سادە دەنووسێ، بەڵام جۆرێک دەنووسێ، کە ناخی کۆمەڵگە دەهەژێنێ. ئەو بۆ سەرجەم چین و توێژ و پێکهاتەکانی نەتەوەکەی شیعر دەنووسێ. هەر بۆیە زۆر بە باشی پێشوازیی لە هەڵبەستەکانی دەکرێت. تۆخیی زمانی ڕەسەنی کوردی، لە هەموو دەقە شیعرییەکانی جەلال مەلەکشادا، وەک زولاڵیی ئاوی کانیی بەرمانگەشاوی کوێستانی کورد، ڕۆشن و دیار و خویایە.

زۆر گرنگە ئەوە بزانین کە سادە نووسی لە شیعردا، نەتەنیا هونەرێکی سادە و سانا نییە، بەڵکوو زۆر دژوار و چەتوونە! چونکە شیعری جەلال، چەندە بە زمانێکی سادە نووسراوە، بەڵام هەڵگری نێوەڕۆکێکی زۆر بەهێز و دەوڵەمەندیشە و پەیامێکی بەرز و ئینسانییە.

هیوادارم، لێکۆڵەران و پسپۆڕانی بواری وێژە و ئەدەبی کوردی و بەتایبەت، شارەزایەنی بواری هونەری شیعر، لە داهاتوودا بتوانن هەڵسەنگاندنێکی زۆر وردبینانە و هەمەلایەنانە بۆ شیعرەکانی شاعیری شۆڕشگێر و نیشتمانپەرەوەری کورد، مامۆستا جەلال مەلەکشا بکەن.

لە یادی چلەی کۆچی جەلال مەلەکشا، گەورە شاعیری کورد، سەری ڕێز و کڕنۆش لە بەرامبەر پەیکەرەکەیدا دادەنوێنم. گەرچی مامۆستا جەلال مەلەکشا ئێستا ئیدی بە لەش و جەستە لەنێوماندا نییە، بەڵام ڕۆحی ئەو شاعیرە شۆڕشگێڕ و چاونەترسە، لە لووتکەی هەرمانی مێژووی شیعر و ئەدەبی کوردیدا بۆ تا هەتایە هەر زیندوویە.

# پێگەی ئەدەبی، سیاسی و کۆمەڵایەتیی مامۆستا جەلال مەلەکشا

جەماڵ نەجاری

جەلال مەلەکشا، یەکێکە لە شاعێرانی نەوەی دووەمی شێعری نوێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە بە ئاوڕدانەوە لە بەرهەمی شاعێرانی پێش خۆی لە نەوەی یەکەمدا لە نوێکردنەوەی شێعری کوردیدا ڕۆڵی کاریگەری گێڕاوە و شێعرەکانی لە کۆمەڵگەدا زۆر خێرا جێ بۆ خۆیان دەکەنەوە و دەناسێندرێن.

جەلال مەلەکشا، هەم لە شێعری فارسی و هەم لە شێعری کوردیدا ڕەچەشکێن و نوێخواز بووە. شێعرەکانی تا ئێستا بۆ زمانەکانی فارسی، ئینگلیزی، سوئێدی و عەرەبی وەرگێڕدراون.

لە مێژووی ئەدەبیاتی هاوچەرخی گەلەکەماندا سەدان نووسەر لە ژانرە جۆربەجۆرەکاندا سەرقاڵی نووسینی بەرهەمی ئەدەبین، بەڵام لەناو ئەو سەدان نووسەرەدا تاکوتەرا هەڵدەکەوێ، بەرهەمی نووسەرێک ڕۆ بچێتە ناو کۆمەڵگە و باس لە خەم و ژانەکانی گەل و ئێش و ئازارەکانی بێ وڵاتی و بێ نیشتمانی و دیوە شاراوەکانی سیاسەت بکات.

جەلال مەلەکشا لەو دەگمەن نووسەرانەیە کە بەرهەمەکانی لەناو خەڵکدا دەست بە دەست بڵاو کراوەتەوە و هەڵگری پەیامی خۆی بووە، وەک شاعێرێکی بە هەڵوێست، نەیتوانیوە لە ئاست ئەو زوڵمەی کە دەرحەق بە گەلەکەی کراوە بێدەنگ بێت، بە زمانێکی سادە سنوورە دەسکردەکان دەبەزێنی و سنە و سلێمانی پێکەوە گرێ دەدات.

**«ئاخۆ دەبێ**
**ئەو رۆژە بێ**
**کاوەی کوڕم**

**جانتای سەفەر کاتە شانی**
**دەڵاڵانی بەر گاراژی**
**شاری سنە هاوار بکەن:**
**سلێمانی ... سلێمانی!»**

بەرهەمەکانی مەلەکشا بەرلەوەی بگەنە چاپ، یان بە دەنگ و ڕەنگ تۆمار بکرێن بە دەستنووس و لەسەر لاپەڕە بڵاو دەبنەوە، قەڵەمی جەلال قەڵەمێکی بوێرە و دەیەوێ خەمەکانی وڵاتێکی دابەشبوو بنووسێتەوە. بەرهەمەکانی ناو کتێبی (زڕەی زنجیری وشە دیلەکان) لە ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان دەنووسێتەوە. ئەو لە شێعردا دەبێتە دەنگی نەتەوەیەکی کپکراو، دەبێتە زمانی ڕەسای گەل و داوای ئازادی دەکات.

**« من بە ئاوی ساردی کانیاوەکانی کوردستان**
**دەستنوێژ ئەگرم**
**لەسەر جانمازی پەڕەی گوڵ**
**قامەتی نوێژم دەبەستم**
**لەسەر بەردەنوێژی کوێستان**
**لەسەر شەڵاڵەی بەرماڵی خوێنی شەهید**
**سوژدە دەبەم بۆ نیشتمان**
**بۆ ناوی بەرزی ئازادی**
**بۆ ئاوادانی نیشتمان،**
**بۆ پێغەمبەرانی تێکۆشان**
**بۆ کوردستان»**

بەرلەوەی ئێمە جەلال مەلەکشا وەک نووسەر و شاعیرێک بناسین دەبێ ئاوڕ لە ژیان و بەسەرهاتی لە ڕابردوو بدەینەوە. لە دەیەکانی چل و پەنجای هەتاویدا واتە بەرلە شۆرشی گەلانی ئێران، جەلال مەلەکشا تێکەڵ بە کاروباری سیاسی دەبێ و بەهۆی دژایەتیی رژیمی پاشایەتی دەخرێتە زیندانەوە. لەم قۆناغەدا ئێمە لەگەڵ چالاک و تێکۆشەرێکی سیاسی ئاشنا دەبین کە تا ئەو سەردەمە نووسینەکانی بە زمانی فارسی بڵاو دەکردەوە. وەک خۆی لە گرتەیەکی ڤیدیۆییدا دەڵێ: لە زیندانەوە دەستم بە نووسینی شێعر و بەرهەم بە زمانی کوردی کرد و شۆڕشی ئەدەبیی دژ بە رژیمی داگیرکەر لە بەندیخانەوە دەست پێ دەکات، شۆڕشێکی بێ وەستان کە تا دواساتەکانی ژیانی کە بۆ کورد و کوردستانی نووسی.

«شێعر و نووسراوەکانی مەلەکشا لە سەردەمی حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران سانسۆر کراون یان ڕێگرییان لێکراوە بڵاو ببنەوە. لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران و هاتە سەرکاری رژیمی ئاخوندی، دیسان جەلال مەلەکشا بەهۆی بەردەوامیی خەبات و تێکۆشان دەخرێتە بەندیخانە و ئەمجارە بەرهەمەکانی لە زینداندا دەنووسێ و دەگاتە خەڵک و منداڵ و گەنج و پیر شێعرەکانی لەبەر دەکەن و دەیڵێنەوە.

لە دوای ئازادی لە زیندان و چوونی بۆ ورمێ و کارکردنی لە گۆڤاری ئەدەبیی سروە ئێمە لەگەڵ نووسەرێکی بیرمەند ئاشنا دەبین کە لەو قۆناغەشدا بیر و هزری لای گەلەکەیەتی و لە ماوەی ئەو پازدە ساڵەی کە لە سروە شانبەشانی هاوکارەکانی کاری کردووە بەردەوام دەبێ لە نووسینی شێعر و بابەتی

نیشتمانی. ناوبانگی جەلال مەلەکشا دەگاتە باشووری کوردستان و شێعرەکانی لە شار و گوندەکانی باشووریش دەست بە دەست بڵاو دەبیتەوە.

ناوی جەلال مەلەکشا لە ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان بە ڕێزەوە دیتە ناو کۆڕ و کۆبوونەوە ئەدەبییەکان و وەک شاعێر و چیرۆکنووسێک باسی لێوە دەکەن کە قەڵەمەکەی باس لە خەم و ئێش و ئازارەکانی گەرمیان و کوێستان دەکات.

ئەو لە ئاست کۆمەڵکوژی خەڵکی هەڵەبجە و ژینۆسایدی ئەنفال بێدەنگ نابێ و بە شێعر هاواری نەتەویەکی بێ زمان دەخاتە سەر لاپەڕە و لەڕێگەی ئەدەبیاتەوە مێژووی پڕ لە کارەساتی گەلەکەی دەنووسێتەوە.

**«هەڤاڵەکان!**

**ڕاستە بەهار جوان و شەنگە، نەورۆز جێژنێکی تایبەتی گەلی کوردە،**

**لێم ببورن**

**پیرۆزباییتان لێ ناکەم**

**چۆن ناوێرم.**

**بەڵام کارتە پۆستاڵێکی هەڵەبجەتان بۆ دەنێرم.»**

لە پاش ڕاپەڕینی خەڵکی باشووری کوردستان، جەلال مەلەکشا چەندین جار سەردانی ئەم بەشەی کوردستانی کردووە و لەلایەن نووسەران و ئەدیبانی باشوور بە گەرمی پێشوازیی لێ کراوە.

بەبێ جیاوازی سەردانی حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانی

کردووە و لەلایەن ئەوانیشەوە بە حورمەتەوە ڕێزی لێ گیراوە. ئەو بە شێعرەکانی سەڵماندی کە بۆ گەل و نیشتمانەکەی دەنووسێ و سیاسییەکان بە چاوی شاعێرێکی نەتەوەیی لێی دەڕوانن و لە پاش مەرگیشی بە ڕاگەیەندراو باسی کەسایەتی و ڕۆڵی ئەو نووسەرەیان کرد. لە خوارەوە ئاماژە بە چەند نموونەیەک دەکەم:

کاک مەسعود بارزانی، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان دەڵێت: «جەلالی مەلەکشا نووسەر و شاعێرێکی نیشتیمانپەروەر بوو کە جێی دەستی لە بەرەوپێشبردنی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردستان دیارە.»

«ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران» بە بۆنەی کۆچی دوایی مامۆستا «جەلال مەلەکشا» پەیامێکیان بڵاو کردەوە. کە بەمجۆرە باسی کەسایەتی و ڕۆڵی ئەو نووسەرەیان کردووە:

کاک «جەلالی مەلەکشا» کە هەر لە سەردەمی پاشایەتی بەهۆی بیری ئازادیخوازی ماوەیەک لە زیندان کرابوو، لە سەردەمی ڕاپەڕین و پاش هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامیش بە شێعری شۆڕشگێڕانە و حەماسی بۆ خۆڕاگری خەڵکی کوردستان بەرامبەر بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ناو و ناوبانگی دەرکرد و شێعرەکانی بۆ خەبات و بۆ پێشمەرگە وێردی زمانی خەڵک بوو. «جەلالی مەلەکشا» بەهۆی شارەزایی لە ئەدەبیاتی کوردی و فارسیدا ئەندامی کانوونی نوسەرانی ئێران بوو. ئەو کە تەواوی تەمەنی لەژێر گوشارەکانی ڕێژیم و لە دۆخێکی سەختدا تێپەڕ کرد، بەڵام قەت وورەی بەرنەدا و بەهۆی ئازادیخوازی و نوسینەکانییەوە خۆشەویستی هەموو خەڵکی کوردستان بوو».

کاک مستەفا هیجری لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە کۆچی دوایی مامۆستا جەلال ڕای گەیاند: «جەلال مەلەکشا، شێعری کردبوو بە سەنگەری نیشتمان و وشەی کردبوو بە چەک بۆ دژایەتیی دوژمنان و بە حەق نەتەوەکەی خۆشیان دەویست و بۆ مەرگی داخدارن».

کاک خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەمجۆرە باسی جەلال مەلەکشای کردووە:

«جەلال مەلەکشا قەڵەمەیکی بوێر، نووسەرێکی دەروەست و کەسایەتییەکی شوێندانەر لەسەر بیری نەتەوەیی و نیشتمان‌دۆستی بوو. کاک جەلال مەلەکشا بە هەڵوێستی جوامێرانەی و بە شێعر و ئەدەبی بەرگری خاوەندارەتی لە وێژە و بیری کوردایەتی کرد، سەربەستیی کورد و ڕزگاریی نەتەوەیی بۆ ئەو تەنیا خەونێکی شاعێرانە نەبوو، بەڵکوو باوەڕێکی مرۆیی بوو کە ئەگەرچی لەپێناو وەدیهێنانیدا زۆری ئازار چێشت؛ بەڵام ئەوی لە دڵی خەڵکەکەیدا هەرمان و هەمیشەیی کرد. بێگومان کەسایەتییەکی وەک جەلال مەلەکشا کە لە هەر بارودۆخ و هەلومەرجێکدا لەگەڵ خەڵکەکەی مایەوە و پەیڤەکانی چەک و، قەڵەم و شێعرەکانی سەنگەری بەرگری لە خاک و نیشتمان و بەها نەتەوەییەکان بوو؛ نەمرە. بۆیە مەلەکشا لە دڵی خەڵکەکەیدا و لە باوەڕی ئەواندا زیندووە».

کاک عومەر ئیلخانی‌زادە سکرتێری گشتیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان بۆ مەرگی جەلال مەلەکشا نووسی:

«بڕوانن بە ڕوخساریدا ڕەنج، دەرد، ئاوارەیی، سادەیی و سەمیمیەت، پڕاوپڕ دەبینن. جەلالی مەلەکشا هەستناسک،

کوردستان خۆشەویست، شارەزای ئەدەبی کوردی و فارسی، بڕوامەند بە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و زۆریش بە هیمەت بوو. ئەو لە یەکەم ڕۆژەکانی بزووتنەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئاواڵدوانەبوونی هونەری لەگەڵ پێشمەرگە لە شێعرەکەی بە فارسی هاوار کرد: «ای رفیق پیشمرگ تو با تفنگت و من با قلمم...». کاک جەلال بە هەموو ژان و دەردی خۆیەوە، ددانی لەسەر جەرگی دانا و تەنیا بۆ دەردی گەل و نیشتمان چڕی و هاواری کرد.

مەرگی مامۆستا جەلال دەبێ ببێتە هۆی شۆکێکی جیدیی ویژدانی کۆمەڵگەی ئێمە کە کەم خزمەتی کرا و بەپێی پێویست ڕێزی لێ نەگیرا. دەزانم ئەوە دەردی هونەرمەندی نەتەوەی ژێردەستە و بێ دەوڵەتە، بەڵام ناکرێ چاو لە کەم بایەخ بوونی هونەر و هونەرمەند لە ناوماندا بپۆشین.»

جەلال مەلەکشا شاعێرێکی دەرەوەست و نەتەوەییە، قەڵەمی ئەو تەنیا بۆ خزمەتی گەل و نیشتمانەکەی دەینووسی. ئەو هێندە بە خەمی نیشتمانەکەیەوە سەرقاڵ بوو کە زۆر جار خەمەکانی خۆی لە بیر دەچۆوە.

هەمووان ئەو بە شاعێرێکی گەل و نیشتمان دەیناسن، دەتوانین ڕەگ و ریشەکانی ئەو نەتەوەیی بوونە لە ناو شێعرەکانی دا بدۆزینەوە.

مەلەکشا لە زەمەنی کۆرۆنادا ماڵاوایی لە ژیان و نووسین کرد، بەڵام پێگە ئەدەبی و کۆمەڵایەتییەکەی ئەم شاعێرە مەزنە وای کرد کە لەناو ئاپۆرای جەماوەردا بەرەو دوا مەنزڵگە بەڕێ بکرێ و بەم چەشنە ناو و یادی بۆ هەمیشە بە زیندووەیی بمێنێتەوە.

# شاعێرێك كە قەت دوژمن نەیتوانی نەخشەی نیشتمان لە مێشكی بسڕێتەوە

جەماڵ فەتحی (كۆچەر)

لە ئەدەبیاتدا ڕێبازێک بە ناوی پارناس هەیە کە سەرچاوەکەی بۆ بیرۆکەکانی «ویکتۆر هۆگۆ» دەگەڕێتە و شوێنکەوتوانی ئەم ڕێبازە لەو باوەڕەدان کە هونەر تەنیا بۆ هونەرە، واتە نابێت هونەر و لەوانە شێعر بخرێتە خزمەت ڕەهەندەکانی دیکە وەکوو؛ ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانەوە، چونکە لەو باوەڕەدان کە شێعر و هونەر بەس بۆ جوانی دەبێت بخولقێن و بەرگەی ئەو هەمووە ئەرک و قورساییە ناگرن.

ئەم ڕوانگەی کە لە ساڵەکانی ١٨٣٠ی زایینی بەملاوە لەڕێگەی قوتابییەکانی «ویکتۆر هۆگۆو»ەوە پەرەی سەند، هاوکات بوو لەگەڵ سەرهەڵدانی مامۆستا نالیی کورد، نالییەک کە بەبێ ئەوەی زانیارییەکی لەسەر ئەم ڕێبازە ئەدەبییە بێت کە لە فەرانسە سەری هەڵدابوو، شێعرەکانی تەنیا بۆ هونەر و جوانی بوون و بەس، واتە خواوەندی جوانی بەر لەوەی لە وڵاتانی دیکە ڕەحمەتی خۆی بەسەریان ببارێنێت، گەلێک ساڵ تێکەڵ بە سروشت و دار و بەردی کوردستان بووە و بووەتە بەشێک لە ناسنامە و شوناسی ئەم وڵاتە، وڵاتێک کە نەیاران و دوژمنانی بە هەموو شێوەیەک هەوڵی شێواندنی ئەو جوانییەیان داوە کە پێی بەخشراوە، بەڵام چون ئەو جوانییە تێکەڵ بە خوێن و دەمارەکانی بووە سەرەڕای هەموو تەقالاکانی دوژمنانی هەر جارەوە لە قەڵەم و هزری شاعیرێک و دەنگی ڕەسەن و ئاورێشمینی گۆرانیبێژێک، هۆرەچڕێک، یان حەیرانبێژێک و سیاچەمانەچڕێکدا خۆی نواندووە.

خواوەندی جوانی کە لە کوردستان کۆشکی خۆی بنیات ناوە هەر سەردەمێک و هەر قۆناغێک سروشتی خۆی لە ناخی کەسێک خزاندووە، بۆیە هیچ کات ئەم وڵاتەی کە لە چوار لاوە گەمارۆ

دراوه بەبێ شاعیری ناسکبێژی بیرتیژی ڕەوانبێژی لێ نەبڕاوە، ئەگەر بابا سەرهەنگی دەودانی و پیر شالیاری هەورامان و بابا تاهیر عوریان دەڕۆن و بۆ ماوەیەک گۆڕەپانی ئەدەبیات بێدەنگ دەبێت، بەڵام پاش سەدان ساڵ ئەحمەد خانی، فەقی تەیران، نالی، مەولەوی، مەحوی و دواتر هێمن و هەژار و هێدی سەر هەڵ دەدەن و ناهێڵن خواوەندی جوانی لەم وڵاتە خەمبار بێت و بێهیوایی باڵ بەسەر ئەدەبیاتی کورددا بکێشێت.

ئەوەی کە بەردەوام گۆڕەپانی ئەدەبی کوردی خاوەن کەسایەتی و نوێنەری تایبەت بە سەردەمەکان بووە، جیا لەوەی کە سروشتی دڵڕفێنی کوردستان بیانوو و هۆکارێک بووە بۆ درکاندن و نواندنی هەست و ناخی شاعیران و هونەرمەندان، بابەتێکی دیکە لە پشت ئەم سەرهەڵدانانە هەبووە کە دەبێت لە جۆری عەقڵیەت و هەست و ئیرادەی نەتەوەییدا بە دوای هۆکارەکانیدا بگەڕێن، واتە چارەنووس و ئەو دۆخەی کە کوردی تێدا بووە، هاندەر و پاڵنەرێک بووە بۆ ئەوەی کە لە قۆناغە جیاجیاکاندا کەسانێک لە تۆرەمەی بابا سەرهەنگی دەودانی شێعر و هونەر بکەنە ئامراز و چەکێک بۆ داکۆکیکردن لە شوناس و ناسنامەی نەتەوەکەی کەڵک وەر بگرێت.

یەک لەو شاعێرانەی وشەدانی شێعری پڕ بوو لە وشە جوان و ڕازاوەکانە و قەت بۆ ڕازاندنەوە و جوان نەخشاندنی شێعر و دێڕ دەستەوەستان نەدەبوو، «جەلال مەلەکشا» بوو کە هەناسەیەکی خواوەندی جوانیی لە کاتی هەڵمژین هەوای کوێستان و شاخی سەرکەشی ئاویەر تێکەڵ بە هەناسە و خوێنی ببوو و لە کاتی لەگەڵ قەڵەمەکەی خەڵوەتی دەکرد و پێکەوە دەکەوتنە ڕا و

تەکبیر، هێندە لە ڕازاندنەوەی تابلۆی جوانی شێعر دەسرەنگین بوو، هێندێک جار خوای جوانی و پارناس لە یوونانی کۆن هاواری لێ هەڵدەستێت و ئێرەیی پێ دەبات.

ئەم شاعێرە ناسکوێژە بیرتیژە ڕەوانبێژەش وەکوو هەموو شاعێرێکی ئەم گۆی زەوییە پێی خۆش بوو لە جیاتی قامەتی چەک، وشە جوانەکانی لە تابلۆی باڵا و بەژنی یاردا بڕازێنێت، بەڵام مخابن ئەوەی ئەم ئاواتەی لێ بقە کرد شاعێریی لە وڵاتێکدایە کە چوارپەلی بەستراوەتەوە و ناهێڵن هەناسەیەکی خۆشی وەبەردا بێت، بۆیە شاعێری ناسکخەیاڵ لە جیاتی ئەوەی ناوی دیوانە شێعرەکەی بکاتە خرینگەی وشە جوانە، دەیکاتە «زرەی زنجیری وشە دیلەکان»، پەرتووکێک کە باسی دیلی و بەندبوونی نەتەوەیەک دەکات کە هەزاران ساڵە لە ژیان و خۆشی دابڕاوە و لە ماڵی خۆیدا بووەتە بێگانە و بێگانە خاوەن ماڵە.

ڕەنگە لەنێو کورددا زۆربەی ئەو شاعێرانەی کە قەڵەمەکەیان لە خزمەت نەتەوەکەیاندا بووە، چەرمەسەری و کوێرەوەریی زۆریان دیبێت، بەڵام ئەگەر بڵێین کەسێک وەکوو «جەلال مەلەکشا» لەو دەگمەن شاعێرانەیە کە هەموو تەمەنی لە کوێرەوەریدا بۆ نەتەوەکەی دایە سەر و قەت بۆ جارێکیش قەڵەمەکەی لە هەمبەر دوژمناندا سەری نەوی نەکرد و ملکەچی ویستەکانیان نەبوو، ئەم ملکەچنەبوون و خۆڕاگرییە هێندە لە دڵی داگیرکەر گران بوو، ئەم شاعێرەی بۆ ماوەی ١٤ ساڵ ناوەناوە لە بەندیخانەکانی خۆی ڕاگرتووە کە نموونەی لەم چەشنە دەکرێت ئاماژە بۆ «مەسعوودی سەعدی سەلمان» لە شاعێرانی فارس بکەین کە لە سەردەمی غەزنەوییەکان، واتە لە نیوەی دووەمی سەدەی پێنجەمی کۆچی مانگی ژیاوە.

ئەگەرچی «مەسعوودی سەعدی سەلمان»یش یەکێک لەو شاعێرانەیە کە ماوەی ١٨ ساڵ لە تەمەنی لە بەندیخانە بردووەتە سەر و بەشێک لەو شێعرانەی کە لە بەندیخانەدا گوتوونی، ناوی «زندان نامە»ی لەسەر ناون، بەڵام گەلێک قەسیدە و غەزەلیشی هەیە کە لە پەسن و وەسفی پاشاکانی غەزنەویدا بوون و تەنانەت بەندیخانەکەی بەهۆی ئازادیخوازی و کردەوەیەکی شۆڕشگێڕانە نەبووە، بەڵکوو بەهۆی پیلانگێڕی و هاوکاریی لەگەڵ مەسعوودی کوڕی ئیبراهیم پاشای غەزنەوییەکان بە دژی پاشا بووە و لە لایەن ئیبراهیمەوە گیراوە و ماوەی ١٨ ساڵ لە تەمەنی لە بەندیخانەکانی (نای، دێهەک، سوو و مەرەنجاب) تێپەڕاند، بەڵام «جەلال مەلەکشا» بەهۆی خەبات و داکۆکیی لە مافە ڕەواکانی نەتەوەکەی ١٤ ساڵ لە تەمەنی لە بەندیخانەکانی داگیرکاران داوەتە سەر، بۆیە کوالیتی و هۆکارەکانیان پێکەوە جیاوازە و یەکیان قوربانی ملکەجی و پیلانێکی نێوخۆیی بووە و یەکیان لەپێناو ئامانجە بەرزەکانی نەتەوەکەی بەشێک لە تەمەنی لە بەندیخانەکاندا بووە.

جەلالی مەلەکشا سەرەڕای ئەوەی هەمیشە پێناسەیەکی شاعێری نیشتمانی و نەتەوەیی بۆ خۆی مسۆگەر کردووە، بەڵام تەنانەت لە شێعرێکیشدا نەبووە کە بە زمانێکی منەتەوە باسی خەڵک و نەتەوەکەی بکات، بەڵکوو شێعرەکانی وەکوو قەڵغانێک داکۆکیی لە شوناس و بوونی کورد و کوردستان کردووە، کوردستانێک کە لە شێعرەکانی جەلالدا پێناسەیەکی نوێ هەبوو و ئەو کوردستانەی نەبوو کە لە دنیای سیاسەتدا پێناسەی بۆ کراوە، بەڵکوو کوردستانی نێو شێعرەکانی جەلال لە نێوان چوار وڵاتدا

شێواوە و چوارمێخەی کێشراوە، بەڵام «جەلال»ی دڵپڕ لە ئەوینی کوردستان و یاخی لە هەموو یاسا و سنوورە دەستکردەکان لە شێعری «ئاواتێک» ئاخۆ دەخوازێت کە کەی کاوەی کوڕی بەبێ لەمپەری داگیرکەران بەرەو سلێمانی سەفەر بکات، لەم شێعرە سنە و سلێمانی کە نوێنەرایەتیی دوو پارچە لە کوردستانی دابەشکراو دەکەن هێمای شارستانییەت و بەرخۆدانێکن کە سەرەتا و کۆتایی سەفەری لاوێکی سەربەست و بەختیاری نێو خەون و ئاواتەکانی شاعێرە، شاعێرێک کە قەت لەپێناو ئاسایشی گیان و ماڵی ئامادە نەبوو خەون و ئاواتە پیرۆزەکان وەلا بنێت و بۆ چرکەساتێکیش لە یادی سەربەستی و ڕزگاریی نیشتمانەکەی خەمسارد نەبوو، بەڵکوو خەمساردییەکانی تەنیا لە بەرانبەر وادە و بەڵێنییەکانی دوژمن بوو.

# جەلالی مەلەكشا شاعیرێكی چەوساوەی نەحەساوە

جەواد حەیدەری

نیچه دەڵێت: «ئـەوەی کـە ژیـان خـۆش دەکـات چۆنێتیی مامەڵەکردنە لەگەڵ دەرد و ئازارەکان.»

پێموایە لەناو شاعیرانی کورد و بەتایبەتی مامۆستا هێمن موکریانی و شێرکۆ بێکەس و جەلالی مەلەکشا باش لەگەڵ ئازارەکان مامەڵەیان کردووە و ئەمەش بە مانای ئەوە نییە کە شاعیرانی دیکەی کورد نەیانکردبێت.

دەبێ دۆخی شاعیرێک چۆن بێت لە وڵاتێک کە لە ئاسمانەکەیەوە لەعنەت و رقی خوا بباری و لە زەوییەکەی دووپشک و مار هەڵقوڵێ؟. دەبێ ژیانی شاعیری چۆن بێ لە وڵاتێ کە هیچ کەسێ لە زمانی تێنەگا؟. دەبێ سەبر و تاقەتی شاعیرێ تا چەند بێ کە چەندین ساڵ تەرمی خۆی بدات بە کۆڵی خۆیدا و بۆ بستێک خاک بگەڕێ کە جەستەی پڕ لە ئازاری خۆی تێدا بنێژێت. دەبێ ژیانی شاعیرێ، یان مرۆڤێ چۆن بێ کە ڕۆژێ هەزار کەڕەت دەمرێ و زیندوو دەبێتەوە. جەلالی مەلەکشا وا بوو و وا ژیا و واش مرد. دەزانی چۆن لەگەڵ ئازارەکان هەڵبکات و خۆی بگونجێنێت. جەلالی مەلەکشا لە زمانی خۆیەوە باسی نەهامەتی و ئازارەکانی گەلەکەی دەکات بەبێ ئەوەی پێناسەی وشەکانمان بۆ بکات، بەڵکوو هەستی پێ دەکات و دەیخاتە سەر کاغەز. ئازاری جەلال ئازارێکی ئاسایی و کاتی نییە، ئازاری هەزاران ساڵی ئەو گەلە نەحەساوەیەیە کە هەمیشە چەوسێندراوەتەوە. بێ وڵاتی دەردێکی کوشندەیە بۆ هەموو تاکێکی کورد، جەلال زۆر بە قووڵی هەستی بەو ئازارە کردووە و لە شیعرێکدا دەڵێت:

**چڵ ساڵە من**
**تەرمی خۆمم لە کۆڵ ناوە**
**دەیگێڕم و ئەشک دەڕێژم**

**ڕێگەی دووری تەمەن ئەبڕم**
**بستێ خاکم دەست ناکەوێ**
**ئەم جەستە پڕ لە ئازارەی**
**تیا بنێژم! ل ٣١**

کورد و کوردستان خەمێکی دیکەی جەلالە، باس لەوە دەکات مێژووش نەیتوانیوە ئەو دوو وشەیە لە دڵ و دەروونی ئەودا بسڕێتەوە، هەر وەک خۆی لە شیعری « وشەی پیرۆز»دا دەڵێت:

**مێژوو دەڵێ**
**سەدان کەڕەت**
**گۆڕەپانی منیان کردە جەهەندەم و**
**وڵاتێکیان تیا هەڵقرچان!**
**بەڵام هەرگیز نەیانتوانی**
**دوو دیاردە**
**لەسەر سینگم بسڕنەوە**
**یەکیان کورد و**
**ئەوی تریان**
**وشەی پیرۆزی کوردستان!**

جەلال باس لەوە دەکات کە دەردی ئەو لەگەڵ دەردی ئەوانی دیکە (داگیرکەران) جیاوازە، دەردی ئەو دەردی مرۆڤە، بەڵام دەردی داگیرکەران دەردی گونیانە. لە شیعرێکدا دەڵێت:
**حەیام دەچێ بتاندوێنم**
**چیتان دەوێ؟**
**بۆ چی هێندە ڕۆحی ماندووم ئازار ئەدەن؟**

**نیگایەکی ڕۆحی پیسی خۆتان بکەن**
**دەردی من و دەردی ئێوە جیاوازە،**
**شەرافەتی دەردی خۆم**
**بەگشت ژین و ماڵ و حاڵتان ناگۆڕمەوە**
**دەردی من، دەردی ئینسانە**
**دەردی ئێوەش زۆر گەورەیە**
**بەڵام هەتا لای گونتانە!** ل ١٠١

جەلال بە کوێرای چاوی نەیاران خۆی بە گوڵێک دەزانێ کە لە شۆڕەکات سەوز بووە و وەک ئەوان دڕک و ڕق و کینە نییە، لە شیعرێکدا دەڵێت:

**من گوڵێکم**
**بتانەوێ و نەتانەوێ**
**لەم شۆڕەکاتە ڕواوم**
**ئێوەی دڕکیش ڕق و کێنەی هەموو دنیا کۆکەنەوە**
**دڵنیا بن دەستان ناگا**
**بە ترۆپکی بەرزی ناوم**
**ئێوە چین بتاندوێنم**
**من شاعیری دڵی خۆمم**
**من هەر ئاواز بۆ خۆم و بۆ دڵدارەکەی خۆم دەخوێنم.** ل ١٠١

جەلالی مەلەکشا هەرچەند بە جەستە لەڕ و لاواز بوو، بەڵام ئیرادەیەکی بەهێزی هەبوو. هەرچەند گیرفانی بەتاڵ بوو، بەڵام دڵی پڕ بوو لە خۆشەویستیی نیشتمان و گەلەکەی. هەرچەند نە لە زەمانی شا و نە لەسەردەمی دەسەڵاتداری حکوومەتی ئیسلامیدا

قەت نەحەسایەوە و هەمیشە لەژێر گوشاردا بوو، بەڵام هەمیشە ورەی بە قەت کێوی ئاویەر بەرز بوو و قەڵەمەکەی کڕنۆشی بۆ کەس نەبرد. هەروەک خۆی دەڵێت:

**قەڵەمەکەم**
**لە بەرامبەر چی سوڵتان و فەرمانڕەوا و داگیرکەرە**
**کڕنۆش نابات!**

جەلالی مەلەکشا هەرگیز گلەیی و گازەندەی نە لە ژیانی خۆی کرد و نە لە گەلەکەی، لە شادییاندا شادی دەربڕیوە و هەمیشە لەگەڵیان یەکڕەنگ بووە، هەرچەند تورەش بووە، بەڵام قەت پشتی لە گەلەکەی نەکردووە، هەروەک خۆی لە شیعری « گازەندە» دا دەڵێت:

**لێتان توورەم**
**لەگەڵتانا**
**یەکڕەنگ ژیام**
**بە شادیتان شاد ئەبووم و**
**لە ماتەمتانا ئەگریام!**
**بەڵام کاتێ قوڵپەی گریان**
**ئەوکی هەنسکی پێگرتم**
**ئێوە کردتان بە شایلۆغان**
**ئێستاش دڵە ساکارەکەم نەگۆڕاوە!**
**هەروەک دڵەکەی جارانە**
**هەرچەند تورەم**
**پڕ لە خۆشەویستیتانە!** ل ٦٧

یەکێک لەو شتانەی کە مرۆڤ لە باقی گیانلەبەرەکانی دیکە جیا دەکاتەوە، دەرد و ئازارە، ئەو دەرد و ئازارەی کە هاوکات لەگەڵ مەعریفە و وشیاری و ئاگاییدا بێ. جەلالی مەلەکشا هەڵگری دوو جۆر ئازارە، ئازارێکی خۆویست و ئازارێکی داسەپاو. ئازاری داسەپاو ئەو ئازارەیە کە دەسەڵاتەکان (چ لە سەردەمی شا و چ لە سەردەمی کۆماری ئیسلامی) بەسەریان هێناوە، گرتن و زیندان و لێدان و بێبەشکردنی لە زۆر مافی سەرەتایی نموویەکە لە ئازارە داسەپاوەکان، هەرچەند جەلالی مەلەکشا بە تاک باسی دەکات، بەڵام بەگشتی بۆ هەموو نەتەوەیەتی. خۆی دەڵێ: نازانم چۆن زیندوو ماوم، لە شیعرێکدا دەڵێت:

**زیندان نییە لەم وڵاتە**
**بە یادگار ناوی منی لەسەر دیواری نەنووسرابێ.** ل ١٧٩

**نیشتمان و تەنیایی و مردن و سنوور لە هەرە خەم و ئازارەکانی ئەو شاعیرەیە.**

ئەو ئامادە نییە بە هیچ شێوەیەک کوێلە بێ و سەر بۆ دوژمن دابخات و بە شەرمی دەزانێت کە لەگەڵیان بدوێت و دوژمن بە بچووک دەزانێ هەتا قسەیان لەگەڵ بکات. ورەی هێندە بەرزە بە قەت کێوی ئاویەر و خۆی بە دارێکی باڵابەرز دەزانێ کە دارکونکەرەش ناتوانێ سەری پێ نەوی بکات خۆی لە شیعری گازندەی دوودا دەڵێت:

**ئێوە چین من بتاندوێنم**
**هێندە بچووکن**
**تەنانەت بە مێروولەتان ناشوبهێنم**

من شاعیری دڵی خۆمم
چیتان دەوێ بەرماوخۆران
بۆ چەقۆتان هەڵگرتووە،
سینگی شیعرەکانم بدڕن.
ئێوە چین بتاندوێنم
من دارێکی باڵا بەرزم
گەرچی تووشی مەرگەساتی وەرزی ڕەشم
بەڵام هەرگیز
سەرم بۆ چی دارکونکەری دنیا هەیە دانانەوێنم!
وەکوو تانە کەوتوومە سەر گلێنەی چاوتان
هاتوچۆم وەک خەنجەرێکە
ڕۆ دەچێتە نێو دەروون و قووڵایی هەست و هەناوتان
ئێوە چقڵن
سیلەی ڕێگەی جێژوان ئەگرن
ئێوە بەکری مەرگەوەڕن
هەست و ڕۆحی ئەوینداران بریندار ئەکەن!
حەیام دەچێ بتاندوێنم
تەماشا کەن
وێڕای دەیان جار کەوتن و هەستانەوە
من هەر خۆمم
وەک جارانی خۆم ئەنوێنم
ئێوەش هەر خۆتان ئاسایی
وەکوو کرم، بێ دەست و پا
ژلێوەتان دێ بە ناو یەکا
بەرەو لووتکە تف ئەکەن و جنێو ئەدەن.

شک و گومان لەوەدا نییە ئەگەر سوارەی ئیلخانیزادە و عەلی حەسەنیانی (هاوار) و فاتیحی شێخولئیسلامی (چاوە) قۆناغی یەکەمی نوێی شیعری کوردی لە ڕۆهەڵاتی کوردستان بن، بە دڵنیاییەوە جەلالی مەلەکشا نەوەی دووەمە کە توانیویەتی جێ پەنجەی تۆوی لەناو شیعر و ئەدەبی کوردستان دەربخات.

ئەوەش ماوە بڵێم کە جەلالی مەلەکشا هەرچەند ئازاری زۆر دیت و نەهامەتی زۆری چەشت، بەڵام یەکێک لە خەونەکانیشی هاتە دی، کاتێک کە لە ساڵی ۱۹۸۰ شیعری «ئاواتێک»ی نووسی ئەوکاتە سنووری نێوان باشوور و ڕۆژهەڵات داخرابوو و ئاواتی ئەوە بوو کە لە گەراجی سنەوە هاوار بکرێ سلێمانی، سلێمانی. ڕەنگە جەلال یەکەم شاعیری کورد بێت کە ئەو خەونەی هاتە دی.

جەلال لە شیعری « ئاواتێک» دەڵێت.

**ئاخۆ دەبێ**
**ئەو ڕۆژە بێ**
**کاوەی کوڕم**
**جانتای سەفەر کاتە شانی؟**
**دەڵاڵانی بەر گاراژی شاری سنە**
**هاوار بکەن**
**سلێمانی، سلێمانی !** ل ٤٥

بۆ نووسینی ئەم بابەتە سوودم لە دیوانی جەلال مەلەکشا (کۆی بەرهەمە شیعرییەکانی) وەرگرتووە.

# مامۆستا
# جەلال مەلەكشا و باوەڕەكانی

هیوا ئەحمەدی

ڕەنگە پێویست بەوە نەبێت من و کەسێکی‌تر، تازە بە تازە ژیان و سەربردەی مامۆستا جەلال مەلەکشا بە خەڵکی دیکە بناسێنین، چونکە ئەو نەمرە هەم ژیانەکەی ئەوەندە ڕوون و ئاشکرا بوو کە خەڵک لە باوەڕ و هەست و ڕوانگەکانی بە چاکی تێدەگەی، هەم خۆشی کەسێکی ئەوەندە مەزن و گەورە بوو کە هەر نەبێت لە ڕێگای شێعر و ئەدەبەوە بە چاکی خۆی و هەستەکانی دەرخستبوو، واتە ئەوەی هەیبوو بە ڕاشکاوی و زۆر بە ڕوونی لەسەر هەردووک دەستی ماندووی دانابوو، دەستێک کە بەردەوام خەمی هەموو لایەکی پێ لەکۆڵ نابوو و چاوی پڕ چاوەڕوانی لە ئاسۆی ڕوون بڕیبوو، تاکوو هەتەریان دەکرد و پێی بۆ ئازادی و سەربەستی دەڕوانی و بە شوێن بارەگای بەختەوەریی نەتەوەکەیدا دەگەڕا.

دڵی پاک و پڕ لە تاسەی لای کوردستان و خەڵکەکەی بوو، کوردستان بۆ مامۆستا جەلال وڵاتێکی دابەشکراوی بەبێ سنووری دەستکرد بوو کە بەردەوام خەمی لابردنی سنوورە دەستکردەکانی دەخوارد و پێی وابوو سەفەرکردن لە سنەوە بۆ سلێمانی سەدجاران پێویست‌تر و خۆشترە لە سەفەرکردن بەرەو تاران و تووران، خەونی بەو ڕۆژەوە دەبینی و ئەو هەستەی نەشاردەوە و کردی بە هەڵبەست و وتی:

**«ئاخۆ ئەبێ ئەو ڕۆژە بێ**
**کاوەی کوڕم،**
**جانتای سەفەر کاتە شانی**
**دەلالانی بەر کارێژی سنە**
**هاوار بکەن**
**سلێمانی، سلێمانی»**

هەر ئەو باوەڕە پتەو و کوردانە بوو کە مامۆستا مەلەکشای سەرەڕای هەموو سەرکەوتنەکانی، لە جیهانی شیعری فارسی دادبڕی و ڕووی کردە خزمەتکردن بە زمان و ویژەی ئەدەبی نەتەوەکەی خۆی و توانا و وزە ئەدەبییەکەی خستە خزمەت شیعر و ئەدەبی کوردییەوە.

مامۆستا مەلەکشا دەیزانی کە «تا ماڵ بیهەویت، مزگەوت حەرامە» و کورد و جیهانی ئەدەب و هونەری کوردی لە قووڵایی دڵییەوە پیشوازی لە ڕۆڵە بەهەست و بەئەمەگەکانی خۆی دەکات و چاوەڕوانە تاکوو لەسەر دەستی ڕۆڵە بە توانا و بلیمەتەکانی خۆی ویڕای خەڵکی دنیا بچیتە پیش و لە گەلانی دنیا پاش نەکەویت.

کاتیک «شاملوو» شاعیری فارس، هانی دەدا کە زیاتر بە ناخی شیعری فارسیدا بچیتە خوار و زۆرتر خزمەت بە ئەدەبیاتی بیگانە بکات، ئەوکاتە وەخۆ دیتەوە و دەزانیت کە کورد و ئەدەب و ویژەی کوردی زیاتر بۆ خزمەتکردن دەشێ و خزمەتکردن بە بیگانە، جگە لە هەواری خاڵی و ئاکامیکی پووچ و بەتاڵ هیچی لێ شین نابیت، بۆیە بە دریژایی میژوو ئەوانەی پشتیان لە نەتەوەکەیان کردووە و ڕوو لە بیگانە دەکەن، هەم لە خەڵکی خۆیان بیگانە بوون و هەم بیگانەش جگە لە بیگاری و سۆخرەکیشی هیچی تریان پێ نەبەخشیون، تەنانەت ناویان لە کوولەکەی تەڕی دیرۆکی بیگانەشدا نەهاتووە.

مامۆستا مەلەکشا ئەوکات دەزانیت کە کورد بە دریژایی ئەم میژووە کۆنە، لهلایەک لەلایەن بیگانەوە دژایەتی کراوە و لهلایەکی دیکەوە لەلایەن خەڵکی خۆیشیەوە (جگە لە هیندیک زانا و بلیمەت) بە باشی خودان نەکراوە و کەمتر ئاوڕی جیددی و پیویستی

لێ دراوەتەوە و تەنانەت زۆر کەسی دەستڕۆیشتوو و خاوەن دەسەڵات پشتیان تێ کردووە و جاری واشە پشتیان لە زەوی داوە، بۆیە هەم بە خۆیدا و هەم بە وردی بە مێژووی نەتەوەکەیدا دێتەوە و دەزانێت کە مێژوو چ غەدرێکی لە چارەنووسی گەلە بەشخۆراوەکەی کردووە و لە هەموو لایەکەوە خەریکی هەڵقرچانی جەستەی کوردستان و چەواشەکردنی دیرۆکی نەتەوەی کورد بوون، بەڵام قەت نەیانتوانیوە لە دڵی کەسی بسڕنەوە، هەستکردن بەو ڕاستییە ئەوەندە بە ناخی مامۆستادا ڕۆ دەچێت و چەکەرە دەکات تا لە شیعرێکدا ئەو هەستە دێنێتە زمان و دەڵێت:

**«مێژوو دەڵێ**
**سەدان کەڕەت**
**گۆڕەپانی منیان کردە جەهەندەم،**
**وڵاتێکیان تیا هەڵقرچان**
**بەڵام هەرگیز نەیانتوانی**
**دوو دیاردە لەسەر سینگم بسڕنەوە**
**یەکیان کورد و**
**ئەویتریان**
**وشەی پیرۆزی کوردستان».**

ئەو جارەیان هەر بەوە ناوەستێت و زیاتر و زۆرتر خۆی دەناسێت و لە ورە و وزە و تواناکانی خۆی دڵنیایە، بەڵام هێشتا بە باشی نازانێت بۆچی کورد بێ مافە و بۆچی وەکوو گەلانیتر مافی نییە و تەنانەت لە سەرەتاییترین مافەکانی ژیان بێبەشە،

دەیهەوێت باشتر بزانێت بۆچی دەبێت ئەگەر داوای ئەو مافە ڕەوایە بکات، دەیکوژن و ماڵ و سامانی بەتاڵان دەبەن، بۆیە لە زار منداڵێکی هەتیوی بابکوژراو ڕوو دەکاتە دایکی و دەڵێت:

**«کە خۆم ناسی**
**وتم دایە من کێم و چیم؟**
**خەڵکی کام شار؟**
**کام مەڵبەندی سەر ڕووی زەویم؟**
**وتی ڕۆڵە تو کوردی و دیل و هەژاری**
**نیشتمانت کوردستانە**
**بەڵام ناوی نیشتمانت لەسەر نەخشەی**
**جیهان نییە بێ نیشانە**
***
**وتم دایە باوکم کوانێ؟**
**بۆچی هەرگیز دەستی حەزی نەگوشیوم؟**
**بە کام تاوان من هەتیوم؟**
**وتی ڕۆڵە! ڕۆژێ داگیرکەران**
**شاریان سووتان، تفەنگی مافی کردە شان**
**ڕووی کردە ئاسۆی سەربەستی**
**لێزمەی خوێنی گەشی لەشی بەسەر**
لێوی تینوی خاکا پژان»

ئەوجار مامۆستا بە باشی دەزانێت ئەگەر کورد داوای مافی ڕەوای خۆی بکات و بیهەوێت وەکوو گەلانی دنیا بە سەربەستی و دوور لە کۆیلەتی و پەستی بژی، دەیکوژن و گیان و ژیانی لێ دەستێنن، ئێستا لەم دۆخە سەپاوەدا نازانێت چی بکات بۆ ئەوەی

ئیتر نەتەوەکەی بێ ماف نەبێت و منداڵانی کورد لەوە زیاتر هەتیو نەکەون، بۆیە هەم دیسان ڕوو دەکاتە دایکی و دەڵێت:

**«وتم دایە ئەی من چی بکەم؟**
**هەستا سەر پێ،**
**تفەنگێکی بڕنۆی کورتی**
**بزمارڕێژی دایە دەستم**
**وتی ڕۆڵە!**
**ئەی هۆی ئاوات و مەبەستم**
**دەیان ساڵە لە چوار لاوە کوردستان**
**دیل و یەخسیرە**
**دەست و پێی زنجیر کراوە**
**ڕێبازی خوێن بگرە و بڕۆ**
**دوعای گەلی چەوساوەی کورد لە پشتی تۆ**
**سنوورەکان بۆ بشێوێنە**
**کوردستانم بۆ بێنەوە**
**با بە دەوریا بسووڕمیەوە**
**کوردستانم بۆ بێنەوە**
**تا دانیشم لەتە لەتە**
**وەڵاتەکەم بدوورمەوە».**

کاتێک مامۆستا ئەم ڕاستییەی بۆ دەردەکەوێت کە بەداخەوە دوژمنانی کورد تەنیا زمانی زەبروزەنگ دەزانن و کوشتن و بڕین و قەڵاچۆکردن، بەندیخانە و کۆتوبەند، هێرش و پەلامار وەکوو باشترین دیاری بۆ کورد هەڵدەبژێرن، دەزانێت کە شۆڕشی کورد خوێناوی بووە و دوژمن لە زمانی ئاشتی و پێکەوەژیان تێ ناگات، بۆیە دایکی بڕنۆی دەخاتە سەرشانی و ئەویش هەست و

هەڵبەستەکانی دەکاتە مۆسیقای شۆڕشی بەرگری و بەشێک لە جیهانی شێعرەکانی لێ داگیر دەکات، بە شێعر و هەڵبەست دنەی ڕۆڵەکانی نیشتمان دەدات تاکوو چەک بکەنە شان و بەرگری لە خاکی پیرۆزی کوردستان و خوێنی بە ناحەق ڕژاوی ئەو خەڵکە بەشەرەف و بەکەرامەتە بە ئەرکی سەرشانی خۆیان بزانن.

پاش فرمێسک و خوێنێکی زۆر کە لە جەستەی نیشتمان و ڕۆڵەکانی دەڕژێت و خەبات و تێکۆشانی ئەو خەڵکە دژ بە داگیرکەرانی کوردستان لە هەناوی مێژوودا چەق دەبەستێت، سەری لەوە سوور دەمێنێت کە بۆچی دەبێت پاش ئەو ڕێگە دووردرێژ و خوێناوییە کە کورد دژ بە داگیرکەر بڕیویەتی و بەچۆکدا نەهاتووە، خەڵکێک هەبێت لە ڕەگەزی خۆی ببێتە پواز و نۆکەری بێگانە بکات و بە دەستی خۆی تیشە لە ڕیشەی ئەو مێژووە و ئەو خەباتە خوێناوییە بدات!

بۆیە لە چوارچێوەیەکی مەوزووندا چیرۆکی پیرەداری هۆنیوەتەوە و بەتەواوەتی گلەیی و سکاڵا لەو کەسانە دەکات کە دەبنە داردەست و چاوساخی دوژمن و دژ بە نەتەوەکەیان لە هیچ چەشنە تاوان و خیانەتێک خۆیان ناپارێزن، بۆیە کوردستان بە پیرەدارێک دەشوبهێنێت و خائین و خیانەتکاریش بە پواز و هۆرە، دەڵێت:

**«هەبوو نەبوو سالانی زوو**
**لەسەر یاڵی بەرزی مێژوو**
**پیرەدارێک بە ساڵاچوو ڕاوەستابوو،**
**سەری نابووە کۆشی خەیاڵ**
**بیری لە ژین ئەکردەوە»**
لە درێژەدا دەڵێت:
**«دارەپیرە بەر لە مێژوو بیری لە ژیان دەکردەوە،**
**دارەپیرە ڕیشەی ژینی تاکوو نێو دڵی گابۆر و ماسی کوتابوو»،**

واتە کورد لە مێژوودا بە کۆنتر و ڕیشەدارتر دەزانێت و ئاماژە بەو ئەفسانەیە دەکات کە گۆیا زەوی لەسەر پشتی گا و گاش، لەسەر پشتی ماسییە و کوردیش بەرلە بەرەبەیانی مێژوو، لە هەناوی هەموو ئەفسانەکاندا ڕیشەی هەبووە و وەکوو یەکێک لە کۆنترین نەتەوەکانی سەر گۆی زەوی هەر لە شوێنی خۆی ماوەتەوە، بۆیە لە شێعرەکەدا دەڵێت:

**«لەسەر لووتکەی قەڵاکەی خۆی ڕاوەستاوە».**

کاتێک دەزانن نەتەوەیەک کە لهناو دڵی مێژوودا هەڵقوڵیوە و ڕیشەی هەیە، ئەوجار بیر لە بڕینی ریشەکانی دەکەنەوە، تەور و داس و کوتک دێنن، بەڵام چییان پێ ناکرێت، دەزانن «دار دەبێ هۆرەی لە خۆ بێت، ئەگینا ناقەڵشێ» بۆیە لە ڕەگەزی خۆی هۆرە و پوازێک ساز دەکەن و بە گژ یەکیاندا دەدەن، بەڵام دارەپیرە ئەگەر لک و پۆپیشی دامرکێت، جارێکی تر لەسەر پنچک و ڕیشەی دەژێیتەوە و بەرەو ژیانێکی نوی تێهەڵدەبیتەوە.

لە بەشێکی تری شێعرەکەیدا دەفەرمێت:

**«فەرمان درا دارە پیرە بقەڵشێنن**
**لەبەر ئەوەی سیبەری وی،**
**مۆڵگەی گەڵاڵە و پیلانە**
**لەبەر ئەوەی هێندێک باڵندەی نافەرمان**
**کردوویانە بە هێلانە**
**پەل و پەسێو دارەپیرە**
**مەتەرێزی یاخییەکانە!**
**بیقڵەشێنن، هەڵیپاچن**
**چیلکەی کەن و....**
**بە سێدارەی یاخی بوونا هەڵیواسن**
**داس وکوتک و تەور هاتن...**

خێڵی دوژمن بە هەڕەشە و گەلەکۆمە هێرش دەکەن، بەڵام هیچیان لەگەڵ ئەو دارە پێ ناکرێت، بۆیە بیر لە پوازێک لە ڕەگەزی خۆی دەکەنەوە، پوازێک لە خۆی دادەتاشن، دارەپیرە چەندی بە پوازی سەرەڕۆ و خائین دەڵێت: «دەستی سەوزی باوانی خۆت، بە ئاموور و نیری بێگانە مەکێڵە»، بەڵام هۆرەی ویژدان تۆپیو، گوێی لێ ناگرێ و بهبێ ئەوەی لە حوکمی مێژوو بترسێت و تف لە سیمای عەرنەمووت بکات، هۆرەی تیژی دەنێتە سەر سینگی، کەچی بەوانەشەوە دارەپیرە سەرلهنوێ لک و پۆ دەردەکات و جارێکی تر دەژێیتەوە

مامۆستا جەلال پاش ئەو هەموو سووتان و چەرمەسەری و داخهەڵڕشتن و ساردی و گەرمییەی ڕۆژگار لەپێناو ئازادی و سەربەستیی نەتەوەکەیدا، داخی گرانم وەکوو هەموو شاعیران و گەورەپیاوانی کورد، تاکوو لە ژیاندا مابوو، بەپێی پێویست ئاوڕی لێ نادرێتەوە و ئەوەش دەبێتە دەردێکی دیکە بۆ سەرباری دەرد و ئازارەکانی، بۆیە وا پێدەچێت لە شیعرێکدا ئەو کەمتەرخەمی و بێنازکەوتنەی خۆی درکاندبێت و گلەیی خۆی بە گوێی ڕۆژگاری سپڵە گەیاندبێت، بۆیە دەڵێت:

**«شێعرەکانم بوون بە گوڵ و**
**کەنیشکەکانی ئەم شارە**
**چەپک چەپک، کردیان بە هەدیەی دڵداری**
**بەڵام هەرگیز، کچێ نەهات**
**بڵێ جەلال**
**ئەدی خۆت بۆ هێندە خەمباری»**

لێرەدا جەلال مەلەکشا، کوردستان و خەڵکەکەی بە کیژێکی جوان و بووکێکی ڕازاوە و ڕووسوور دەشوبهێنێت کە پاش دەرد و مەینەت و چەرمەسەرییەکی زۆر خەریکە پێ دەگات و دەکەوێتە جیهانی حەز و خولیاکانی خۆیەوە، بەڵام بەداخەوە ئەو ئەوەندە خەمی ئەو پێگەیشتنەی خواردووە کە خەریکە لە گەوەی ژیان ئاوا بێ و پشتی کۆمی لهژێر باری ئەو هەموو خەم و چەمەی مێژوو تازە ڕاست نابێتەوە، بۆیە هیوا دەخوازێت کە کیژۆڵەیەک بێت و تەنیا لە ئازارەکانی بپرسێت، ئاخۆ بۆچی ئاوا بە دەم ڕۆژگارەوە تلاوتلییە و کەلەلا کراوە، تازە چاوەڕوانی ئەوە نییە کە کەس هەتوان بنێتە سەر زامی بەسۆی، بەڵام ئاوڕدانەوەیەک لە کیژۆڵەی بەردەم بەختەوەری، ڕەنگە ئەوپەڕی چاوەڕوانیی ڕێبوارێکی ماندوو و شەکەتی ڕێگای ئەو بەختەوەرییە بێت و بەس.

بەڵێ، بەداخەوە ئێمە «زیندووکوژی مردوو پەرست»ین و قەدر و قیمەتی ئەو کەسانە بەپێی پێویست ناگرین کە بۆ خاک و خەڵکی خۆیان دەژین و بۆی دەمرن، بەڵام هەرچی بێت ئەگەر لە ژیاندا تەنیا لە دڵی خەڵکێکدا بووە، دڵنیام پاش مەرگی چووەتە ناو دڵی هەموو خەڵک و لە لاپەڕەکانی مێژوودا ناوی بە بەرزی و گەورەیی تۆمار دەکرێت، بۆیە وەکوو مامۆستا قانعی شاعێر دەفەرمێت: «نامرن ئەوانەی وا لە دڵی میللەتا دەژین»

هەر بەرز و بەڕێز بێت یاد و ناوی مامۆستا جەلال مەلەکشا

لەگەڵ ڕێزم

پاییزی ٢٧٢٠ی کوردی

٢٠٢٠ی زایینی / نۆروێژ

# مەلەکشا، باڵوێزی شێعری نەتەوەیی و هەڵویستی سیاسیی نەمر

ئەڤیندار کوردستان

شەوێک فریشتەی ئیلهامی شێعر و خۆشەویستیی نیشتمان و خاک و دار و بەردی کوردستان بە گوێی ژنێکی کوردیدا چپاند، مژدەم دەیە، منداڵێکت دەبێ وەکوو چەم خوڕەی دێت، وەکوو ڕووبار هاژەی دێت، وەک تریفەی مانگ لە ئاوی ڕووندا هەردەم بریسکەی دێت.جەستەی شەلاڵ و تژی لە خوێن و ئازار و برینی کوردستان کە هەر زامێکی دەریایەکی خوێناوی دروست کردووە و هەزاران لق و پۆپی لێ بووەتەوە و دەبێتە ئەو پەنجەیەی کە لەسەر پەلەپیتکەی تفەنگی ئازادیخوازیدا، بەرەو سینگی میلیۆنان جەردە و دز و داگیرکەری ئەم نیشتمانە هەناسەساردە تەقە دەکەن. دەبێتە ئەنگوستیلەیەک لە پەنجەی پێشمەرگە هەتا بریقەکەی چاوی دوژمنان کوێر دەکات و هەر بەو قامکانەش هەڕەشەیان لێ دەکات.

دەبێتە ئاڵای کوردستان و وەکوو کەژاوە سێبەر بەسەر بووکی کچی کوردستانەوە دەخات کە یادگاریی پێشەوایە و هەوێنی شۆڕش و داگیرسانی مۆمەکەی کۆمارە ساوا و جوانمەرگەکەی کوردستانە، شاعێری تینووی ئازادی ئەگەرچی قەت بە چەک تەقەی لە داگیرکەران نەکرد، بەڵام پێنووسەکەی لە هەموو چەکێک بۆ داگیرکەر جەرگبڕتر بوو و گوللەی وشەکانی قەت بە هەڵە نەدەڕۆیشت و بەردەوام نێوچاوانی دوژمنی دەپێکان، بۆیە لە شێعرێکدا بەم چەشنە دەچێتە ناخی بووک و زاوایەکی شۆڕشگێڕەوە و هەستی خۆی دەر دەبڕێت.

**«یادگار**

**لە داوەتی کچ و کوڕێکی پێشمەرگە**

**ئەنگوستیلەیەکیان هێنا بۆ قامکی زاوا**

**وتیان هانێ !**
**لە ئەنگوستی چکۆلەتی کە**
**زاوا وتی: نا، لە قامکی چکۆلەی ناکەم**
**دۆشاومژە بۆ کلکەوانە شیاوە،**
**چونکە ئەم قامکە پیرۆزە**
**لەسەر زیتەی تفەنگەکەم**
**بە هەزاران داگیرکەری خاکی نیشتمانی ڕاو ناوە !**
**بووکیش وتی:**
**منیش تارای سەرم دەبێ**
**تانوپۆکەی چنراو لە کاڵای ڤیان بێ،**
**دیواخەکەم**
**یادگاری قازی محەممەد**
**ئاڵای بەرزی کوردستان بێ!»**

ئەو کەڵەپیاوە مێرخاس و بەئەمەگە مامۆستا جەلال بوو، بەڵێ جەلال مەلەکشا ئەو کەسە بوو کە ئەو ڕۆژەی خاکفرۆشان و خەیانەتکاران لە تەڕ دەیانخوارد و لە وشک دەخەوتن، شین و ماتەمینی بۆ وڵاتی داگیرکراو دەگێڕا و وەکوو کۆترێکی باڵشکاوی بەجێماو لە سەفەری هەڤاڵانی ناڵەی گوێی ئاسمانی کەڕ دەکرد و لەبەر گەراژی شاری سنەدا دەگریا و هاواری دەکرد :

**«ئاخۆ دەبێ**
**ئەو ڕۆژە بێ**
**کاوەی کوڕم**
**جانتای سەفەر کاتە شانی؟**

**دەڵاڵانی بەر گاراژی شاری سنە**
**هاوار بکەن:**
**سلێمانی، سلێمانی»**

لەناو دەقەکانی شێعری مەلەکشادا نیشتمان، ئەو کچە جوان و نەشمیلانەیە کە شایانی شێعر و غەزەلی پێداهەڵگوتنە، ئەم شاعێرە ئەویندارەی وڵات، هۆنراوەی بۆ ئەم کچە جوانە دەڵێت کە لە کامێرای چاوەکانی ئـەودا شاجوانێکە پڕ لە ئەوین و خۆشەویستی، شاجوانێک کە هەزاران ئەویندارى لە ڕێگادا فیدا بووە و هەنووکەش ڕیزی ڕێبواران و ئەویندارانی قەرەباڵغتر لە هەمیشە شین دەکاتەوە کە شاعێرانی ئەوینی نیشتمان و لەوانە «جەلال»ی خێرنەدیوی ئەم ڕێگایە هەتا دواهەناسەی قەڵەمی بۆ کێشانی ئەم نیگارە پڕ لە ئازارە لەدەست نەکەوت و بۆ جارێکیش هەوا و هەوەسی سامان و جوانە درۆیینەکان نەیانتوانی هەستی فریو بدەن و پێنووسەکەی بە دیل بگرن.

مەلەکشای ئەویندارى دڵپڕ لە ئازار گەلێ جار بۆ بێحاڵی و بێخاکی و یەکنەگرتوویی نیشتمانەکەی گریا و لە هەمانکاتیشدا شانازی بە دەست و تفەنگی پێشمەرگە و ڕۆڵەکانی وڵاتەکەیەوە دەکرد و کاتێک دەنگی گوللـەی چەکی پێشمەرگەیەک شریخەی دەهات، ئەو پێی وابوو ئەوە خوڕەی ئاوی زوڵاڵی کانیاوەکانی کوردستانە کە پڕە لە پیت و وشەی نەگوتراو و سوور و ڕەنگینە وەکوو خوێنی شەڵاڵی شەهیدان و خۆی دەکاتە ئەو دەنگە و گۆرانیی عشق و ئازادی بۆ نەوەکانی دەڵێتەوە:

**«مەودا دوورە**
**مەودا دوورە**
**وەک مۆم لە ناو شەوەزەنگا ئەتوێمەوە**

**من لە شاخ و تۆ لە شاری**
**هەر شەو کاتێ شریخەی تفەنگ**
**شەوی شڵەقاند**
**کوردستانی پڕ کرد لە دەنگ**
**ئەوە منم**
**لە کوێستانا**
**لە ناو باخچەی کوردستانا**
**گۆرانی عەشق و ئازادی دەخوێنمەوە**
**بۆ تۆی ئازیز...**
**بۆ نیشتمان...»**

ئەشق و مێهری نیشتمان لای جەلال مەلەکشا هێندە بەرز و مەزنە، هەتا ئەوەی خۆی لێ دەبێتە ئەو خەڵات و دیارییەی کە وەکوو میرات بەجێ ماوە بۆ نەوەکان هەتا ڕۆڵەکانی ئەم خاک و نەتەوەیە لە داهاتوودا شانازی بە ڕابردووی باب و باپیرانیانەوە بکەن و وەکوو میداڵیایەکی پیرۆز بە بەرۆکی بووک و جلە کوردییەکانیانەوە هەڵیواسن .

ئەوە وەک چۆن لە میراتدا شیوەن و واوەیلایەتی کە بووەتە بیرەوەریی عەشیرەتێک و ئەو عەشیرەتە لەسەر سینگی ژیاندا گوڵیان لەگەڵ خوێن پێکەوە دووریوە، میراتێک کە شاعێر سەرەڕای ئەوەی ناتوانێت نکۆڵیی لێ بکات بەڵام وەکوو مێژوویەکی ڕەش لە خاچی دەدا و بەم شێوەیە شەرم لە ڕابردووە پڕ لە خوێناوییەکەی نەتەوەکەی دەکات، ئەم کارەساتە کە خۆی تێدا هیچ ڕۆڵێکی نەگێڕاوە وەها ناخی جەلال دەهەژێنێت کە تابلۆیەکی وەها جوان و لە هەمانکاتدا خەماوی دەکێشێتەوە:

**«میرات**
**من یادگاری ئەو عەشیرەتەم**
**لەسەر سنگی ژین**
**گوڵیان بە هەودای خوێن تەقەڵ داوە!**
**ئیستا من بەڵام**
**لە دەستمدا قەڵەم**
**شیوەن ئەکات و**
**بڕنەوە کورتە بزمارڕێژەکەی**
**باوکم لەمێژە**
**سەرەونخوونە و**
**بە دیوارێکا لە خاچ دراوە»**

جەلال مەلەکشا وەکوو زۆرینەی شاعێرەکانیتر ئەسپی شێعری خۆی لە گەلێک بواردا تاو داوە و قسەی لەسەر کردوون، پاییز و ڕۆمانەکانی وەکوو تەنیایی و غوربەت و هەستکردن بە نامۆیی و نۆستالۆژی باڵی بەسەر ڕۆحیدا کێشاوە .

بەڵام دواجار هەموو بابەتە هەستیار و ئاڵۆزەکان و فیکر و ڕا جیاوازەکان دەکاتە گلۆڵە بەنێک و ناوی دەنێت خەمی بێدەوڵەتی و پارچەپارچەبوونی نیشتمان...

وەکوو لە شێعری تەنیاییدا چلۆن بە شەقامی ڕۆحی خۆیدا دەگەڕێت و دەخولێتەوە، جارێک شەپۆلێکی یاخی و سەرگەردانە و جارکیش لە چوارڕێیانێکدا وەستاوە و هیچ کەس گوێی لێ ناگرێت و هیچ کەس نایخوێنێتەوە.

ئەو بەتەنیا برینەکانی دەهۆنێتەوە کە زام و برینی هەموانە، عاشقێکە تەنیا دانیشتووە و خەم و قەهرەکان دەنووسێتەوە کە

هی هەموان و وەکوو دانە دانەی تەسبێح دەیانخاتە سەر یەک و دەیانکاتە گەردنی زەرد هەڵگەڕاوی نیشتمانەوە.

**«تەنهایی و غوربەت**
**لە چوارڕێیانی گەردوونا ڕاوەستاوم**
**وەکوو باوە ئادەم تەنیا**
**لە خاکێکی ڕەش خولقاوم**
**بەهەشتی خوام لەبەر حەوا فڕێ داوە**
**بەڵام حەوا**
**لە دوا ژوانگەی بەر جەننەتی چاوەکانیا**
**سێوی کاڵی دڵی بردم**
**ڕۆیی و ئیتر نەهاتەوە!**
**ئیستا، تەنها، تەنها، تەنها**
**لە شەقامە چۆڵەکانی ڕۆحی خۆمدا**
**سەرگەردانم**
**وەک شەپۆلێکی یاخیم و**
**لە دەریای خۆم هەڵبڕاوم**
**هیچ بەندەرێک باوەشم بۆ ناکاتەوە**
**ئیستا لێرە شاعێرێکم**
**زامەکانم دەهۆنمەوە**
**گۆرانیبێژێکی تەنهام و**
**لە شەوێکی بێ بواردا**
**دەنک دەنک**
**خەونەکانم دەنووسمەوە».**

# جەلال مەلەکشا
# یۆ

**جەلال هانیسی**

مەڕۆ کاکە هێشتا زووە
ئەم کاروانە چاوەڕوانە
تۆ ئالآی ڕزگاری هەڵبکەی و
ببیە پێشەنگ
***
مەڕۆ کاکە با شار
تەم نەنیشێتە ڕۆخساری پیری
کەنیشکی ئەم شارە
کاتی وەی وەی و ڕۆ ڕۆیان نییە
***
مەڕۆ کاکە هێشتا چەکەکەت
نەکرۆتە شانی ڕۆڵەی بەجەرگی ئەمشارە
هەتا تەقەی ئازادی
دڵی شەوەزەنگ بدڕێ
***
مەڕۆ کاکە خەمی ئەم نیشتمانە پیرە
کێ وەکوو خۆت دەتوانێ
لە کۆڵی بنێ و هەی خەم هەی خەم بکا

مەڕۆ کاکە جارجار ئاویەر بە دەنگت
ئەبوو بە زڵە و پۆل پۆل کەنیشکانی شار
لە گوڵی ڕەنگینی باخت، شیعری تۆیان
ئەدا لە پەلکەیان
***

مەڕۆ کاکە گیان مە

ئەم هەوارە چۆڵ مەکە

ترووسکەی کوانووکەی مەکووژێنەوە

با ڕێبواران بزانن کوانوویەکی گەرم هەیە

کە ڕێگەی ڕۆشناییانە

***

مەڕۆ کاکە مەڕۆ!

باوڕ ناکەم

هەی خەم هەی خەم بکەم.

# کاوە ڕابە!

ئاکۆ ئەلیاسی

کاوە ڕابە!
ئەستێرەیەک لە کاکۆڵی سووری شیعر
بە زامەوە ...داکشاوە
لەسەر سینگی
بەربەیانی!
دوودڵ مەبە و
«جانتاکەشت قەت دامەنێ»،
ڕۆژێ دادێ
خەونی جەلال
بە هاواری دەڵاڵانی بەرگاراژی شاری سنە
هەر بگاتە سلێمانی!
***
گەورەم جەلال
گەرچی مەرگت
داچۆڕینی ئەستێرەیە
بەسەر جەستەی لە تاریکی
نغرۆ بوویی
نیشتمانا.
گەرچی ڕێگات سەخت و کووڕە،
ئاسۆ پڕ لە تەمتومانا.
***
بەڵام گەورەم،
تۆ بە تەنیا
هەر «شاعیری دڵی خۆت نیت»!
تۆ ئێستاکە

**خۆشەویستیی ڕووباریت و**

**تازە ئیدی**

**ڕژاویتە سینگی زەریا!**

***

**دڵنیابە ... دڵنیا!**

**تۆ هاواری نێو دیوانی ڕێگای دادی**

**مەشخەڵەکەت**

**چرای ڕوونی تاریکییە**

**ئەم ڕێ پڕ لە مەشخەڵانەت**

**هەر دەدرەوشێ،**

**تا گەیشتن بە ئازادی!**

ژنێڤ - ٢٠٢٠/١٠/٣١ی زایینی

# داستانی دارە پیرە

**جەلال مەلەکشا**

هەبوو، نەبوو
سالانی زوو
لەسەر یالی بەرزی مێژوو،
پیرەداریێ بەسالاچوو
ڕاوەستا بوو
سەری نابووە کۆشی خەیاڵ،
بیری لە ژین ئەکردەوە.
دەنگ و جریوەی باڵندەکان
لە ئامێز و لەنێو شاخ پەل و پۆیا
تاڵیی ژینی لە یادی ئەو ئەبردەوە
قژ و کەزی شانە ئەکرد، دەستی شەماڵ
بە قەتار و سیاچەمانە،
بە حەیران و لۆرە و هۆرە و
بە گاڵە گاڵ !
دارە پیرە بەرلە مێژوو
لەناو ئەم خاکە ڕوابوو
دارە پیرە ریشەی ژینی
تا نێو دڵی گابۆر و ماسی کوتابوو
دارە پیرە سەد قۆناغی دیبوو بە چاو
بار و بنەی سەد کاروانی ڕاپێچابوو
دارە پیرە، زریان و شەختە و ڕەشەبای
سەدان کەڕەت بەزاندبوو،
دارە پیرە، وەک ئێشکچی دەشتی سووتاو

**لەسەر لووتکەی قەڵاکەی خۆی راوەستابوو**
**دەشتی سووتاو،**
**گەوای شەڕ و تێکهەڵچوونی سەدان جاری**
**دار و زستانی ملهوڕ بوو،**
**ئەوەی پاشەکشێی ئەکرد**
**هەر زستانی گژ و دڕ بوو**
**رۆژێکی ڕەش، وەرزێکی تاڵ**
**دارە پیرە سەری نابووە کۆشی خەیاڵ**
**با لاپەڕەی گەڵاکانی**
**وەک کتێبی کۆنی مێژوو ئەدا لاوە**
**رووداوانی یەکە، یەکە**
**بە گوێی دەشتا ئەخوێندەوە،**
**ورەی دەشتی لەنێو خوێنی رووداوانا**
**ئەژوێندەوە**
**فەرمان درا...**
**فەرمان درا...**
**دارەپیرە بقڵەشێنن**
**کۆتەی ئەنجن، ئەنجن کەن و**
**بۆ زستانی سۆبەی کۆشکی فەرمانڕەوا**
**ڕەگ و ڕیشەی دەربهێنن،**
**فەرمان درا، لەبەر ئەوەی**
**دارە پیرە پەنای یاخی و جەردەکانە،**
**لەبەر ئەوەی سێبەی وی**

مۆڵگەی گەڵاڵە و پیلانە
لەبەر ئەوەی هێندێ باڵندەی نافەرمان
کردوویانە بە هیلانە
پەل و پەسێوی دارە پیرە
مەتەرێزی یاخییەکانە!
بیقڵەشێنن، هەڵیپاچن
چیلکەی کەن و...
بە سێدارەی یاخی بوونا هەڵیواسن
داس و کوتک و تەور هاتن،
لە سێبەی دارە پیرە
ئێستێکیان کرد
چاویان گێڕا،
دارە پیرە وەک بەردی ڕەق
خۆی بۆ زەبری داس و کوتک و تەور و چیتر ئامادە کرد،
خێڵی دوژمن
بە هەڕەشە و گەلەکۆمە
هرووژمیان بۆ دارە برد!
دارە پیرە گوێی نەلەقان،
تەنانەت چاوی نەنووقان
قووڵتر لە جاران دەماری
بەناو ناخی خاکا چەقان!
خێڵی دوژمن ماندوو بوون و لە سێبەری دارە پیرە
ڕاکشان و کەوتنە تەگبیر و ڕاوێژان

**گەورەکەیان وتی یاران !**
**وەک کورد ئەڵێ:**
**«دارێ پوازی لەخۆی نەبێ قەت ناقەڵشێ«**
**بیروڕاتان کۆ کەنەوە...**
**ناشێ نەبێ**
**پوازێ لەخۆی پەیدا کەین و دایتاشین و وەک سەگی هار**
**کسی دەین لە دار و**
**ئیتر ئێوە کارتان نەبێ!**
**کەوتنە گەڕان،**
**ئەملا گەڕان، ئەولا گەڕان**
**لە ئەنجاما، بەرچاویان کەوت**
**لقێ سووتاو،ڕەق و تەق و ڕەنگبزرکاو،**
**لار و گیڕ و لەبەر خۆرەتاو هەڵقرچا،و**
**لاوا ز و بێبەر و گەڵا،**
**خوێڕی، ناحەز و بەرەڵا**
**وتیان: خۆیە،**
دیارە دەبێ بە ئارەزوو، هەڵی قڵاشین
بەو جۆرە وا مەبەستمانە
**بۆ گیان ئەم دارە دایتاشین !**
**لقیان بڕی،**
**لقی لار و بێ ئەمەگیان**
**بە بەڵێنی درۆ کڕی، دایان تاشی**
**تیژیان کرد و...**

بوو بە پواز
وتیان پێ چۆن خەیانەت کا
هۆرە کەوتە بەردەمیان و ...
پیرە داریان گەمارۆ دا
دارە پیرە هەناسەیەکی هەڵکێشا
وتی: لقە مەڕۆ، مەبە بە دارەدەست
قەینا کا هێشتا هەر ماوەت ماوە
وەرگەڕێوە و لەگەڵما بە
لە بەرامبەر ئەم بەڵایە،
مەڕۆ لقە جێم مەهێڵە
دەشتی سەوزی باوانی خۆت
بە ئاموورى نیری بێگانە مەکێڵە،
بەڵام هۆرەی ویژدان تۆپیو، پۆزەی تیژی، نا سەر سینگی
دارە پیرە وتی: پواز
وەرگەڕێوە
بۆ خۆت ئەڵێم،
من نامرم
لە ئەوپەڕی مەرگیشەوە هەر دێمەوە
مێژوو حوکمت لەسەر ئەدا،
دوژمن خاکی خەیانەتت بەسەر ئەکا
تف لە سیمای عەرنەمووت کە
هەڵپرووسکە و چاوی دوژمن قاڵاپووت کە!
پواز وتی !
ئیتر من ئەو لقە لەڕ و لاوازە نیم
تەماشا کە بزانە چیم

**ڕێزم ئەگرن، قەدرم هەیە**
**جامەی زێڕین بۆ سەرتاپای باڵام ئەبڕن!**
**بەڵێن وایە بمکەن بە دەستەی خەنجەری بەر پشتێنی فەرمانڕەوا،**
**من چیم داوە لە یاخیبوون،**
**نازانم لە خەبات دژی سەرما و سۆڵە...**
**مافی ڕەوا ...**
**ئیتر پارە و پاروو لەلام هەروەک کایە**
**زکم تێرە و جامەی زێڕین لەبەر ئەکەم،**
**قەت نەمدیوی و ناشتناسم**
**ڕەگەز چییە، باوان کامە؟**
**زێد و وڵات لەلام بایە**
**من پیاوی فەرمانڕەوام خۆ وەحشی نیم وەک ئێوەگەل**
**لە ئەم یاڵ و دوند و چیایە.**
**تەماشا کە چەندە لووس و جوان و قەشەنگم**
**چەندە تیژم،**
**کێ ئەزانی من ئەو لقە هەڵقرچاوەم**
**هەلی وا قەت دەس ناکەوێ**
لەسەر فەرمان دەتکوژم و
داخم بەسەرتا ئەڕێژم !
پوازی نەیار،
**وەک سەگی هار**
**قەپی کردە ناخی دارا**
**خێرا هاتن، داریان دابەر**
**دارە پیرە، لەناو خوێنا**
**ئەم وشانەی هاتە زارا**

من نامرم،
لەناو خوێنا ئەژیمەوە
وەک چووزەرە و چرۆ لەسەر
کۆتەی خۆما دەڕوێمەوە
دارەکەیان بنبڕ کرد و
بۆ ئاگری کووری کۆشکی سوڵتانیان برد
ڕێ کەوتن و پواز وتی: ئەی من نابەن؟!
گەورەکەیان وتی: لاچۆ
لاچۆ لەبەرچاوم بۆگەن!
قەت نەمدیوە خائین بەخۆ
بیژگە هۆرەی سپڵەی وەک تۆ
تفی لێکرد
بە شەپان و بە تێهەڵدان
فڕێی دایە نێو زبڵدان!
ئەوان چوون و دوای شینگێڕیی دارە پیرە
مقۆ مقۆ کەوتە چیا
باڵندەکان هەواڵێکیان بۆ یەک ئەبرد،
پیرۆزبایی سەرکەوتنیان لە یەک ئەکرد
وتم: چییە چ قەوماوە
لە دوای مەرگی دارە پیرە چیمان ماوە
وتیان نابێ بیدرکێنین
نهێنییە و ڕەمز و ڕازە
کاتێ چوومە سەر مەزاری دارە پیرە،
دیتم ڕواوە لەسەر کۆتەی
گوپکە و چووزەی چەتری تازە!